**وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ لەسەر پەیوەندی بەینی ژن و مێرد و چۆنیەتی خەوتنیان وە کێشەی لاوەکانمان و هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەری ژن کوشتن و کچ بەزۆر بەشوودان و ژن بەژنەو چەند باسێکی گرنگی تر**

**لە لایەن : باوکی حارث**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد :

پێشەکی : ئەم کتێبەی بەر دەستت وەڵامی چەند پرسیارێکە کە سایتی جودی نیوز بۆ منی ڕەوانە کردبوو منیش لەبەر گرنگی بابەتەکە پێم خۆش بوو بە چاپی بگەیەنم وە لەو شوێنانەی پێویستی بە دەستکاری بێت کردوومەو داوا لە خوای بەرز ئەکەم بەرەکەت بخاتە ئەم نوسینەو ببێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانم، وە دیارە من هەوڵم داوە تا بکرێ لە نوسینەکەم حەق بپێکم بەڵام هەڵەو تەقسیری هەر ئەبێت! لە بەر ئەوە هەر کەسێك هەڵەیەکی بینی با بە بەڵگە دەوڵەمەندم بکات و سوپاسی ئەکەم بۆئەو ناو نیشانەی بنێرێ baukehars@hotmail.com ئێستا فەرموون لەگەڵ ناوەڕۆکی کتابەکە:

بۆ پێگەی جودی نیوزی بەڕێز لەلایەن (باوکی حارث) ببورن بۆ دوا کەوتنی وەڵامی پرسیارەکان فەرموون لە گەڵ وەڵامەکان یەك بەدوای یەك دیارە لە هەندێ پرسیار وەڵامەکان زۆر دورو درێژن ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەو پرسیارانە زۆر ئەکرێن پێم خۆش بوو هەموو لایەك سوودی لێ ببینن

**( جودی نیوز) : مامۆستا گیان سڵاو ببورە لە شیواز و زۆری پرسیارەکانمان ئێمە دەمانەوێت خەڵك ئیسلام وەك زانست و حەقیقەت بناسن بەو هیوایەی بتوانیت لە ماوەیەکی کەمدا وەڵامەمان بدەیتەوە.**

وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته منيش ئەڵێم ببورن لە هەر کەم و کوڕیەك لە وەڵامی من هەبێ بۆ پرسیارەکان لە بەر نەبوونی کات بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەوەندەی بۆم ئاسان ببێت پرسیارەکان ڕوون بکەمەوە بێگومان ئەگەر بکرێ پاش ئەوەی ئێوە بڵاوی کەنەوە ئیزن بدەن لە شوێنی تریش بڵاو بێتەوە بەڵکو چاپیش بکرێ بە هیوای سوود گەیاندنی زیاتر بە موسڵمانان وە خۆشحاڵم بەوەی هەوڵی ئەوە ئەدەن خەڵك ئیسلام وەك خۆی بە شێوەیەکی زانستیانە بناسێت خوای بەرز سەرکەوتوتان بکات ئەوەش بزانن کە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و بڵاو کردنەوەی ئیسلام وەك خۆی لە باشترینی کردەوەیە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ فصلت 33 واتە : (کێ هەیە لەو کەسە قسەی جوانتر بێت کە بانگەواز ئەکات بۆ لای خوا وە کردەوەی چاك ئەکات وە ئەشڵێ من لە موسڵمانانم ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا و من دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من تبعه لا ينقص ذلك من آثامهم شيئا) رواه مسلم واتە : ( ئەوەی بانگەواز بۆ هیدایەت =حەق= بکات ئەوە پاداشتی بۆ هەیە وەك پاداشتی ئەوانەی

دوای ئەکەون لە پاداشتی کەسیشیان کەم نابێتەوە وە کەسێك بانگەواز بکات بۆ سەرلێشێواوی =باتڵ= ئەوە تاوانی لەسەرە وەك تاوانی ئەوانەی دوای دەکەون لە تاوانی کەسیشیان کەم نابێتەوە ) .

وە بانگەوازی ئیسلامیش و دینی ئیسلام لەسەر زانست و حەقیقەتە نەك چاولێکردنەوەو دەمارگیری بۆ کەس تەنها دواکەوتنی حەقیقەت و بەڵگەی زانستە لە وەحی (قورئان و سونەت) کە لە لایەن خواوە بۆمان دابەزیوە وە لە ئیسلام نەهیمان لێکراوە دوای هەواو ئارەزووی نەزانان بکەوین و بێ بەڵگەو زانست قسە بکەین لە هیچ شتێك خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (18)﴾ الجاثية واته : (ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە تۆمان داناوە لەسەر شەریعەتێك لە دینی خوا جا دوای کەوە وە دوای ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا (36)﴾ الاسراء واته : ( وە قسەی مەکە لە شتێك کە زانیاریت لە سەری نیە بە تەئکید گوێ وە چاو وە دڵ هەموو ئەوانە لە سەری پرسیارتان لێ ئەکرێ ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّهِ كَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ (14)﴾ محمد واته : (ئایا ئەوەی لەسەر بەڵگە بێت لەلایەن پەروەردگاریەوە وەکو ئەو کەسەیە کە کردەوە خراپەکانی خۆی بۆ ڕازاوەتەوە=لەلایەن شەیتان= وە شوێنی ئارەزویان ئەکەون =نەك بەڵگە=).

زۆر ئایەت و فەرموودەمان هەیە لەو باسە بەڵام ئەوەندە ئەگونجێ بۆ ئێرەو مەجالەکەمان کورتە .

**پرسیارەکان :**

**( جودی نیون) : 1- بە پێی سوونەت مسوڵمان دەبێت چۆن جیماع لە گەڵ خێزانی خۆیدا بکات یان پێخەمبەر چۆن جیماعی کردووە؟**

وەڵام : ئەو پرسیارە دەبێتە دوو بەش یان زیاتر یەکەم : ئەو موسڵمانەی تازە ژنی هێنا یەکەم شەو چۆن ئەچێتە لای خێزانی؟ دووەم : موسڵمانی خاوەن خێزان پاشی ئەو شەوە چۆن دەخەوێ لە گەڵ خێزانی ؟

وەڵامەکەیان : شەوی یەکەمی خێزانی زۆر گرنگە دەبێت ڕەچاوی حاڵەتی دەرونی ئافرەت بکرێ، هەر وەك چۆن ئەبێت ڕەچاوی حاڵەتی دەرونی پیاوەکەش بکرێ، عورف و عادەتی سەقەت وایان لێنەکات بترسن و توشی کێشەی دەرونی یان کۆمەڵایەتی بن، وە زۆر گرنگە ئەو ڕۆژە بوك و زاوا ماندوو نەکرێن بە شێوەیەك کە چوونە لای یەك هیلاك بن و حاڵەتیان موستەقیر نەبێ ئەوە بێگومان دەبێتە هۆی کێشە بۆیان چونکە پێویستە پیاو لەو کاتە هێزو نەشاتی هەبێ تا بتوانێ ڕووی خۆش بێ لەگەڵ خێزانەکەی و زوو خەویان نەیەت! وە گرنگە پیاوەکە لە سەر خۆو هێمن بێت لە گەڵ خێزانی هەوڵ بدات قسەی خۆش بکات و خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بکات، تاوەکو ئافرەتەکە هەست بە ئاسودەیی بکات چونکە ئەمە یەکەم شەوە بەیەك ئەگەن و بۆ هەردوکیان ژیانێکی تازەیە، ئەبێت لە بیدایەتەوە هەستی یەکتر قەبوڵ بکەن و بە خۆشەویستی ژیانیان دەست پێ بکات، ئێستا دێمە سەر باسی چەند فەرموودەو ئەسەرێك بۆ ئەوەی ئەو باسە زیاتر ڕوون بێتەوە لە ( أسماء بنت يزيد بن السكن قالت : إني قينت

عائشة لرسول الله صلى الله عليه وسلم ثم جئته فدعوته لجلوتها فجاء فجلس إلى جنبها فأتي بعس لبن فشرب ثم ناولها النبي صلى الله عليه وسلم فخفضت رأسها واستحيت قالت أسماء : فانتهرتها وقلت لها : خذي من يد النبي صلى الله عليه وسلم قالت : فأخذت فشربت شيئا ثم قال لها النبي صلى الله عليه وسلم : أعطي تربك قالت أسماء : فقلت : يا رسول الله بل خذه فاشرب منه ثم ناولنيه من يدك فأخذه فشرب منه ثم ناولنيه قالت : فجلست ثم وضعته على ركبتي ثم طفقت أديره وأتبعه بشفتي لأصيب منه شرب النبي صلى الله عليه وسلم ثم قال لنسوة عندي : ناوليهن فقلن : لا نشتهيه فقال صلى الله عليه وسلم : لا تجمعن جوعا وكذبا ) رواه احمد وحسنه الالباني واته : ( له اسماء ی كچی يزيد ی كوڕی السكن فەرمووی : من عائیشەم ڕازاندەوە بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پاشان هاتمە لای بانگم كرد بۆ سەیر كردنی جا هاتە لای لە تەنیشتیەوە دانیشت ئەوجا جامێ شیریان بۆ هێنا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لێی خواردەوە ئەوجا دایە عائیشە ئەویش سەری نەوی كرد لە شەرمان اسماء فەرمووی : نەهیم لێكرد و پێم ووت : وەرگرە لە دەستی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم اسماء فەرمووی : ئەوجا وەری گرت شتێكی خواردەوە پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی فەرموو : بیدەرە دەستە خوشكەكەت اسماء فەرمووی : من ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەڵكو تۆ وەری گرە جا لێی بخۆرەوە پاشان بیدەرەوە من بە دەستی خۆت ئەوجا وەری گرت و لێی خواردەوەو پاشان دایەوە من اسماء ئەڵێ : ئەوجا دانیشتم و جامە شیرەكەم خستە سەر ئەژنۆم پاشان دەم سوڕاند بە لێومەوە تا شوێنی خواردنەوەی پێغەمبەرم صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەر كەوێ پاشان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بە چەند ئافرەتێك لە لای من بوون بیدەرە ئەوان ئەم ئافرەتانەش ووتیان : ئارەزووی ناكەین جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : برسیەتی و درۆ بە یەكەوە كۆ مەكەنەوە ) .

چەند سوودێك لەم فەرموودە یەكەم : سوننەتە بووك بڕازێندرێتەوە بۆ شەوی بوكێنی. دووم : باش وایە دەستە خوشكەكانی بووك لەو كاتە هانی بدەن و بیڕازێننەوەو ژیانی هاوسەری لا جوان بكەن. سێهەم : زاوا ئەتوانێ بچێتە تەنیشتی بووك دانیشێ و قسەی خۆشی لە گەڵ بكات و سەیری بكات و خواردنەوەشی پێشكەش بكات. چوارەم ئەگەر بووك شەرمی ئەكرد ئەبێ دەستە خوشكەكانی هانی بدەن. وە زۆر سوودی تر لە فەرموودەكە هەیە.

**وە شتێكی تر گرنگە لەو شەوە دوعا كردن و نوێژ كرنی بووك و زاوا بەیەكەوە پێش ئەوەی لەگەڵ یەك بخەون**

سوننەت وایە كە دەست بخاتە پێشی سەری خێزانی و بڵێ بسم الله و دوعای بەرەكەت بكات و ئەم دوعایە بخوێنێ : (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَمِنْ شَرِّ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ) واته : ( خوایە من داوات لێدەكەم لەو خەیرەی تیایەتی وە خەیری ئەوەی لە سەری دروستت كردووە لە تەبیعەتی وە پەنا ئەگرم بە تۆ لەو شەڕەی تیایەتی وە شەڕی ئەوەی لەسەری دروستت كردووە لە تەبیعەتی ) وەك هاتووە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم كە ابو داود وابن ماجة ڕیوایەتیان كردووە و الباني ئەڵێ (حسن) ە .

وە ئەو ئەسەرە لە چەند هاوەڵێكەوە هاتووە لەوانە ابن مسعود و ابو ذر و حذيفة رضي الله عنهم : (إذا دخل عليك أهلك فصل ركعتين ثم سل الله من خير ما دخل عليك وتعوذ به من شره ثم شأنك وشأن أهلك) واته : ( كە خێزانت

هاتە لات ئەوە دوو ڕەکعەت نوێژ بکە پاشان لە خوا داوا بکە لەو خەیرەی کا هاتۆتە لات و وەپەنا بگرە بەخوا لەو شەڕەی هەیەتی پاشان تۆو خێزانت =کاری خۆتان بکەن=) سەیری اداب الزفاف ي الباني بکەن بۆ زیاتر شارەزا بوون و بینینی ئەسەری دیش لەو باسە.

وە سوننەتە لەو کاتەی دەیەوێ لە گەڵ خێزانی بخەوێ بڵێت :(بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا)

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لو أن أحدكم إذا أراد أن يأتي أهله قال : بسم الله اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتنا فإنه إن يقدر بينهما ولد في ذلك لم يضره شيطان أبدا ) متفق عليه واتە : ( ئەگەر یەکێکتان ویستی بچێتە لای خێزانی بڵێ : بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا =بەناوی خوا خوایە شەیتانمان لێ دوور خەرەوە وە شەیتان دوور خەرەوە لەو منداڵەی پێمانی دەبەخشی= جا ئەگەر خوا تەقدیری کردبێ منداڵێکیان ببێ =بەو خەوتنەیان لە گەڵ یەك= ئەوە قەت شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێ ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ مُلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ البقرة 223 واتە : ( خێزانەکانتان کێڵگەی ئێوەن بۆ منداڵ بوون جا بڕۆنە لای کێڵگەی خۆتان چۆنی ویستتان =یانی بە دانیشتن بە پێوە لە پێشەوە لەدواوە گرنگ لە شوێنی منداڵ بێ= وە بۆ نەفسی خۆتان چاکە پێش بخەن وە تەقوای خوا بکەن =خۆ لە سزای خوا بپارێزن بە دوور کەوتنەوەتان لە تاوان= وە بزانن ئێوە بە تەئکید ئەگەنەوە بە دیداری خوا وە مژدەی بدە بە بڕواداران ).

عن جابر قال : كانت اليهود تقول : إذا أتى الرجل امرأته من دبرها في قبلها كان الولد أحول فنزلت : (نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ) متفق عليه واتە : ( لە جابر فەرمووی : جولەکە دەیان ووت : ئەگەر پیاوێ بچێتە لای ئافرەتێ لە دواوەی لە شوێنی منداڵ ئەوە منداڵیان ببێ خێل ئەبێ جا ئەو ئایەتە دابەزی = نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ =).

یانی خوای بەرز جولەکەکانی بەدرۆ خستەوە کەسێ چۆن بچێتە لای خێزانی ئەتوانێ گرنگ ئەوەیە لە شوێنی منداڵ بێت .

ئەوجا پیاو ئەبێت موراعاتی خێزانی بکات و ئەزێتی نەدات لەبەر شەهوەتی خۆی لەگەڵ ئەوەش ئەبێت ئافرەتیش ڕەچاوی مافی پیاوەکەی بکات و بزانێت پیاوەکەی مافی خەوتنی لە گەڵی هەیە وە دڵ خۆش کردنی مێردەکەی و پاراستنی خۆشەویستی بەینیان گەورە ترە لە کارو باری ناوماڵ و شتی لاوەکی دیارە چۆنیەتی خەوتنیان لە گەڵ یەك دیاری نەکراوە بە ماوەو زەمەن یانی بۆ نمونە ڕۆژی جارەك یان هەفتەی یان زیاترو کەمتر ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی خۆیان و توانایان لەسەری، گرنگ ئەوەیە کە کەسیان نەبنە ئەزیەت و مایەی دڵ ڕەنجان لەیەك دیارە ئەو باسانەش هەمووی لە ژێر ئەم ئایەتانە کۆ دەبێتەوە کە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ النساء 19 واتە : ( وە بەجوانی لە گەڵیان بژین

قسەتان خۆش بێ و کردەوەتان نەرم بێ لەگەڵیان و تەحەممولیان بکەن ئەگەریش شتێکتان بینی لێیان ڕقتان لێیان بوو ئەوە لەوانەیە ئێوە ڕقتان لە شتێك بێ بەڵام خوا خێرێکی زۆری تیا بکات بۆتان ) .

وە لەو فەرمووده زیاتر تەفسیری ئەم ئایەتەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا یفرك مؤمن مؤمنة إن کره منها خلقا رضي منها آخر) رواه مسلم واتە : ( با پیاوێکی بڕوادار ڕقی نەبێتەوە لە ئافرەتێکی بڕوادار ئەگەر ڕقی بێتەوە لە ڕەوشتێکی ئەوە لە ڕەوشتێکی تری ڕازیە ) یانی ئاشکرایە کەس بێ نەقس نیە لەبەر ئەوە چاو پۆشی بکە لە نەقسێك ئەیبینی لە خێزانت بەرامبەر ئەو هەموو چاکەی تری!

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ البقرة 228 واتە : ( وە بۆ ئافرەتان هەیە =لەمافیان بەسەر مێردیانەوە= وەك ئەوەی لەسەریانە =لەمافی مێردیان= بە چاکە وە پیاوان پلەیان هەیە بەسەریانەوە =بەوەی ڕۆزی پەیدا کردن و نەفەقەیان لەسەرەو ئافرەت ئەبێت بەقسەیان بکەن= خواش عزیز بە توانایە بە سەر هەموو کەس و دروستکراوێك حکیم کار بەجێیەو کار جوانە شەریعەت و حوکمەکانی لە شوێنی خۆیەتی و جوانترینە ).

کەوابوو پیاو لە گەڵ ئافرەت ئەبێ بە خۆشی بژین و ماف یەك بپارێزن نەك تەنها ژیانیان بریتی بێت لە بەتاڵ کردنەوەی شەهوەت وە لە کاتی بەتاڵ کردنی شەهوەتیش ئەبێ ڕێزو خۆشەویستی بپارێزن والله اعلم .

## ئەو شتانەی حەرامە لە کاتی خەوتنی پیاوو ئافرەت

دیارە ژن و مێرد چەند شتێك هەیە ئەبێ بیزانن و خۆیانی لێ بپارێزن بۆ ئەوەی توشی تاوان نەبن من بە کورتی ئەم شتانە باس ئەکەم یەکەم : نابێ پیاو لە کاتی سوڕی =عادەی= مانگانەی ئافرەت بچێتە لای خێزانی لە شوێنی خوێن وە ئەوە تاوانێکی گەورەیە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾ البقرة 222 واتە : ( وە پرسیارت لێدەکەن دەربارەی =خوێن بەربوونی مانگانەی ئافرەت= بلێ ئەوە ئەزیەتەو ئازارە بۆ ئافرەت و لەو کاتەی ئافرەت توشی ئەو خوێنە ئەبێت مەچونە لایان =لەشوێنی خوێنەکە= نزیکیان مەکەون هەتا پاك ئەبنەوە جا کە پاك بوونەوە =یانی لە خوێن نەما و ئەو شوێنەیان شۆرد= ئەوە بڕۆنە لایان بەو شێوەی خوا فەرمانی پێ کردوون بە تەئکید خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ زۆر تەوبەی دەکەن وە ئەو کەسانەی خۆش دەوێ خۆیان پاك دەکەنەوەو بە پاکی خۆیان ڕادەگرن ).

دیارە مەبەست لەو ئایەتە ئەوەیە کە تەنها خۆت بپارێزی لە شوێنی خوێنەکە ئەگینا دەست بازی و هەر شتێکی تر دروستە وەك هاتووە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لە تەفسیری ئەو ئایەتە ئەفەرموێ : ( اصنعوا کل شيء إلا النکاح ) رواه مسلم واتە : ( هەموو شتێ بکەن تەنها خەوتن لە شوێنی خوێن نەبێ ) دیارە ئەوە کە هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم جولەکەکان لە کاتی سوڕی مانگانەی خێزانیان نانیان لەگەڵ ناخۆن و لە گەڵیان نابن لە ماڵ ئەو کات ئەو ئایەتە دابەزی و پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕوونی کردەوە کە دەتوانن هەموو شتێ بکەن لە گەڵ خێزانیان تەنها لە شوێنی خوێن بۆیان نیە بچنە لایان .

وه هاتووه له دایکی بڕواداران عائیشه خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : (كَانَ إِحْدَانَا إِذَا كَانَتْ حَائِضًا أَمَرَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَتَأْتَزِرُ بِإِزَارٍ ثُمَّ يُبَاشِرُهَا) رواه البخاري ومسلم واته : ( ئاوا بوو ئەگەر یەکێك لـه ئێمـه لـه کـاتی سوڕی مانگانەی بوایە=کاتی خوێن بەربوون= ئەوه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێدەکرد بەوەی لە خوار ناوکیەوه خۆی داپۆشێ بە جلێك ئەوجا ئەهاته لای ) .

وه هاتووه له هەندێك له خێزانەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم که : (کـان إذا أراد مـن الحـائض شيئا ألقى على فرجها ثوبا) رواه ابو داود وصححه الالباني واته : ( ئەگەر پێغەمبەری خوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسلم بیویستایه بچێته لای خێزانی له کاتی سـوڕی مانگانـەی ئـەوه جلێکـی ئـەدا بەسـەر عـەورەتی =یـانی شـوێنی خوێنی دا ئەپۆشی ئەوجا ئەچوه لای= ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى حائضا أو امرأة في دبرهـا أو كاهنـا فـصدقه كفر بما أنزل على محمد صلى الله عليه وسلم ) صحيح الترغيب والترهيب 2433 واته : (ئەوەی بچێته لای ئافرەتێـك که له حەیز=سوری مانگانه=دایه یان بچێته لای ئافرەتێك له دواوەی یان بچێته لای فاڵچیەك و بـه ڕاسـتی بخاتـەوه ئەوه کوفری کردووه بەوەی دابەزیوەته سەر موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم).

دووەم : نابێـت لـەدواوەی بـچێته لای خێزانـی لـه دواوه مەبەسـت شـوێنی پیـسایی کردنـه لـه فـەرموودەی پێـشوو دەرکەوت بینیمان که چۆن باسکراوه وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا ينظر الله عـز وجل إلى رجل أتى رجلا أو امرأة في دبرها) صحيح الترغيب والترهيب 2424 واته : (خـوای عـز وجـل سـەیری پیـاوێ ناکا که ئەچێته لای پیاوێك یان ئافرەتێك له دواوەی).

وه له فەرموودەکی تر پێغەمبەری خوا صلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم دەربـارەی ئـەوەی ئەچـێته لای خێزانـی لـه کۆمەوه ئەفەرموێ : (هي اللوطية الصغرى) صحيح الترغيب والترهيب 2425 واته : (ئەوه لوطي بچووکه).

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (استحيوا فإن الله لا يستحيي من الحق ولا تأتوا النساء في أدبارهن) صحيح الترغيب والترهيب 2426 واته : (شەرم بکەن به تەئکید خوا شەرم له حەق ناکات وه مەچوونه لای ئافرەتان له دواوەیان).

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسـلم ئەفـەرموێ : (ملعـون مـن أتـى امـرأة في دبرهـا ) صـحيح الترغيـب والترهيب 2432 واته : (لەعنەت لێکراوه ئەو کەسەی بچێته لای ئافرەتێك له دواوەی).

بۆمان دەرکەوت که چوونه لای ئافرەت له دواوه یان له کاتی عادەی مانگانەی له شوێنی خـوێن تـاوانێکی گەورەیـه لەبەر ئەوه با خۆمانی لێ بپارێزین و دوای ڕەوشت نزمان نەکەوین! وه با شەرمیش نەکەین ئەو حوکمانه به خەڵکی دەورو بەرمان بناسێنین تا خۆیان لەو تاوانه بپارێزن خوای بەرزیش هەموو لایەك بپارێزێ وه ئـەوەش بـزانین واجبـه لەسەرمان منداڵەکانمان کاتێ ژن دێنن یان شوو ئەکەن فێری ئەو حوکمانه بکەین ئـەگینا ئێمـەش بەشـدار ئـەبین لـه تاوانەکەی.

وه دیاره چەند شتێکی تر هەن لێره پێویست ناکا باسی بکەین وەك ئـەوەی لـه ڕەمەزانـدا لـه کـاتی بـەڕۆژوو بـوون نابێت پیاو لە گەڵ خێزانی جیماع بکات ئەوە لە باسی تایبەت زیاتری ڕوون ئەکەمەوە ان شاء الله .

## ئەو شتانەی پێویستە پیاو وە ئافرەت ڕەچاوی بکەن بۆ کاتی خەوتنیان

ئەبێت ئافرەت خۆی جوان بکات بۆ پیاوەکەی وە جلی پـاك و جـوان بکاتـه بـەری و خـۆی برازێنێتـەوە بـەو زێـڕ و زیوەی هەیەتی وە بۆنی خۆی خۆش بکات وە هەروەها پیاو ئەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات بۆنی خـۆی خـۆش بکـات و خۆی جوان بکات وە زۆر گرنگە بۆ هەردوو لایان مووی بن باڵ و سەر عەورەتیان لابەرن و نینۆکیان بکـەن وە نـابێ یەکسەری کارەکە ئەنجام بدەن بەڵکو پێشتر دەست بازی بکەن و لێوی یەك بمژن و یاری بکەن مـن دێمـه خزمـەتی چەند بەڵگەیەك تا ئەو باسانە زیاتر ڕوون بێتەوە :

هاتووه لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم کە : ( آخَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ بَـيْنَ سَـلْمَانَ وَأَبِـي الدَّرْدَاءِ فَزَارَ سَلْمَانُ أَبَا الدَّرْدَاءِ فَرَأَى أُمَّ الدَّرْدَاءِ مُتَبَذِّلَةً فَقَالَ لَهَا مَا شَأْنُكِ قَالَتْ أَخُوكَ أَبُو الـدَّرْدَاءِ لَـيْسَ لَـهُ حَاجَـةٌ فِـي الدُّنْيَا فَجَاءَ أَبُو الدَّرْدَاءِ فَصَنَعَ لَهُ طَعَامًا فَقَالَ كُلْ فَإِنِّي صَائِمٌ قَالَ مَا أَنَا بِآكِلٍ حَتَّى تَأْكُلَ فَأَكَلَ فَلَمَّا كَانَ اللَّيْلُ ذَهَبَ أَبُو الدَّرْدَاءِ يَقُومُ فَقَالَ نَمْ فَنَامَ ثُمَّ ذَهَبَ يَقُومُ فَقَالَ نَمْ فَلَمَّا كَانَ آخِرُ اللَّيْلِ قَالَ سَلْمَانُ قُمْ الْآنَ قَالَ فَصَلَّيَا فَقَالَ لَهُ سَلْمَانُ إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَلِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا وَلِأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ فَأَتَى النَّبِـيَّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ فَـذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَدَقَ سَلْمَانُ ) رواه البخاري واتە : (پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسـلم سەلمان و ابو درداء ی کردنە برا سەلمان سەردانی ابو درداء ی کرد جا بینی ام درداء جلی ئیشی لەبەرە سەلمان بە ام درداء ی فەرموو : ئەمە چیتە=یانی بۆ جلی کارت لەبەرە=؟ ام درداء فەرمووی : برات ابو درداء پێویستی نیە لە دونیا =یانی نایەتە لام لە بەر ئەوەی مەشغولە بە عیبادەت= جا ابو درداء هات وە خواردنێکی بۆ سـەلمان دروسـت کرد و پێی فەرموو : بیخۆ من بەڕۆژووم سەلمان فـەرمووی : مـن نـایخۆم تـا لـه گـەڵم نـەیخۆی جا خـواردی ئـەوجا کەشەو داهات ابو درداء ڕۆیشت هەڵسێتەوە شەو نوێژ بکات جا سەلمان پێی فەرموو : بخەوە جا خەوتـەوە پاشـان ویستی هەڵسێتەوە سەلمان پێی فەرموو : بخەوە ئەوجا خەوتەوە جـا کـه کۆتـایی شـەو هـات سـەلمان فـەرمووی : ئێستا هەڵسە فەرمووی : بەیەکەوە نوێژیان کرد ئـەوجا سـەلمان فـەرمووی : بـه تـەئکید پـەروەردگارت مـافی هەیـە لەسەرت وە نەفسی خۆت مافی هەیە لە سەرت وە خێزانت مافی هەیە لەسەرت جا مافی هەموو خاوەن مافێك بـدە جـا ابو درداء هاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەمەی بۆ گێڕایەوە جا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : سەلمان ڕاستی کرد ).

لەو فەرموودە بۆمان دەردەکەوێ نـابێ بـه نـاوی عیبـادەت کـردن مـافی خێزانمـان بخـۆین چـۆن دەبـێ مـافی خـواش جێبەجێ بکەین و مـافی خێزانیـشمان لـه بـیر نەکـەین! وە دەبیـنین چـۆن سـەلمان خـوا لێـی ڕازی بـێ ئەپرسـێ لـه براژنەکەی کە بۆچی بە جلی کارەو جلی جوان بۆ مێردەکەی لە بەرناکا ! ؟ زۆر سودی تریش هەیە لەفەرموودەکە.

وە هاتووە لە عائشة خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( دخل علي رسول الله صلى الله عليه وسلم فرأى في يـدي فتخـات من ورق فقال ما هذا يا عائشة فقلت صنعتهن أتزين لك يا رسول الله قال أتؤدين زكاتهن قلت لا أو ما شاء الله قال هـو

حسبك من النار ) رواه ابو داود وصححه الالباني واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتە ژوورەوە بۆ لام جا گوستیلەی =گەورەی= زیوی بەدەستمەوە بینی ئەوجا فەرمووی : ئەوە چیە ئەی عائیشە منیش ووتم : ئەمەم کردووە خۆم پێ جوان ئەکەم بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : زەکاتی لێ دەرئەکەیت ووتم : نەخێر یان ئەوەی خوا ویستی بوو ووتم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوەت بەسە لە ئاگر ).

لەو فەرموودە ئەبینین کە خێزانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم خۆی جوان کردووە بۆ مێردەکەی کە پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە شتێکی گرنگ هەیە لەم فەرموودە ئافرەتە بەڕێزەکانمان بیریان نەچێ زەکاتی زێڕو زیویان بدەن ئەگینا هەڕەشەیان لێکراوە بە ئاگر ئەگەر ئەم زێڕو زیوە بۆ خۆ جوان کردنیش بێت!.

وە هاتووە لە جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( كنا مع النبي صلى الله عليه وسلم في غزوة فلما قفلنا كنا قريبا من المدينة قلت : يا رسول الله إني حديث عهد بعرس قال : " تزوجت ؟ " قلت : نعم . قال : " أبكر أم ثيب ؟ " قلت : بل ثيب قال : " فهلا بكرا تلاعبها وتلاعبك " . فلما قدمنا لندخل فقال : " امهلوا حتى ندخل ليلا أي عشاء لكي تمتشط الشعثة وتستحد المغيبة ") متفق عليه (مشكاة المصابيح 3088) واتە : ( ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر بووین صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە غەزایەکدا جا کە گەڕاینەوە نزیکی مەدینە بوینەوە ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم من تازە ژنم هێناوە فەرمووی : ژنت هێنا؟ ووتم : بەڵێ فەرمووی : کچت هێنا یان بێوەژن ؟ ووتم بەڵکو بێوەژن فەرمووی : بۆ کچێکت نەهێنا یاری لەگەڵ بکەیت و یاریت لە گەڵ بکات . جا کە گەیشتینەوە مەدینە ویستمان بچینە ژوورەوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بوەستن هەتا بە شەو ئەڕۆینە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتەی قژی تێکئالایە قژ دابێنێ وە ئەو ئافرەتەی مێردی لەوێ نەبووە لێی دوور بووە مووی سەر عەورەتی لابەرێ =یانی خۆی جوان بکات نەك لە ناکاو بچیە سەری و مشەوەشی بکەی یان شتێك ببینی دڵت بکوشرێ= ).

لەو فەرموودەش زۆر سوود هەیە لەوانە تیایەتی کە پیاو لە گەڵ خێزانی یاری ئەکات وە لە ڕیوایەتی تر هاتووە لە بوخاری و موسلیم (و تضاحكها و تضاحكك) واتە : ( قسەی خۆشی لەگەڵ بکەی و یاری لەگەڵ بکەیت بۆ ئەوەی پێبکەنێ وە ئەویش تۆ بخاتە پێکەنین ) . وە هەر لە ڕیوایەتی تر لە بوخاری و موسلیم هاتووە : (مَا لَكَ وَلِلْعَذَارَى وَلِعَابِهَا) ئەوش هەر مانای یاریە بەڵام لە هەندێ ڕیوایەت لعابها بە زەممە هاتووە لە سەر لامەکە کە مانای لیکی دەمی ئافرەتەکەیە ئەوەش ئیشارەتە بۆ لێو مژین سەیری فتح الباري شرح صحيح البخاري بکەن والله اعلم .

وە دەبینین لەو فەرموودە ئەوەی تێدا ئافرەت خۆی جوان بکات بۆ مێردەکەی قژی چاك بکات و مووی زیاد لابەرێ والله اعلم .

وە لەفەرموودەی پێشتر بینیمان کە لە کاتی بوکێنی بوکیان ڕازاندۆتەوە وە ئەوەش بزانین خۆ جوان کردن بۆ پیاوانیشە وەك ئافرەتان ئەو ئایەتەمان بینی ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ یانی ئافرەت چی لەسەرە

ئەوەشی بۆ هەیە لە سەر پیاوەکەی بێگومان خۆ جوان کردنیش ئەگرێتەوە بۆیەشە لە تەفسیری ئەو ئایەتە هاتووە لە ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێت ئەفەرموێ : (إني أحبُّ أن أتزين للمرأة، كما أحب أن تتزين لي" لأن الله تعالى ذكره يقول:" ولهن مثلُ الذي عليهن بالمعروف") واتە : (من پێم خۆشە بۆ ئافرەت خۆم جوان بکەم وەك چۆن پێم خۆشە ئافرەت خۆی بۆم جوان بکات چونکە خوای بەرز دەفەرموێ :" ولهن مثلُ الذي عليهن بالمعروف") سەیری تفسیری طبري بکە یان تەفسیری ابن کثیر ئەو ئەسەرە ئەبینی بەلاّم من لەو دەمە نازانم دەرەجەی ئەسەرەکە چیە بەلاّم ماناکەی ڕاستە بێگومان الله اعلم .

**ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە جوانی و پاك و خاوێنی و بۆن خۆشی**

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ (222)﴾ البقرة واتە : ( بە تەئکید خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ زۆر تەوبە ئەکەن وە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ خۆیان پاك ئەکەنەوەو خۆیان پاك ڕا ئەگرن ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ (4)﴾ المدثر واتە : ( وە جلەکانت پاك بکەوە لە پیسی ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( الطهور شطر الإيمان ) رواه مسلم واتە : ( پاکی =دەست نوێژ و پاکی= نیوەی ئیمانە ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( طهروا أفنيتكم فإن اليهود لا تطهر أفنيتها سلسلة الاحاديث الصحيحة 236 واتە : ( بەردەرگاو حەوشەتان پاك بکەنەوە چونکە جولەکە بەردەرگاو حەوشی خۆیان پاك ناکەنەوە ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( حبب إلي النساء والطيب وجعلت قرة عيني في الصلاة ) رواه النسائي وصححه الالباني واتە : ( خۆشەویست بووە لام ئافرەت و بۆنی خۆش وە چاو گەشیم و حەسانەوەم و ئۆقرەی چاوم لە نوێژە ).

دیارە ئەبینین ئافرەت خۆشەویستە لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەروەها بۆنی خۆش .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( عَشْرٌ مِنْ الْفِطْرَةِ قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الْأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَنَتْفُ الْإِبِطِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ قَالَ زَكَرِيَّاءُ قَالَ مُصْعَبٌ وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ ) رواه مسلم واتە : ( دە شت لە فیترەتە سمێڵ کورت کردن وە ڕیش هێشتنەوە وە سیواك کردن وە ئاو هەڵمژین بە لووت=پاك کردنەوەی ناو لوت= وە نینۆك کردن وە شۆردنی پەنجەو کەلێنی پەنجەو مەفسەڵەکان وە هەڵکێشانی مووی بن باڵ وە تاشینی مووی سەر عەورەت وە خۆ پاك کردنەوە لە کاتی بچیە سەر ئاو بە ئاو زەکەریا ئەڵێ موسعەب ئەڵێ =کە ڕاویە= : دەیەمم لە بیر چووە ئیللا ئەگەر ئاو لەدەم وەردان بێت).

ئەمانەش ئەوپەڕی پاراستنی پاك و خاوێنیە بێگومان .

وه هاتووه له عائیشه خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێت : ( أن امرأة من الأنصار سألت النبي صلى الله عليه وسلم : عن غسلها من المحيض فأمرها كيف تغتسل قال : " خذي فرصة من مسك فتطهري بها " قالت كيف أتطهر قال " تطهري بها " قالت كيف قال " سبحان الله تطهري " فاجتبذتها إلي فقلت تتبعي بها أثر الدم ) متفق عليه واتـه : ( ئافرەتێك له ئەنسارییەكان پرسیاری كرد له پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : دەربارەی غوسل دەركردنی لـه سوڕی =عادەی= مانگانەی جا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێكرد چۆن غوسل دەركات و فـەرمووی : پارچە لۆكەیەكی بە مسك =بۆن= بگرەو خۆتی پێ پاك بكەوە ئافرەتەكە ووتی : چۆن خـۆم پـێ پاك بكەمـەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : سبحان الله خۆت پاك بكەوە عائیشە ئەفەرموێ : ئافرەتەكەم بۆ خۆم ڕاكێشا پێم ووت بە شوێنی خوێنەكەی دابێنە =شوێنی خوێنەكەی پێ پاك بكەوە=).

وه هاتووه له جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : " أتانا رسول الله صلى الله عليه وسلم ( زائرا في منزلنا ) فرأى رجلا شعثا قد تفرق شعره فقال : " أما كان يجد هذا ما يسكن به شعره ؟! و رأى رجلا آخر و عليه ثياب وسخة فقال : أما كان هذا يجد ماء يغسل به ثوبه ؟! " سلسلة الاحاديث الصحيحة 493 واته : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاته لامان بە سەردان بۆ ماڵمان جا بینی پیاوێك قژو سەری دانەهاتووە مووەكانی بەولاو لایا چـووە جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فـەرمووی : ئـەوە ئـەو پیـاوە شـتێكی دەسـت نەكـەوت قـژی پـێ دابێنێ و خـاوی كاتـەوە =بەشانەو زەیت یـان هـەر شـتێك= وە پیـاوێكی تـری بـینی جلـی پیـسی لـە بـەر بـوو جـا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوە ئەو پیاوە ئاوی دەست نەدەكـەوت جلـی خـۆی پـێ بشوات ).

دەبینین چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ڕێگـری لـە پیـسی و لـە نـاڕێكی سـەرو ڕیش كـردووە چونكە ئاو دەستی هەموو كەس دەكەوێت ئەگەر جلەكەشت كۆن بوو بەڵام پاك بێ جوانە !

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : " من كان له شعر فيلكرمه " سلسلة الاحاديث الصحيحة 500 واته : (ئەوەی قژی هەبوو با ڕێزی لێبگرێ =بە داهێنان و پاك ڕاگرتنی و نەرم كردنەوەی بە زەیت=).

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( إن الله إذا أنعم على عبد نعمة يحب أن يرى أثر نعمته على عبده ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1290 واته : ( ئەگەر خوا نیعمەتێك =بەخششێك= بداتە بەندەی خۆی پێی خۆشە نیشانەی ئەو نیعمەتە لەسەر بەندەكەی ببینێ ) .

دەی ئەگەر خوای بەرز ماڵ و نیعمەتی پێ بەخشیوی جلـی جـوان لەبـەر كـەو خـۆت جـوان كـە نـەك نیعمـەتی خـوا بشاریتەوە !

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ قَالَ رَجُلٌ إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً قَالَ إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ ) رواه مسلم واته : ( كەسێك ناچێتە بەهەشتەوە كە میسقالە زەررەیەك خۆ بەگەورە زانینی لە دڵ بێت پیاوێك ووتی : پیاو پێی خۆشە جلەكـەی جـوان بـێ وە پێڵاوەكـەی جـوان بێـت پێغەمبـەری خـوا صلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم

فەرمووی : بە تەئکید خوا جوانەو جوانی خۆش ئەویٚ خۆ بەگەورە زانی ڕەد کردنەوەی حەقەو خەڵك بە کەم زانینە ) .

سبحان الله زۆر کەس بە هەڵە تێگەیشتووە وا ئەزانی جلی جوان و خۆ جوان کردن خۆ بەگەورە زانینە ! بەڵام خوای بەرز جوانی خۆش ئەویٚ خۆ بەگەورە زانی ئەوەیە کەسیٚ بە چاوێکی کەم سەیری خەڵك بکات و حەق وەر نەگرێت ! فەرموودەی تر گەلێك زۆرن بەڵام دەرفەتەکە ئەوەندە مەجال ئەدات .

لێرە بەو موناسەبە ئاگادارتان ئەکەمەوە لەوەی کە ئەو قسە (النظافـة مـن الايمـان) کـە زۆر بـاوە لـە نـاو خـەڵکی وا ئەزانن فەرموودەیە بەڵام وانیە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسـلم نیـە بـەڵکو هـەر قـسەی خەڵکە دوریش نیـە ڕیوایـەتی بەلەدیـە بێـت =دروسـتیان کردبـیٚ بـۆ ئـەوەی بیکەنـە دروشـم و لەسـەر جـادەو وێنـە گشتیەکان هەڵیواسـن= ! بـەڵام مەعناکـەی ڕاسـتە پێـشتر بینیمـان کـە نـەك پـاك و خـاوێنی هـەر لـە ئیمانـە بـەڵکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : نیوەی ئیمانە وە زانیمان خوای بەرز ئەو کەسانەی خۆش دەویٚ کە خۆیان پاك و خاوێن ڕا ئەگرن .

لەوانەشە زۆر کەس بپرسیٚ بۆ ئەو باسە باسی پاك و خاوێنی و خۆ جوان کردن و بۆن خۆشی ئاماژە پیٚ ئەکـەی لـە باسی خەوتنی ئافرەت و پیاو ! ؟

وەڵامەکەی چونکە پاك و خاوێنی عیبادەتە بۆمان و فەرمان پێکراوە وەپاك و خاوێنی ئافرەت و ماڵ و جل و بەرگ و خۆ جوان کردنی بۆ مێردی وە پیاوەکەش بۆ ژنی هۆکارێکی بـەهێزە بـۆ بـاش بـوونی پەیوەنـدی بـەینی ژن و پیـاو ئەوەش دەوری زۆر ئیجابی و باشی هەیە بۆ خەوتنیان و حاڵی دەرونیان والله اعلم بێجگە لەو پاداشتە زۆرەی لە لای خوایە بۆیان ! لەبەر ئەوەیە ویستم ئەگەر بەکورتیش بیٚ بیری خوشك و براکـانمی بخەمـەوە وە ئـەو چـەند ئایـەت و فەرموودە باس بکەم تاکو هۆکارێـك بـیٚ بـۆ زیـاتر تێگەشـتنمان و جێبـەجیٚ کردنـی ئیـسلام و بەختـەوەر بـوون بـە دڵنیایشەوە ئەڵێم زۆرێك لە ژن و مێردەکان کە کێشەیان هەیە لەوەی شەو بەینیان نیە ! کێشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ خۆ جوان نەکردن و پاك نەبونیان هەردوولا ! لە بەر ئەوە بزانن ئـەوە هـەم خۆیـان توشـی ناخۆشـی و خـەمی دونیـا کردووە هەم لە لای خوا پاداشتێکی زۆریان لە دەست داوە ! غەریبیش نەبیٚ پێتان موبالەغە ناکەم ئەگەر بڵێم زۆری هۆکاری کێشەکانی بەینی ژن و مێرد و لێك جودا بوونەوەیان لە سەر ئەوەیە ! .

### ئەو شتانەی حەرامە نابیٚ خۆی پیٚ جوان بکریٚ

### 1- برۆو دەمو چاو هەڵگرتن و قژی عەمەلی بەکار هێنان و کوتینی لەش و دەم و چاو یان کەلێن کردن لە بەینی ددانەکان لەبۆ جوانی بۆ ئافرەت و پیاو:

پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم دەفـەرمویٚ : ( لعـن الله الواشمـات و المـستوشمات و النامـصات و المتنمصات و المتفلجات للحسن ، المغیرات خلـق الله ) بوخـاری و موسـلیم و ابـو داود و غـەیری وانـیش ڕیوایـەتیان کردووە وە لای ابو داود ئەو زیادەشی تێدا( و الواصلات ) سەیری سلسلة الاحادیث الصحیحة بکە ژمارە 2792 واتە : ( خوا لەعنەتی کردووە لەوانەی دەم و چـاوو لـەش ئـەکوتن =نیـشانی ئەکـەن= وە ئەوانـەی داوای دەکـەن بۆیـان

بكریٚ وه ئەوانەی مووی برۆو دەم و چاو هەڵدەگرن و ئەوانەی داوا ئەكەن بۆیان هەڵبگیرێ وه ئەوانەی بەینی ددانەكانیان ئەكۆڵن بۆ جوانی كه خەڵقی خوا ئەگۆڕن = وه لە ڕیوایەتی ابو داود ئەوەش هاتووه خوا لەعنەتی كردووه لەوانەی قژی دەست كرد بەكار ئەهێنن=) .

بەداخەوه زۆر كەس كەوتونەته ئەم تاوانانه كه دەبینین لەعنەتی لێكراوه یانی تاوانی گەورەن نەك بچووك!

## 2- ڕیش تاشین و سمێڵ تاشینی پیاوان كه بەداخەوه خەڵك وا ئەزانێ بەمه جوان ئەبێ پەنا بەخوا!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( جزوا الشوارب و أرخوا اللحى خالفوا المجوس ) رواه مسلم واته : ( سمێڵەكانتان ببڕن و كورتی بكەنەوه وه ڕیشتان بهێڵنەوه موخالەفەی =پێچەوانەی= مەجوس =ئاگر پەرستەكان= بكەن ) .

وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( خالفوا المشركين أحفوا الشوارب وأوفوا اللحى ) متفق علیه واته : ( موخالەفەی =پێچەوانەی= موشریكەكان بكەن سمێڵەكانتان كورت بكەنەوه وه ڕیشتان بهێڵنەوه ) .

### له سوودەكانی ئەم دوو فەرمووده

یەكەم : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێكردوین بەوەی سمێڵمان كورت بكەینەوه.

دووم : وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێكردوین بەوەی كه ڕیشمان بهێڵینەوەو نەیتاشین.

سێهەم : وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێ كردوین خۆمان بە موشریكەكان یان ئاگر پەرستان بچوێنین لەوەی كه سمێڵمان درێژ بێ وه ڕیشمان تاشاو بێ .

وەكو درەكەوت كه زۆر ڕوون و ئاشكرایه كه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ كردوین بەوەی ڕیشمان بێڵینەوه، وه فەرمانیش مانای ئەوه ئەگەیەنێ كه واجبه ئیللا له كاتێك نەبێ كه له فەرموودەیەكی تر هاتبێ ڕێگای پێ دابێ ، بەڵام لێره هەم فەرمانمان پێ كراوەو هەم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕیشی هێشتۆتەوەو هاوەڵەكانیش ڕەزای خوایان لێ بێ هەمووی ڕیشیان هێشتۆتەوه قەت ڕێگا نەدراوەو قەتیش ڕیشیان نەتاشیوه ، یانی هیچ بەڵگەیەك نیه تا كەسێ بتوانێ بیكاته بەڵگەی ئەوەی كه ڕیش هێشتنەوه واجب نیه ! بەڵام ئەگەر واجبیش نەبوا خۆ هەر وەك سوننەتێك ئەمایەوه ! موسڵمانیش لایەق نیه كه واز بێنێ له سوننەت چ جای كه واجبیش بێ! به تایبەتی كەسێك بانگەشەی ئەوه بكا كه بانگەواز بۆ ئیسلام ئەكا چۆن شەرم ناكا ڕیشی نەبێ ! ؟.

## 3- ڕەنگ كردنی قژ و ڕیش و سمێڵ به ڕەنگی ڕەش ئەوه بۆ پیاوان وه بۆ ئافرەتان وەك یەكه كه ئافرەت وەك پیاو ناتوانێ سەری ڕەنگ بكات به ڕەنگی ڕەش :

( عن جابر قال : أتي بأبي قحافة يوم فتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضا فقال النبي صلى الله عليه وسلم : " غيروا هذا بشيء واجتنبوا السواد " ) رواه مسلم واته : ( له لەجابر خوا لێی ڕازی بێ فەرمووی : ابو قحافة =باوكی

ابو بكر الصديق خوا لێی ڕازی بێ= یان هێنا لە ڕۆژی فەتحی مەککە سەرو ڕیشی وەك ثغامة =گوڵێکی سپیە= سپی بوو جا پێغەمبەر صلى الله علیه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەمە =ئەم سپیە= بگۆڕن بە شتێ =بە ڕەنگێ= وە دوور کەونەوە لە ڕەش =بەکاری مەهێنن=) .

لەم فەرمووده بۆمان دەرکەوت یەکەم : ڕەنگی سپی فەرمانمان پێکراوە بیگۆڕین دووەم : نابێ ڕەنگی ڕەش بەکار بێنین .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الیهود و النصارى لا یصبغون فخالفوهم ) متفق علیه واتە ( جولەکەو دیانەکان ڕەنگ ناکەنەوە ئێوە پێچەوانەیان بکەن ) .

ئەمەش زیاتر هانمان ئەدات کە بزانین موخالەفەی جولەکەو دیانەکان لە سەرمانە ئەوانیش ڕەنگ ناکەن ئێمە دەبێ ڕەنگ بکەینەوە بەڵام نابێ ڕەش بەکار بێنین .

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (یکون في آخر الزمان قوم یخضبون بالسواد کحواصل الحمام لا یریحون رائحة الجنة .) صحیح الجامع 8153 واتە : ( لە ئاخیر زەمەنا قەومێك پەیدا ئەبن ڕەنگ ئەکەنەوە =سەرو ڕیشیان= بە ڕەنگی ڕەش وەك سینگ و هەناوی کۆتر ئەوانە بۆنی بەهەشت ناکەن ) .

ئەو فەرموودەش بۆمان دەر ئەخا کە بەکار هێنانی ڕەنگی ڕەش تاوانێکی گەورەیە چونکە هەڕەشەی لێکراوە بە بۆن نەکردنی بەهەشت! زۆر کەس هەن ڕقیان ئەبێتەوە لە مووی سپی لە جیاتی ئەوەی ئەو سوننەتە بەکار بێنن ڕەنگی کەنەوە دەچن دەری دەهێنن ئەمەش کارێکی نەشیاوە چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا تنتفوا الشیب ما من مسلم یشیب شیبة في الإسلام إلا کانت لە نورا یوم القیامة .) صحیح الجامع 7463 واتە : ( مووی سپی هەڵمەکێشن هیچ موسڵمانێك نیە کە مووێکی سپی ئەکات لە ئیسلاما ئیللا بۆی ئەبێتە نور =ڕوناکی= لە ڕۆژی قیامەت ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الشیب نور المؤمن ، لا یشیب رجل شیبة في الإسلام إلا کانت لە بکل شیبة حسنة و رفع بها درجة ) سلسلة الاحادیث الصحیحة 1243 واتە : ( مووی سپی نوری =ڕوناکی= موسڵمانە ، پیاوێك نیە مووێك سپی بکات لە ئیسلام ئیللا بە هەر مووێك سپی کردووە لە ئیسلام چاکەیەك =حسنة= ی بۆ هەیە وە پلەیەك پێی بەرز ئەبێتەوە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الشیب نور في وجه المسلم ، فمن شاء فلینتف نورە ) سلسلة الاحادیث الصحیجة 1244 واتە : ( مووی سپی نور =ڕۆناکیە= لە ڕووی موسڵمان ، جا کەسێك ئەیەوێ با نورەکەی هەڵکێشێ ) .

لەم فەرموودانەش بۆمان دەرکەوت کە موسڵمان بە سپی کردنی مووی سەرو ڕیشی لە ئیسلام بەقەد ئەو مووانە چاکەی بۆ ئەنوسرێ وە پلەی بەرز ئەبێتەوە لای خوای بەرز لە بەر ئەوە نەکەین مووی سپی قەڵسمان بکات بەڵکو با دڵ خۆشمان بکات و نەکەین حەز بە نەبوونی نور بکەین!

**شتێکی گرنگ**

لەو باسەو هەر باسێکی تری شەرعی فەرق نیە لە بەینی ئافرەت و پیاو وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إنما النساء شقائق الرجال ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 2863 واتە : ( بە تەئکید ئافرەتان وەك پیاوانن ) . کەس ناتوانێ ئافرەتان لە حوکمێکی شەرعی جیا بکاتەوە لە پیاوان مەگەر بەڵگە هەبێ کە ئەم حوکمە تایبەتە بۆ پیاو یان تایبەتە بۆ ئافرەت ئەگەر ئەوە تێبگەین ئیتر ئەبێ بزانین ئافرەتان وەك پیاوان بۆیان هەیە بەڵکو فەرمانیان پێ کراوە بە گۆڕینی ڕەنگی سپی سەریان بەڵام نابێت ڕەش بەکار بێنن نەهی و هەڕەشەی بەکار هێنانی ڕەنگی ڕەش ئافرەتانیش ئەگرێتەوە وەك پیاوان لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئافرەتان ئەتوانن ئەو ڕەنگانەی ئێستا لە ئارایشگاکان هەیە بەکار بێنن؟ وەڵامەکەی بەڵێ ئەتوانن بەو مەرجەی ڕەنگی ڕەش بەکار نەهێنن وە خۆیان نەچوێنن بە جولەکەو دیانەکان چونکە پێشتر بینیمان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ کردین بە موخالەفەی جولەکەو دیانەکان وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (من تشبه بقوم فهو منهم ) صحيح الجامع 6149 واتە : ( ئەوەی خۆی بە قەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە ) . لەبەر ئەوە با ئاگادار بین لەوەی خۆمان بە کافرو فاسقان بچوێنین! بەڵام ئافرەتان دەتوانن قژیان ڕەنگ بکەن بۆ پیاوەکانیان ئەگەر قژیان سپی بوو ئەوە فەرمانیان پێکراوە ڕەنگی بکەن ئەگەریش سپی نەبوو هەر حەڵاڵە بەڵام نەکەن ڕەش بەکار بێنن والله اعلم .

## چاکترین شت ڕەنگی سەرو ڕیشی پێ بگۆڕی خەنەو کەتەم

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إن أحسن ما غير به هذا الشيب الحناء و الكتم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1509 واتە : ( بە تەئکید چاکترین شت ئەو ڕەنگە سپیەی پێ بگۆڕدرێ خەنەو کەتەم =وەسمەیە= ) . لەو فەرموودەی بۆمان دەردەکەوی کە باشترین ڕەنگ بۆ گۆڕینی ڕەنگی سپی لە سەرو ڕیش خەنەو وەسمەیە کە خەنە ڕەنگی سوری هەیە وەسمە ڕەنگی ڕەش بەڵام تێکەڵی بکەی ڕەنگێك دەر ئەچێ لە بەینی سورو ڕەش ئەوە چاکترینە کەوابێ هەم پیاوەکان هەم ئافرەتان ئەوە بەکار بێنن لە هەمووی باشترە هەتا بۆ پاراستنی تەندروستی قژو سەریش بەڵام دروستە ڕەنگی تریش بەکار بێنن تەنها ڕەش نەبێت والله اعلم .

### 4- خۆ چواندنی ئافرەت بە پیاوان یان پیاو بە ئافرەت :

وە هاتووە لە ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ : ( لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال ) رواه البخاري واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لەعنەتی کرد لەو پیاوانەی خۆیان دەچوێنن بە ئافرەت وە لەو ئافرەتانەی خۆیان دەچوێنن بە پیاو ) . دیارە خۆ چواندن لە قسە کردن یان جل و بەرگ و هەڵس و کەوت و ڕۆیشتن هەموو ئەمانە دەگرێتەوە هەروەها ڕیش و سمێڵ تاشینیش والله اعلم .

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لعن الله الرجل يلبس لبسة المرأة و المرأة تلبس لبسة الرجل ) صحيح الجامع 5095 واتە : ( خوا لەعنەتی کردووە لە پیاوێك جل لەبەر ئەکات جلی ئافرەت =وەك ئافرەت= وە لە ئافرەتێك جلی پیاو لەبەر ئەکات =وەك پیاو= ) .

## 5- نینۆك درێژ كردن چ بۆ پیاوان چ بۆ ژنان زیاتر له‌ چل شه‌و :

زانیمان نینۆك كردن له‌ فیتره‌ته‌ وه‌ هاتووه‌ له‌ انس خوا لێی ڕازی بێت ئه‌فه‌رموێ : ( وقت لنا في قص الشارب وتقليم الأظفار ونتف الإبط وحلق العانة أن لا تترك أكثر من أربعين ليلة ) رواه مسلم واته : (كاتمان بۆ دیاری كرا له‌ كورت كردنه‌وه‌ی سمێڵ و كردنی نینۆك و هه‌ڵكێشانی مووی بن باڵ و كردنی مووی سه‌ر عه‌وره‌ت به‌وه‌ی زیاتر له‌ چل شه‌و نه‌یهێڵینه‌وه‌) .

دیاره‌ مانه‌وه‌ی نینۆك یان مووی سه‌ر عه‌وره‌ت و مووی بن باڵ و سمێڵ كورت نه‌كردن زیاتر له‌ چل شه‌و تاوانه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ به‌ تایبه‌تی ئافره‌تانمان بزانن به‌ تاوان جوان نابن نه‌كه‌ن نینۆكیان زیاتر له‌ چل شه‌و بهێڵنه‌وه‌ والله اعلم .

## 6- به‌كار هێنانی زێڕو حه‌ریر بۆ پیاوان :

هاتووه‌ له‌ عبد الله ی كوڕی عه‌مر ده‌فه‌رموێ : ( أن النبي صلى الله عليه وسلم رأى على بعض أصحابه خاتما من ذهب فأعرض عنه فألقاه واتخذ خاتما من حديد فقال : هذا شر هذا حلية أهل النار فألقاه فاتخذ خاتما من ورق فسكت عنه ) حديث صحيح رواه أحمد والبخاري في الأدب المفرد بسند حسن والحديث صحيح فإن له في " المسند " طريقا أخرى عن ابن عمرو وفيه ضعف وله شواهد اداب الزفاف للالباني واته : ( پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بینی له‌ ده‌ستی هه‌ندێ =یه‌كێ= له‌ هاوه‌ڵه‌كانی گوستیله‌یه‌كی زێڕ=له‌ ده‌ستی بوو= ڕووی لێ وه‌رگێڕا =پێی ناخۆش بوو= جا ئه‌و كه‌سه‌ گوستیله‌كه‌ی له‌ ده‌ست كرده‌وه‌ جا گوستیله‌یه‌كی له‌ ئاسن كرده‌ ده‌ست جا پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فه‌رمووی : ئه‌مه‌ خراپتره‌ ئه‌مه‌ ئه‌هلی ئاگری پێ ئه‌ڕازێندرێته‌وه‌ ! جا ئه‌و كه‌سه‌ ئه‌مه‌شی له‌ ده‌ست كرده‌وه‌و ئه‌وجا گوستیله‌یه‌كی له‌ زیو له‌ ده‌ست كرد پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بێده‌نگ بوو ) .

پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ : (حرم لباس الحرير و الذهب على ذكور أمتي و أحل لإناثهم ) صحيح الجامع 3137 واته : ( حه‌رام كراوه‌ جلی حه‌ریرو زێڕ له‌ سه‌ر نێرینه‌ی ئوممه‌ته‌كه‌م وه‌ حه‌ڵاڵ كراوه‌ بۆ مێینه‌یان ) .

وه‌ هاتووه‌ له‌ ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێت ده‌فه‌رموێ : ( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى خَاتَمًا مِنْ ذَهَبٍ فِي يَدِ رَجُلٍ فَنَزَعَهُ فَطَرَحَهُ وَقَالَ يَعْمِدُ أَحَدُكُمْ إِلَى جَمْرَةٍ مِنْ نَارٍ فَيَجْعَلُهَا فِي يَدِهِ فَقِيلَ لِلرَّجُلِ بَعْدَ مَا ذَهَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خُذْ خَاتِمَكَ انْتَفِعْ بِهِ قَالَ لَا وَاللَّهِ لَا آخُذُهُ أَبَدًا وَقَدْ طَرَحَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رواه مسلم واته : ( پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم گوستیله‌كی زێڕی بینی له‌ ده‌ستی پیاوێك =پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم= له‌ده‌ستی ئه‌و پیاوه‌ی كرده‌وه‌و فڕێیدا وه‌ فه‌رمووی : یه‌كێك له‌ ئێوه‌ ئه‌چێ ڕوو ئه‌كاته‌ پشكۆیه‌ك ئاگرو ئه‌یخاته‌ ده‌ستی جا به‌ پیاوه‌كه‌یان ووت پاش ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕۆیشت پێیان ووت : گوستیله‌كه‌ت هه‌ڵگره‌وه‌ سوودی لێ ببینه‌=بیفرۆشه‌ یان شتێكی تر= كابرا فه‌رمووی نا والله هه‌ڵیناگرمه‌وه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فڕێیداوه‌ ) .

بەداخــەوە ئێــستا زۆر پیــاوی موسـڵمان گوسـتیلەی زێــڕ ئەکاتــە دەســت و هەشمانــە ملوانکەشــی یــان بازنیــشی بەدەستەوەیە یان سەعاتی زێڕ! با بزانیٚ ئەمە پشکۆیەك ئاگرە وەك بینیمان لەو فەرموودە دەبا وەك ئەو سـەحابە بەڕێزە بین کـە گوسـتیلە زێڕەکـەی هـەڵ نەگرتـەوە نـەك بیـانوو بدۆزێتـەوەو منجـەمنج بکـات بـا بـزانین گوێڕایـەڵیٚ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لەسەرمان فەرزەو سەرپێچی فەرمانەکانی ئەمانخاتە ژێر هەڕەشـەوە خوای بەرز ئەفەرمویٚ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النور 63 واتە : ( با بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانـەکانی پێغەمبـەری خـوا ئەکـەن لـەوەی توشـی فیتنـە بـن ــتوشـی گـومڕایی و هاوبەش دانان بن ــ وە توشی سزایەکی توند بن ــلە دونیاو دوارۆژ ــ ) .

وە خوای بەرز ئەفەرمویٚ : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ النساء(65) واتە : ( نـا سـوێند بـە پـەروەردگارت ئەوانـە بڕوایـان تـەواو نـابیٚ تـاوەکو تـۆ نەکەن بە دادوەر =حەکەم= لەوەی لە بەینیان ڕوو ئەدا پاشان لـە نەفسی خۆیـان بێـزاری و دڵ گرانـی نـەبینن لـەو بڕیارەی تۆ بۆیانت داوە وە بە تەواوەتی مەل کەچ نەبن بۆ فەرمانەکانی تۆ ) .

وە خوای بەرز ئەفـەرمویٚ : ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّـهَ إِنَّ اللَّـهَ شَـدِيدُ الْعِقَـابِ﴾ الحشر(7) واتە : ( وە ئەوەی نێردراوی خوا =پێغەمبەر= بۆی هێناون و فەرمانتان پیٚ دەکات وەری بگرن و ملکـەچ بن بۆی وە ئەوەی کە نێردراوی خوا نەهیتان لیٚ ئەکا لە سەری ئەوە وازی لیٚ بێـنن دوور کەونـەوە لێـی وە لـە خـوا بترسن خۆتان بپارێزن لە سزای خوا بیٚ گومان خوا سزایەکەی وە تۆڵەی توندو بە هێزە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرمویٚ : (کل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قـالوا يـا رسـول الله : ومن أبى ؟ قال : من أطاعني دخل الجنة ومن عـصاني فقـد أبـى ) رواه البخـاري واتـە : ( هـەموو ئوممـەتی مـن ئەچنە نێو بەهەشتەوە ئیللا ئەوەی خۆی نەیەویٚ! ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم : کیٚ هەیە خۆی نەیەویٚ بچێتە بەهەشت ؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئەوەی گویٚ ڕایـەڵی من بکا ئەوە ئەچێتە ناو بەهەشتەوە وە ئەوەی سەرپێچی من بکا ئەوە خۆی نەیویستووە بچێتە بەهەشتەوە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرمویٚ : (ألا هل عسى رجل يبلغه الحديث عني و هو متكئ على أريكته فيقول : بيننا و بينكم كتاب الله فما وجدنا فيه حلالا استحللناه و ما وجدنا فيه حراما حرمنـاه و إن مـا حـرم رسول الله كما حرم الله ) صحيح الجامع 2657 واتە : ( ئاگادار بن لەوانەیە پیاوێك ببینن کـە فـەرموودەی مـنی پـیٚ ئەگات و لەو کاتە پاڵ کەوتووە لە سەر لا دەڵیٚ : بەینی ئێمەو بەینی ئێوە کتابی خوایە =قورئانە= ئەوەی لەناویـدا بینیمانەوە حەڵاڵە حەڵاڵی ئەکەین وە ئەوەی لە ناویدا بینیمانەوە حەرامە حەرامی ئەکەین **بزانن بیٚ گومان ئـەوەی نێردراوی =پێغەمبەری= خوا حەرامی کردووە وەك ئەوەیە کە خوا حەرامی کردووە** ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرمویٚ : ( من أطاعني فقد أطاع الله و من يعـصني فقـد عـصى الله و من يطع الأمير فقد أطاعني و من يعص الأمير فقد عصاني ) رواه البخـاري ومـسلم واللفـظ لـه واتـە : ( ئـەوەی گویٚ ڕایەڵی من بکات ئەوە گویٚ ڕایەڵی خوای کردووە وە ئەوەی سەرپێچی من بکا ئەوە سەرپێچی خـوای کـردووە

وە ئەوەی سەرپێچی ئەمیر=ئەوەی لەسەری خاوەن ئەمرە لە سەرۆکی وڵات یان ئەوانەی تر لە جێگرو ئەوانـەی بـە فەرمانی ئەو داندراون= بکا ئەوە سەرپێچی منی کردووە ) .

**7– باس نەکردنی چۆنیەتی چوونە سەر جێیی بۆ خەڵك لە لایەن ژن و پیاو :**

زۆر جاران ئەمە ڕوو ئەدات هەندێ کەس زۆر تەدەخول ئەکات بە ژیانی خـەڵك و زۆر پرسـیاریان لێـدەکات لـە شـتی تایبەت! تەنانەت هەیە دەپرسێ چۆن دەچنە سەر جێگاو دەیەوێ هەموو نهێنیەك بزانێ! یان هەیە خـۆی حـەز بـە گێڕانەوەی ئـەم شـتانە ئـەکات ئـەوە کـارێکی ڕەوا نیـەو حەرامـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم ئەفەرموێ : (لا تباشر المرأة المرأة فتنعتها لزوجها كأنه ينظر إليها) متفق عليه واتە : ( نابێ ئافرەت خـۆی بخشـێنێ لە ئـافرەت تـا بـچێت وەسـفی بکاتـەوە بـۆ مێردەکـەی خـۆی =بـەوەی جوانـەو نەرمـە یـان ناشـیرنە= وەك ئـەوەی مێردەکەی خۆی بیبینێ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( ألا هـل عـست امـرأة أن تخـبر القـوم بمـا يكـون مـن زوجها إذا خلا بها ؟ ألا هل عسى رجل أن يخبر القوم بما يكون منه إذا خلا بأهله ؟ فقامت منهن امرأة سفعاء الخـدين فقالت : والله إنهم ليفعلون وإنهن ليفعلن قال : فلا تفعلوا ذلك أفلا أنبـئكم مـا مثـل ذلـك ؟ مثـل شـيطان أتـى شـيطانة بالطريق فوقع بها والناس ينظرون ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 3153 واتە : ( ئایا لەوانەیە ئافرەتێك هـەواڵی ئـەوە بداتە خەڵك کە چی ڕوو ئەدا کاتێ تەنیا ئەبێ لەگەڵ پیاوەکەی ؟ ئایا لەوانەیە پیاوێك هەواڵی ئەوە بداتە خـەڵك کـە چی ڕوو ئەدا کاتێك تەنیا ئەبێتەوە لەگەڵ خێزانی ؟ جا ئافرەتێکی ڕوومەتەکانی ڕەش ببوو هەڵسایەوە ووتـی : والله ئافرەتەکان ئەوە دەکەن وە پیاوەکان ئەوە دەکەن =پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلـی الـە وسـلم= فـەرمووی : ئەوە مەکەن ئایا هەواڵتان پێبدەم نمونەی ئەمـە چـۆنە ؟ وەك شـەیتانێکە دەچـێتە لای شـەیتانێك لـە سـەر ڕێگـا و ئەکەوێتە سەری و خەڵکیش سەیر ئەکەن ) .

بەڕاستی زۆر سەیرە موسڵمان چ پیاو چ ئافرەت پرسیار لەو جۆرە شتە نهێنیە بکات پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه ) صحيح الترغيب والترهيب 2881 واتـە : ( لـە جوانی ئیسلامەتی کەسێکە واز هێنانی لەو شتەی پەیوەندی بەو نیە ) .

وە هاتووە لە كعب بن عجرة رضي الله عنه : (أن النبي – صلى الله عليه وعلى اله وسلم – فقد كعباً ، فـسأل عنـه " فقالوا : مريض ، فخرج يمشي حتى أتاه ، فلما دخل عليه قال : أبشرْ يا كعبُ! فقالَتْ أمُّه: هنيئاً لكَ الجنَّةُ يا كعبُ ! فقال : من هذه المتألِّيةُ على الله ؟ ! قالَ : هيَ أمِّي يا رسول الله! فقال : وما يدريك يا أمَّ كعب ؟ ! لعلَّ كعباً قال مـا لا يعنيه، أو منعَ ما لا يُغنيهِ ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 3103 واتە : (پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسلم کەعبی نەبینیەوە، پرسیاری کرد دەربارەی دیار نەبونی ووتیان : کەعب نەخۆشە ، جا پێغەمبەری خوا صـلی الله علیە وعلی الە وسلم دەرچوو ڕۆیشت هەتا هاتە لای کەعب ، جا کە چـووە ژوورەوە بـۆ لای فـەرمووی : مـژدەت لێبێ ئەی کەعب! جا دایکی کەعب ووتی : پیرۆزت بێ و نۆشی کەی بەهەشت ئەی کەعب! پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیە وعلی الە وسلم فەرمووی : ئەوە کێیە سوێند بەسەر خوا ئەخوا بڕیـار بەسـەر خـوا ئـەدات؟ کـەعب ووتـی :

ئەوە دایکمە ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم! جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : تۆ چوزانی ئەی دایکی کەعب ؟! لەوانەیە کەعب شتێکی ووتبێ =قسەی لە شتێك کردبێ= کە پەیوەندی بەونیە، یان شتێکی مەنع کردبێ کە پێویستی نیەو پێی دەوڵەمەند نابێ ).

دەبینین چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئاماژەی داوە بەوەی قسە کردن لە شتێ پەیوەندی بەتۆ نەبێ بۆی هەیە بتخاتە ئاگرو نەهێڵێ بچیە بەهەشت پەنا بەخوا بەداخەوە ئەبینم زۆر موسڵمان ئەو ڕەوشتە خراپەیان تێدا زۆر لە شتی خەڵك ئەپێچنەوەو قسە ئەکەن و لە شتێ هەڵئەدەن پەیوەندی بەوانەوە نیە بەتایبەتی نهێنی سەر جێیی! وە بەڕاستی لەوە ناشیرین تر نیەکە پیاو یان ئافرەت باسی عەورەتی خۆیان بۆ خەڵکی بکەن!!!

## ئاگادار کردنەوەیەك

## حەلقەی خوتبە یان حەلقەی بەینی ژن و مێرد کە ئەیخەنە دەست و کردویانە بە نیشانە!

بۆمان دەرکەوت بۆ پیاوان حەرامە زێڕ بە کار بێنن بەڵام بێجگە لە گوناهی بەکار هێنانی زێڕ ئەو عادەتە هی موسڵمانان نەبووە بەڵکو لە گاورەکانەوە ماوەتەوە کە لەکاتی ژن مارە بڕینا کاتی خۆی ووتویانە بەناوی باوك و کوڕو روح القدس و ئەمە ئەخەنە پەنجە هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە دەبا ئاگادار بین و پەیوەندی ژن و مێرد لەوە گەورە ترە حەڵقەیەك بیبەستێتەوە ئەوەش بزانین خۆ چواندن بە جولەکەو دیانەکان تاوانە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (من تشبه بقوم فهو منهم ) صحيح الجامع 6149 واتە : ( ئەوەی خۆی بە قەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە ) . ئەمە بۆ پیاو وەبۆ ئافرەتان شتێکی دروست نیە چ حەلقەی زیو چ زێڕ بێ! چونکە عادەتێکی نەسرانیەکانە ماوەتەوە ئێمەش فەرمانمان پێکراوە بە پێچەوانەی ئەوان بکەین نەك خۆمان بەوان بچوێنین وەبۆ زیاتر تێگەیشتن بگەڕێنەوە سەر کتابی اداب الزفاف ی الباني رحمه الله .

## وەڵامی پرسیارێك کە لە لایەن زۆر کەسەوە ئەکرێت

ئایا پیاو لەگەڵ ژنەکەی ئەتوانن ئەندامی عەورەتی یەکتر ماچ بکەن و بلێسنەوە؟

وەڵامەکەی ئەو شتانەی حەرامە ڕوونمان کردەوە پێشتر لە غەیری ئەمانە هەر شتێکی تر ئاساییەو بەڵگەی لەسەر نیە تا مەنعی بکەین بەڵام ئەبێ ئاگادار بن لەوەی عەورەتیان پاك بکەنەوەو بیشۆن و نەهێڵین پیسی بکەوێتە دەمیان والله اعلم .

دیارە وەڵامەکەی پرسیاری یەکەم درێژ بویەوە بەڵام بۆ ئەوەیە تا لەو باسە بە جوانی تێبگەین وا نەزانین خەوتنی ژن و پیاو تەنها مەبەستێکی شەهوەت بەتاڵ کردنەوەیەو هیچی تر لە بەینی ژن و مێرد نیە ! ئەم شتانەش هەمووی پەیوەستە پێی وە ماف ژن و مێرد بەسەر یەکەوە زۆرن بە هیوای ئەوەی بتوانم لە باسی تری تایبەت زیاتر ڕوونی بکەمەوە وە بەڕاستی ویستم لێرە درێژە بەباسەکە بدەم چونکە زۆر لە پرسیارەکانی تریش پەیوەستە بەو باسانە وەك دێتە پێشمان .

**( جودی نیوز) : 2- ئایا دەتوانن پێمان بڵێن لە قورئان و سوونەتدا چۆن و بە چ شێوازێك ئاماژە بە سیكس كردن كراوە؟یان لە قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەردا چەند جار جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەروونییەی مرۆڤ كراوەتەوە**

وەڵام : ئەمما چەند جار باس كراوە نازانم! گرنگ ئەوەیە بزانین گرنگی پێدراوەو باس كراوە! وە شێوازی باس كردنەكەی جۆراو جۆرە جارێك بە هاندان بۆی جارێك بە ئاگادار كردنەوە بەوەی نەكەوینە حەرام لە سەری جارێك بە باسی پاداشت لە سەری جارێك بە باسی ئەوەی كە ماف خێزانە لە سەر پیاو یان ماف پیاوە بەسەر خێزان و نەهی كراوە لە ئافرەت مەنعی بكات لە پیاوەكەی! بۆ ئەو نمونانەش بەڵگەمان هەیە لە قورئان و سوونەتی ڕاستی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسلم هەندێكیان لە وەڵامی پێشتر ڕوون بووە لە پرسیارەكانی دوایی ئەمەش زیاتر ڕوون ئەبێتەوە .

وە بۆ نمونەش لە بەڵگەكان :

ژن هێنان سوونەتی پێغەمبەران بووە علیهم الصلاة والسلام خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ (38)﴾ الرعد واتـە : ( وە وابـوو بە تەئكید پێش تۆ پێغەمبەرانمان ڕەوانە كردووە وە ژن و منـاڵ =نـەوەمان= پـێ بەخـشیون =خـاوەنی ژن و منـاڵ بوون وەك تۆ پێغەمبـەران لەبـەر ئـەوە كافرەكـان بۆیـان نیـە بڵێن چۆن تـۆ ژنـت هەیـە= وە نـەبووە پێغەمبـەرێك لەخۆیەوە نیشانەیەك=موعجیزەیەك= بێنێ ئیللا بە ئیزنی خوا نەبێ بۆ هـەموو موددەیـەك نوسـراوێك هەیـە=هـەموو شتێك لای خوا نوسراوەو كاتی وە ئەندازەی دیاری كراوە=).

وە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەواڵی ئەوەی زانی كە عثمان كوڕی مظعون ئەیـەوێ واز بـێنێ لە ژن هێنان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ناردی بەدوایاو پێـی فـەرموو : ( یـا عثمـان إنـي لم أومـر بالرهبانیة أرغبت عن سنتي ؟! قال : لا یا رسول الله قال : إن من سنتي أن أصلي و أنام و أصوم و أطعـم و أنكـح و أطلق ، فمن رغب عن سنتي فلیس مـني ، یـا عثمـان إن لأهلـك علیـك حقـا و لنفسك علیـك حقـا ) سلسلة الاحادیث الصحیحة 394 واتە : ( ئەی عثمان من فەرمانم پێ نەكراوە بە رهبانیة =واز هێنان لە ژن و دنیا= تۆ ڕێبـازو ڕێگـای =سوونەتی منت= ناوێ لێی لائەدەی؟ عثمـان ووتـی : نـا ئـەی پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم = پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم= فەرمووی : لە ڕێگاو ڕێبـازی =سـوونەتی= منـە كـە نوێـژ ئەكـەم وە ئەخەوم وە بەڕۆژوو ئەبم وە ئەیشكێنم وە ژن ئەهێنم وە تەڵاق ئەدەم جا ئەوەی ڕێبـازو ڕێگـای =سـوونەتی= مـنی نەوێتن ئەوە لەمن نیە ، ئەی عثمان بە تەئكید خێزانت ماف لە سەرت هەیە وە نەفسی خۆت ماف لەسەرت هەیە ).

وە هاتووە لە أنس كوڕی مالك خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( جاء ثلاثة رهط إلی بیوت أزواج الـنبي صـلی الله علیـه وسلم یسألون عن عبادة النبي صلی الله علیه وسلم فلما أخبروا كأنهم تقالوها فقالوا وأین نحن من النبي صلی الله علیه وسلم قد غفر له ما تقدم من ذنبه وما تأخر قال أحدهم أما أنا فإني أصلي اللیل أبدا وقـال آخـر أنـا أصـوم الـدهر ولا أفطر وقال آخر أنا أعتزل النساء فلا أتزوج أبدا فجاء رسول الله صلی الله علیه وسلم إلیهم فقـال : " أنـتم الـذین قلـتم كذا وكذا أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له لكني أصوم وأفطر وأصلي وأرقد وأتزوج النساء فمـن رغـب عـن سـنتي

فليس مني ") متفق عليه واته : ( سێ کەس هاتنە لای ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم پرسیاریان دەکرد دەربارەی عیبادەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم جا کە هەواڵیان پێدرا وەك ئەوەبێ بەکەمی بزانن ئەوجا وتیان : جا ئێمە لە کوێین لە بەرامبەری پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەو بە تەئکید =خوا= لە تاوانەکانی پێش و پاشی خۆش بووە یەکێکیان ووتی : ئەمما من شەو نوێژ ئەکەم بە بەردەوامی وە یەکێکی تریان ووتی : من بەڕۆژوو ئەبم ساڵ بە بەردەوامی ڕۆژوو ناشکێنم وە ئەوی تریان ووتی : من واز ئەهێنم لە ئافرەت قەت ژن ناهێنم جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هاتە لایان و فەرمووی : ئێوە واو واتان ووتوە ئەمما والله من لە هەموتان زیاتر لە خوا ئەترسم وە لەهەموتان زیاتر تەقوای خوا ئەکەم =خۆم لە سزای خوا ئەپارێزم= بەڵام من بەڕۆژوو ئەبم وە ڕۆژوو ئەشکێنم وە نوێژ ئەکەم وە ئەخەوم وە ژنیش ئەهێنم جا ئەوەی ڕێگاو ڕێبازی =سوننەتی= منی نەوێتن ئەوە لەمن نیە ).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە عبد الله ئەفەرموێ : ( " یا عبد الله ألم أخبر أنك تصوم النهار وتقوم اللیل ؟ " فقلت : بلی یا رسول الله . قال : " فلا تفعل صم وأفطر وقم ونم فإن لجسدك علیك حقا وإن لعینك علیك حقا وإن لزوجك علیك حقا وإن لزورك علیك حقا) متفق علیه واتە : (ئەی عبد الله ئەوە ڕاستە کە خەبەریان داومێ تۆ بە ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبی وە شەو شەو نوێژ دەکەی=بەردەوام شەو ناخەوی وە بەردەوام بەڕۆژوو ئەبی=؟ عبد الله ئەڵێ ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئەوە مەکە هەندێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بە هەندێ ڕۆژ نا وە شەو نوێژ بکەو بشخەوە چونکە بە تەئکید لاشەت مافی هەیە بەسەرتەوە وە چاوەکانت مافیان هەیە بەسەرتەوە وە خێزانت مافی هەیە بەسەرتەوە وە میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( مرت بي فلانة ، فوقع في قلبي شهوة النساء ، فأتیت بعض أزواجي فأصبتها ، فكذلك فافعلوا ، فإنه من أماثل أعمالكم إتیان الحلال ) سلسلة الاحادیث الصحیحة 235 واتە : ( فلانە ئافرەت بەلاما تێپەڕی ، جا ئارەزووی ئافرەت کەوتە دڵم ، جا هاتمە لای یەکێ لە خێزانەکانم و لەگەڵی کاری خۆم کرد ، جا ئێوەش وابکەن ، چونکە بە تەئکید لە کردەوە چاکەکانتانە هاتنە لای حەڵاڵتان ).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إِذَا أَحَدُكُمْ أَعْجَبَتْهُ الْمَرْأَةُ فَوَقَعَتْ فِي قَلْبِهِ فَلْيَعْمِدْ إِلَى امْرَأَتِهِ فَلْيُوَاقِعْهَا فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدُّ مَا فِي نَفْسِهِ ( رواه مسلم واتە : ( ئەگەر یەکێك لە ئێوە ئافرەتێکی پێ جوان بوو وە کەوتە دڵیەوە با بچێتەوە لای خێزانی چونکە ئەوە ئەوەی لە نەفسیەتی ئەیگێڕێتەوە).

دەبینین لەم فەرموودانە کە چەندە گرنگی دراوە بەو باسە وە چۆن چارەسەری بۆ داندراوە دیارە لە وەڵامی پرسیاری پێشوو وە وەڵامی پرسیارەکانی داهاتوو شتی زیاترمان بۆ دەرئەکەوێت ان شاء الله .

**( جودی نیوز) : 3– ژن هێنان تەنها بۆ مەبەستی سێکس کردن و ڕێگربوون لە خستنەوەی منداڵ تا چەند لە ڕووی شەرعییەوە دروستە؟**

وەڵام : لە ڕووی شەرعیەوە دروستە ئەگەر مارە بڕینەکە بەشێوەیەکی دروست بێت و مافی ئافرەتەکە پارێزراو بێت بەڵام شتێکی باشیش نیە بەو مەرجەی هەتا هەتا نەبێت! دیارە ئەوەش لە کەسانێکەوە ئەبێت بەو شێوە زیاتر کێشەی دەرونیان هەیە مەرجیش نیە هەمووی وابێت بەڵام زۆر کەس وەك پێویست مانای ژیان نازانێ و لە ئەرکەکانی لە سەریەتی ڕائەکات! یان بەداخەوە زۆر جاران بە هۆی هێرشی فیکری غەیری موسڵمانان بۆ سەر موسڵمانان موسڵمانەکان ئەکەونە گومان لە خۆ کردن و زەحمەت بوونی ژیان لەبەر چاویان و دوای شتی لاوەکی کەوتن! یان خەڵکێك هەیە لە ڕزقی ئەترسێ! خوای بەرز دەفەرموێ : ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء وَاللّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلاً وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ سورة البقرة (268) واتە : ( شەیتان ئەتان ترسێنێ بە نەبونی و فەقیری وە فەرمانتان پێ ئەکا بە تاوانی قێزراوو ناشیرین ، وە خوای بەرز مژدەی لێخۆشبون لە تاوان و فەزلی خۆیتان پێ ئەدا خواش فەزلی وە ڕەحمەتی فراوانەو زانایە بە هەموو شتی دیارو نادیار ) . بەهەر حاڵ من لێرە تەنها ئەوە ڕوون ئەکەمەوە کە ئەو کارە دروستە بەڵام باشتر وایە نەکرێ ئەمەش بەڵگەکان هاتووە لە جابر خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : ( كنا نعزل والقرآن ينزل ) متفق عليه واتە : ( ئێمە عەزلمان دەکرد =یانی نەماندەهێشت ئاوی پیاو بچێتە ڕەحمی ئافرەت= وە قورئانیش دائەبەزی =واتە قورئان ئەو کاتە دا ئەبەزی ئەگەر دروست نەبوایە نەهیمان لێدەکرا=) . وە لەلای موسلیم ئەوە هاتووە جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( فبلغ ذلك النبي صلى الله عليه وسلم فلم ينهنا ) واتە : ( وە خەبەری ئەوە گەیشتە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە نەهی لێنەکردین ) . ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە وە بۆیە ئەڵێم باشترە نەکرێ چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم ) صحيح الترغيب والترهيب 1921 واتە : ( ژنی بێنن لەوانەی پیاوی خۆیان خۆش دەوێ و خۆشەویستن وە لەوانەی منداڵیان ئەبێت چونکە من فەخر ئەکەم بەزۆری ئوممەتەکەم لە چاو ئوممەتانی تر ).

ئەوە یەکێك لە سوودەکانی منداڵ کە ئوممەتی پێ زۆر ئەبێت مەعلومیشە زۆری یەعنی هێز و تواناش و بوونی بەرگری بەهێزیش! ئێستا چەندی هەست پێدەکەین لەو موعادەلە سیاسیانەی بەسەرمان دەچەسپێ! وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و اله وسلم ئەفەرموێ : (اذا مات الانسان انقطع عنه عمله الا من ثلاثة الا من صدقة جارية او علم ينتفع به او ولد صالح يدعو له) رواه مسلم واتە : ( ئەگەر مرۆڤ مرد کردەوەکانی لێ ئەپچڕێ ئیللا لە سێ شت نەبێ ئیللا لە سەدەقەیەکی بەردەوام ڕۆیشتوو =لەپاش خۆی بمێنێ= یان زانستێکی =جێ هێشتبێ= سوودی لێ وەربگیرێ یان منداڵێکی چاکی =جێ هێشتبێ= دوعای بۆ بکا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( سبع يجري للعبد أجرهن و هو في قبره بعد موته : من علم علما أو أجرى نهرا أو حفر بئرا أو غرس نخلا أو بنى مسجدا أو ورث مصحفا أو ترك ولدا يستغفر له بعد موته ) صحيح الجامع 3602 واتە : ( حەوت شت پاداشتەکەی بەردەوام ئەبێ بۆ بەندەو ئەویش لە گۆڕەکەیەتی لە پاش مردنی : کەسێك زانستێکی فێری =خەڵك= کردبێ یان ڕۆیشتنی ڕوبارێکی ئاسان کردبێ =بۆ خەڵك= یان بیرێکی

هەڵکەندبێ یان دار خورمایەکی ڕواندبێ یان مزگەوتێکی دروست کردبێ یان موسحەفێکی =کتابی قورئانی= لە پاش جێ مابێ یان منداڵێکی جێ هێشتبێ داوای لێخۆشبونی لەخوا بۆ بکا ) .

**ئەم دوو فەرموودە زۆر سوودی تیایەو هانمان ئەدات بۆ زۆر شت لەوانە :**

یەکەم : هانمان ئەدات بۆ جوان و ڕاست پەروەردە کردنی منداڵەکانمان لە سەر ئیسلام بۆ ئەوەی کە مردین دوعای خێرمان بۆ بکەن و سوودمان پێ بگەینن ، دیارە پەروەردە کردنی منداڵیش لە پێشا ئەبێ دایکێکی خاوەن دین و ڕەوشت بەرزی بۆ هەڵبژێری تا یارمەتیت بدا بۆ پەروەردەکردنی .

دووەم : هانمان ئەدا بۆ فێر بوونی زانستی شەرعی وە زانستی بەسوود تا بتوانین ئێمەش فێری خەڵکی بکەین و لەپاش مردنمان پاداشتمان بەردەوام بێ .

سێهەم : هانمان ئەدا بۆ خزمەت کردنی موسڵمانان و ئاسان کردنی بەرژەوەندیەکانیان لەوانە ئاسان کردنی گەیشتنی ئاو پێیان بۆ خۆیان و مەڕو ماڵات و کشتوکاڵیان پاداشتی ئەمەش بەردەوام ئەبێ لە پاش مردنیشمان .

چوارەم : هاندانی موسڵمان بۆ ڕواندن و چاندنی داری بەسوود لە هەموو دارێکیش بە سوودتر داری خورمایەو تەمەن درێژە و سوود زۆر بە موسڵمانان ئەگەیەنێ لە پاش مردنیشت تا سوودی هەبێ پاداشتت مسۆگەرە .

پێنجەم : هاندانی موسڵمان بۆ بڵاو کردنەوەی کتێب و لەدوای خۆی جێی بێڵێ لە هەموو کتێبێك بەسود تریش قورئانی پیرۆزە تا خەڵك سوودی لێ ببینێ تۆش پاداشتت ئەبێ .

شەشەم : هاندان بۆ دروست کردنی مزگەوت و ئاسان کردنی پاداشتی تاپاداشتی بەردەوامت هەبێ لە ژیانت و لەدوای مردنت .

ئەوەی بیر لەو فەرموودانە بکاتەوە سوودی زیاتر و فەزلی خوای زیاتر بۆ دەرئەکەوێ سبحانە وتعالی خوای گەورە ڕێگای خێر و پاداشتی بۆ ئاسان کردوین دەبا هەوڵ بدەین توێشوی قیامەتمان زیاد بکەین و کە مردین ناتوانین بێینەوە دونیا چاکە بکەین با ئەم شتانە=تایبەت منداڵی چاك= لە دوای خۆمان جێ بێڵین تا پاداشتەکەمان بۆ بەردەوام بێت وەکو ئەوەی خۆمان لە دونیا بین !.

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الرجل لترفع درجته في الجنة ، فيقول : أنى ( لي ) هذا ؟ فيقال : باستغفار ولدك لك ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1598 واتە : ( پیاو هەیە پلەی بەرز ئەبێتەوە لە بەهەشت ، ئەڵێ ئەوە بەچی بۆ من ؟ ئەوترێ پێی : بە دوعای منداڵەکەت بۆت لە خوا کە لێت خۆش بێ و تاوانت داپۆشێ ) .

**ئەو فەرموودە هانمان ئەدا بۆ چەند شتێك و چەند سودێکیشی تێدا :**

1- هانمان ئەدا بۆ زوو ژن هێنان بۆ ئەوەی هۆی منداڵ بوون بگرینە بەر .

2- هەڵبژاردنی ئافرەتێکی باش بۆ ئەوەی منداڵەکەمان بە شێوەیەك پەروەردە بکا کە لە پاشە ڕۆژ دوعامان بۆ بکا لە خوا کە لێمان خۆش بێ .

3- گرنگی دان بە پەروەردە کردنی منداڵ چونکە هۆیەکە بۆ بەرز بوونەوەی پلە لە بەهەشت .

4- زۆر داوا بکەین لە خوا بپاڕێینەوە کە منالّی چاکمان پیّ ببەخشیّ پاش ئەوەی هۆکارەکان ئەگرینە بەر .

5- خۆمان دوعا بکەین و لە خوا بپاڕێینەوە کە لە دایك و باوکمان خۆش بیّ و پلەیان بەرز بکات لە بەهەشت .

وە زۆر سوودی تر وەك ئەوەی کە لە پاش مردن دوعای منالّ سوودی هەیە بۆ دایك و باوك وە هەروەها بۆمان دەر ئەخا کە بەهەشت پلە پلەیە جا ئەوەی ئەیەویّ پلەی بەرز بەدەست بێنیّ با هەولّی بۆ بدا منالّیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پلەمان بەرز ئەکاتەوە لە بەهەشت دەبا هەولّی بۆ بدەین منالّمان زۆر بیّ نەك وەك کەسانێك بە داخەوە منالّیان لیّ بەلایەو بێزارن لێی لە جیاتی هەولّ بدەن بۆ بوونی هەولّی نەبوونی ئەدەن و ڕێی لیّ ئەگرن !.

وە چەند شتێکی تر گرنگە باسی بکەین کە زۆر کەس توشی ئەبیّ ئەوەیە کە ئافرەتان بە هۆی ئەو مەنع کردنە زۆر جار لە تام و چێژی خەوتنیان لە گەلّ پیاویان مەحروم دەبن ئەگەر خۆشی ئافرەتەکە ڕازی بیّ ئەوە زۆر جاری تر کێشەی تریان بۆ دروست دەکات وەك کێشەی تەندروستی بە هۆی بەکار هێنانی حەبی مەنع و عیلاج! یان کێشەی دەرونی بەوەی زۆر کەس لە بیدایەتی ژیانی هاوسەری دەلّیّ منالّمان ناویّ بەلاّم دوایی ئەیەویّ منالّیان ببیّ نایانبیّ! ! ! ئەوەش زۆر ڕوویداوە.

بەهەر حالّ من ئامۆژگاریم بۆ هەموو ئەوانەی ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن بڕواتان هەبیّ منالّ جوانی ژیانەو بەخششی خوایە خوای بەرز دەفەرمویّ : ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ الكهف 46 واتە : ( مالّ و منالّ جوانی ژیانی دونیان ). ئەوەی منالّی نەبیّ دەبینن چەندی پیّ قەلّسە مالّی خۆی هەموو سەرف ئەکا بۆ ئەوەی ببیّ ئەوە لەبەر چیە ! ؟ دە تۆ کە خوای گەورە ئەو نیعمەتت پیّ ببەخشیّ شوکری خوا بکە نەك لێی ڕابکەی خۆزگە هەموو کەس خۆشی بوونی منالّی ئەزانی ئەو کات قەت بڕواناکەم مەنعیان کردبا بەلاّم چی بلّێین خەلّك ئەوەندەی بیر لە کەمالیات ئەکاتەوە لەم سەردەمە بیر لەشتی تر ناکاتەوە کە بەختەوەری دونیاو دواڕۆژیەتی وە بەداخەوە خەلّکێك وای لێهاتبیّ ژن و مێردایەتی لا کورت بوبێتەوە لە خەوتنی شەوو هیچی تر!.

**( جودی نیوز) : 4-ئەوانەی ژن دەهێنن و منالّیان نابیّ لەو کاتەدا کە نەخۆشی جستەی لە پیاودا هەیەو لە تاقیگەی پزیشکییەکان داوایی تۆی لیّ دەکرێت ئایا گوناهبار دەبێت بە هێزی دەست تۆو بۆ تاقیگە ئامادە بکات؟**

وەلاّم : ئەو پرسیارە وەلاّمەکەی نازانم الله اعلم .

**( جودی نیوز) : 5- لە مەزهەبی شیعەکاندا بۆ خالّی کردنەوەی جنس زەواجی کاتی هەیە،ئەمە تا چەند لە ئیسلامدا ڕێگە پێدراوە ؟**

وەلاّم : ئەم کارە یەکەم جار ڕێگای پێدرابوو بەلاّم دوایی حەرام کرا تا ڕۆژی قیامەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویّ : ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي قَدْ كُنْتُ أَذِنْتُ لَكُمْ فِي الِاسْتِمْتَاعِ مِنْ النِّسَاءِ وَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهُ وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا ) رواه مسلم واتە : ( ئەی خەلّکینە من ئیزنی ئێوەم دابوو لە هێنانی ژن بۆ کاتی دیاری کراو وە بزانن خوا ئەوەی حەرام کرد تا ڕۆژی قیامەت جا ئەوەی ئافرەتی لابیّ بۆ کاتی دیاری کراو با ڕێگەی بدات وازی لێبێنیّ وە هیچ مەگێڕنەوە لەو مارەییەی دابوتانیّ . )

وه هاتووه له علي كوڕی ابي طالب خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ مُتْعَةِ النِّسَاءِ يَوْمَ خَيْبَرَ وَعَنْ أَكْلِ لُحُومِ الْحُمُرِ الْإِنْسِيَّةِ ) متفق عليه واته : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەهی کرد له موتعەی ئافرەت =هێنانی بۆ کاتی دیاری کراو= له ڕۆژی خەیبەر وه نەهی کرد له خواردنی گۆشتی گویٚ درێژی ماڵی ) .

هاتووه له عبد الله ی کوڕی عمر خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ : ( لما ولي عمر بن الخطاب خطب الناس فقال إن رسول الله صلى الله عليه وسلم أذن لنا في المتعة ثلاثا ثم حرمها والله لا أعلم أحدا يتمتع وهو محصن إلا رجمته بالحجارة إلا أن يأتيني بأربعة يشهدون أن رسول الله أحلها بعد إذ حرمها ) صحيح ابن ماجة واته : ( كه عمر خەلافەتی درایە وتاری بۆ خەڵك دا جا فەرمووی : بە تەئكید پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئیزنی داین به موتعه سێ =جار یان سێ شەو= پاشان حەرامی کرد والله بزانم یەکێك موتعەی کردبێ و ژنی هەبوبێ پێشتر ئیللا ڕەجمی ئەکەم به بەرد ئیللا مەگەر چوار شاهێدم بۆ بێنێ شاهێدی بدەن کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم حەڵاڵی کردووه له پاش ئەوەی حەرامی کردووه ).

دەبینین ئەو فەرموودەی دووەم عەلی خوا لێی ڕازی بێ ئەیگێڕێتەوە کە نەهی لەو کارە کراوە کەچی شیعە بە حیساب دوای عەلی خوا لێی ڕازی بێ کەوتوون که بەس وانیه ! بەهەر حاڵ ئەمە کارێکی حەرامە بۆ کەس دروست نیە قسەی شیعە بکاتە بەڵگە ئێمە لەسەرمانە تەنها شوێنی ئەوە بکەوین کە لەلایەن خوا بۆمان هاتووه لە سەر زمانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێشتریش هەندێ ئایەت و فەرموودەمان باس کرد لەسەر تاوانی دەرچوون لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم.

**( جودی نیوز) : 6– ئایا یاری دەستی کوڕان و کچان بۆ مومارەسەی سێکسی به شێوەیەکی خەیاڵی دروسته یان نا ئەگەر نادروسته سزاکەی لە قیامەتدا چییە؟**

وەڵام : ئەمە شتێکی نادروستە بەڵام بەڵگەی ڕاست نازانم هەبێت لە سەر شێوەی سزای لە قیامەت تەنها ئەوە نەبێت کە شتێکی نا دروستە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (5) إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (6) فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ (7)﴾ المؤمنون واتە : ( وە ئەوانەی کە داوێنی خۆیان دەپارێزن . جگە لە گەڵ خێزانیان و کەنیزەکەکانیان نەبێت کە لەگەڵ وان لۆمە =سەرزەنشت= ناکرێن . جا ئەوەی جگە لەوەی کە ڕێی پێدراوە لەو سنورەی بۆی دیاری کراوە لابدات و ڕێی تر بگرێت ئەوە ئەو کەسانە سنووریان بەزاندووە =لە حەڵاڵ بۆ حەرام=) .

دیارە کردنی ئەم کارەش لادانە لەو سنوورەی خوای بەرز دیاری کردووە لە بەر ئەوە دروست نیە .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء ) متفق عليه واتە : ( ئەی کۆمەڵی گەنجان کەسێك لە ئێوە ئەتوانێ =توانای ماڵی و جسمی هەیە بۆ ژن بەڕێوە بردن و خەوتن لەگەڵی= با ژن بێنێ بە

تەئكید ئەوە بۆ چاوی پارێزەر ترە=لەوەی توشی حەرام بێت= وە بۆ داوێن پارێزەر ترە =بەوەی توشی تاوان نەبێت= وە ئەوەی نەتوانێ ژن بێنێ با بەڕۆژوو بێت چونكە ڕۆژوو بۆی پارێزەری شەهوەتە=كەمی ئەكاتەوە= ) .

لە ڕیوایەتێك وا هاتووە كە هەندێ سەحابەكان خوا لێیان ڕازی بێ لە گەڵ پێغەمبەری خوا بوون صلى الله عليه وعلى اله وسلم هیچیان نەبووە نەیانتوانیوە ژن بێنن بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وای فەرمان پێ كردوون وەك لە عبد الله كوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَبَابًا لَا نَجِدُ شَيْئًا فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ ) رواه البخاري لێرە ئەبینین پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ ئەو گەنجانەی كە تواناى ژن هێنانیان نەبووە پێی نەووتن بڕۆن بەدەست ئەو كارە بكەن بەڵكو فەرمووی بەڕۆژوو بن! بەهەر حاڵ لە سەر ئەو باسە من قسەی زیاترم هەیە بەڵام هەڵی ئەگرم بۆ كاتی ئەوەی كە دێمە سەر ڕەددی هەندێ لە فەتواكانی مامۆستای ئاخیر زەمان =كرێكار= كە ئەمەی حەڵاڵ كردووە بۆ پیاوو ئافرەت و كوڕو كچ و بێوەژن و ژنی بە مێردیش ئەگەر مێردی نەیتوانی لەگەڵی بكات! تەنانەت ئامۆژگاریان ئەكا بەكردنی ئەوە نەبێ دەڵێتە كچەكان با ئاگاداری ئەوە بن پەردەی كچێنیان لە دەست نەدەن نەك لەبەر حەرامی لەبەر ئەوەی توشی كێشەی كۆمەڵایەتیان دەكات ئەڵێ عولەما ووتویانە شەرعەن هیچی لەسەر نیە كە پەردەی كچێنی لە دەست بدات! ! ! قسەی وای كردووە قژ لە گەڵی ئەوەستێ! ئەوە لەكاتی خۆی ڕەددی ئەدەمەوە ان شاء الله.

**( جودی نیوز) : 7- ئەگەر حكومەتێكی ئیسلامی وڵات بەڕێوە بەرێت سزایی زیناكردن لە دونیادا چۆنە؟ واتا بۆ ژن و پیاو كوڕو كچ یان كچ و پیاو ژن و كوڕ؟**

وەڵام : سزای زینا بەو شێوەیەیە ئەگەر پیاوێك كە پێشتر ژنی هێنابوو یان ئافرەتێك پێشتر شووی كردبێ سەد جەلدیان لێئەدرێ و دوایی ڕەجم ئەكرێن بە بەرد تا مردن بەڵام ئەگەر كوڕێك و كچێك كە پێشتر ژیانی خێزانیان پێك نەهێنابێ بە شێوەیەكی شەرعی ئەوە 100 جەلدیان لێئەدرێ لەگەڵ ساڵێك نەفی كردن خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (2)﴾ النور واتە : ( ژن و پیاوی زینا كەر هەر یەكەیان سەد جەلدیان لێبدەن وە بەزەیی پیا هاتنەوەتان بەوان نەبێتە هۆی نەكردنی ئەوەی دین لەسەری واجب كردوون لە لێدانیان بە جەلدە ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە وە با كۆمەڵێ لە بڕواداران ئامادە بن بۆ بینینی سزادانەكەیان ).

وە هاتووە لە أَبِي هُرَيْرَةَ وَزَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ خوا لێیان ڕازی بێ كە : ( إِنَّ رَجُلًا مِنْ الْأَعْرَابِ أَتَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْشُدُكَ اللَّهَ إِلَّا قَضَيْتَ لِي بِكِتَابِ اللَّهِ فَقَالَ الْخَصْمُ الْآخَرُ وَهُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ نَعَمْ فَاقْضِ بَيْنَنَا بِكِتَابِ اللَّهِ وَأْذَنْ لِي فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْ قَالَ إِنَّ ابْنِي كَانَ عَسِيفًا عَلَى هَذَا فَزَنَى بِامْرَأَتِهِ وَإِنِّي أُخْبِرْتُ أَنَّ عَلَى ابْنِي الرَّجْمَ فَافْتَدَيْتُ مِنْهُ بِمِائَةِ شَاةٍ وَوَلِيدَةٍ فَسَأَلْتُ أَهْلَ الْعِلْمِ فَأَخْبَرُونِي أَنَّمَا عَلَى ابْنِي جَلْدُ مِائَةٍ

وَتَغْرِيبُ عَامٍ وَأَنَّ عَلَى امْرَأَةِ هَذَا الرَّجْمَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ اللَّهِ الْوَلِيدَةُ وَالْغَنَمُ رَدٌّ وَعَلَى ابْنِكَ جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا فَإِنْ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا قَالَ فَغَدَا عَلَيْهَا فَاعْتَرَفَتْ فَأَمَرَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرُجِمَتْ ) متفق عليه واته ( پیاوێك لە دەشتەکیەکان هاتە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم داوات لێدەکەم بە خوا ئیللا حوکم بکەیت بۆم بە کتابی خوا وە ئەوەی تر کە کێشەی لە گەڵی بوو وە ئەو لەو تێگەیشتوو تر بوو ووتی : بەڵێ بە کتابی خوا حوکم بکە لە بەینمان وە ئیزنم بدە قسەی بکەم جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : بڵێ ووتی : من کوڕەکەم لای ئەو کەسە کرێکار بوو جا زینای لەگەڵ خێزانەکەی کردووە وە من هەواڵم پێدرا کە لەسەر کوڕەکەم ڕەجم هەیە جا فدیەم دا =یانی سوڵحم کرد لەگەڵ ئەو کابرایە بە= سەد مەڕ و جاریەیەکی =گەنج= کوڕەکەم لەو ڕەجمە ڕزگار بکەم جا پرسیارم کرد لە ئەهلی زانست هەواڵیان پێدام کە لەسەر کوڕەکەم تەنها سەد جەلد هەیە لەگەڵ نەفی کردنی ساڵێك وە لەسەر خێزانی ئەو کەسەش ڕەجم هەیە جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە حوکم دەکەم لە نێوانتان بە کتابی خوا جاریەکەو مەڕەکان بۆت دەگێڕدرێتەوە وە لەسەر کوڕەکەت سەد جەلدو نەفی کردنی ساڵێك هەیە وە ئەی انیس تۆ بڕۆ بۆ لای ژنی ئەو کابرایە ئەگەر دانی نا بە تاوانی زینا کردن ئەوە ڕەجمی بکە فەرمووی : جا انیس ڕۆیشتە لای ئافرەتەکە ئەو ئافرەتە دانی نا بەوەی زینای کردووە جا ڕەجم کرا ).

( خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ وَالثَّيِّبُ بِالثَّيِّبِ جَلْدُ مِائَةٍ وَالرَّجْمُ ) رواه مسلم واته ( لێمی وەگرن لێمی وەگرن خوا ڕێگای بۆ کردنەوە =بۆ ئافرەتی کە زینای کردبێ= ئەوەی شووی نەکردبێ سەد جەلدی لێئەدرێ وە ساڵێك نەفی ئەکرێ وە ئەوەی شووی کردبێ سەد جەلدی لێئەدرێ و ڕەجم ئەکرێ ).

دیاری مەبەست لەوەی کە ڕێگایان بۆ کرایەوەو خوای بەرز پێشتر لە ئایەتێك کە دەفەرموێ : ﴿ وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا (15) ﴾ النساء فەرمانی کردبوو ئەگەر ئافرەت زینایان کرد و چوار کەس شاهێدی دا لەسەریان سابت بوو ئەوە با ئەو ئافرەتە لە ماڵ حەپس بکرێ تا ئەمرێ یان خوا ڕێگایان بۆ ئەکاتەوە ئەو ڕێگایە ئەوەیە والله اعلم . لەبەر ئەوەی لەو باسە خەڵك زۆر بەهەڵە تێگەیشتووە من پێم خۆشە بە جوانی ڕوونی بکەمەوە وە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئێستا باوە ئەبینین بەناوی شەڕەف پارێزی خەڵك ئافرەت ئەکوژێ بزانین هەڵوێستی ئیسلام چۆنە.

**حەددی زینا بۆ پیاوو ئافرەت وەك یەکە**

پێش هەموو شتێك تاوانی زینا بۆ ئافرەت و پیاو وەك یەکە حوکمەکەشی بۆ هەردوولا وەك یەکە وەك لە ئایەت و فەرموودەکانی پێشتر بینیمان چ پیاو چ ژن فەرقی نیە ! بەڵام لای زۆر کەسی نەفام و دڵ ڕەش وا تێگەیشتوون یان دەیانەوێ وا لەخەڵك بگەیەنن ئیسلام ستەمی لە ئافرەت کردووەو حوکمی کوشتنی بەسەر داون و پیاوانی کردووە بە خاوەنی ئافرەت و ئازادی کردوون لەوەی ستەمیان لێبکەن و بیانکوژن! بێگومان ئەوە هیچی لە نزیك

ڕاستیەوەش نیە نەك ڕاست! ئەوەی پەیوەندی بەو باسەیە من هەندێکی ڕوون ئەکەمەوە ان شاء الله بۆ دەم کوت کردنی ئەو جۆرە کەسانەو بۆ دڵنیا بوونی موسڵمانان دیارە ئەوە حوکمی کوشتن و جەلد لێدان تەنها بۆ ئافرەت نیە هەر وەك چۆن حوکمی دەست بڕین و حوکمەکانی تر تەنها بۆ پیاو نیە بەڵکو بۆ پیاو وە ئافرەت وەك یەك وایە! بەڵگەکانی سەرەوەتان بینی کە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي﴾ یانی ئافرەت یان پیاو زینا بکات! ئەوە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی دوور لە ئیسلام ستەم لە ئافرەت بکرێ یان ئافرەتان ئەو حوکمەیان لەسەر جێبەجێ بکرێ و لە سەر پیاوان نەکرێ لەبەر نەبوونی حوکمی شەرعی و جێبەجێ نەکردنی شەرعی خوا ئەوە چ پەیوەندی بە ئیسلامەوەیە ! ؟ بەڵکو نەفامی و لە خوا نەترسانی حاکم و پیاوە ستەمکارەکانە !

## چۆن تاوانی زینا دەسەلمێت لەسەر ئافرەت یان پیاو؟

ئەوەش لێرە گرنگە بەڕاستی کە دووبارە زۆر خەڵك لێی ناشارەزان و بیستومانە ئافرەت کوژراوە لەسەر بوونی ژمارەی تەلەفۆن لای یان لەبەر تەنها بینینی کەسێك یان لەبەر گومانێك یان قسەیەك یان ڕەسمێك وە یانی تر زۆرە! دیارە لە شەرعی ئیسلام کە ئەو حوکمە داندراوە ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە چۆن دەسەلمێندرێ کەسێك زینای کردووە تا حوکمەکەی لەسەر جێبەجێ بکرێ دەبێت خۆیان (پیاو یان ئافرەت) دان بەو تاوانە بنێن یانیش چوار کەسی عەدل شاهێدی بدا لە سەریان کە بینیویانە بە چاوی خۆیان زینایان کردووە یان ئافرەتەکە سکی ببێ نەك ئەوەی تەنها ماچ یان خۆیان ڕووت کردبێتەوە ئەبێ بینیبێتیان کەوا پیاوو ئافرەتەکە یان کوڕو کچەکە بە ڕووتی عەورەتی پیاوەکە چوبێتە عەورەتی ئافرەتەکە =نەك ئەوەی تەنها بڵێن لە ژوورێك بەیەکەوە بوون یان لەسەرجێگا بوون بەیەکەوە بەڕووتی دەبێ ئیللا بینیبێتیان عەورەتی پیاوەکە چوبێتە عەورەتی ئافرەتەکە= ! ئەوجا ئەگەریش ئەوە بوو کەس بۆی نیە ئەو حوکمە جێبەی بکات تەنها سەرۆکی وڵات یان قازی کە جێگری ئەوە ! نەك پیاو ژنی خۆی بکوژێ برا خوشکی خۆی بکوژێ ئامۆزا کچی مامی بکوژێ و بەو شێوە ! وە ئەگەریش کەسێك تۆمەتی زینا بخاتە پاڵ کەسێك ئەبێ چوار شاهێد بێنێ کە ئەو کارەیان بینیبێ =کە عەورەتی پیاوەکە چووەتە عەورەتی ئافرەتەکە ئەبێ هەر چوار ئەمەیان بینیبێ بە ئاشکراو وازیحی= ئەگینا جەلدی لە پشت ئەدرێ حەقی ئەوەی بوختانی کردووە بە ئافرەتێك یان پیاوێك! با بچینە خزمەتی چەند ئایەت و فەرموودەیەك تا ئەم شتانەو چەندین شتی تریش ڕوون ببێتەوە ان شاء الله خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (4) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (5) وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (6) وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (7) وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (8) وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ (9) ﴾ النور واتە : ( وە ئەوانەی تۆمەتی زینا ئەگرنە ئافرەتانی داوێن پاك پاشان چوار شاهێد ناهێنن =کە بینیبێتیان ئەو ئافرەتە زینای کردبێ= ئەوە هەشتا جەلدەیان لێبدەن =لە بری ئەو تۆمەت دروست کردنە= وە شاهێدیان وەرمەگرن بە ئەبەدی وە ئەوانە لە فاسقانن =دەرچوان لە فەرمانی خوا بەوەی تاوانی گەورەیان کردووە بوختانیان هەڵبەستاوە

بۆ ئافرەتی داوێن پاك=. ئیللا ئەوانە نەبێ تەوبەی ئەكەن =پەشیمان ئەبنەوە= لە دوای ئەوە وە چاك ئەبن و چاكەی ئەكەن ئەوە بە تەئكید خوا لێخۆشبووە لە تاوان = تاوان دائەپۆشێ بۆ تەوبەكاران= و بە بەزەییە =لەگەڵ بەندەكانی=. وە ئەوانەی تۆمەتی زینا ئەگرنە خێزانەكانیان وە شاهێدیان نیە تەنها خۆیان نەبێ ئەوە شاهێدی كەسێكیان وایە كە چوار جار شاهێدی بدا بەوەی سوێند بە خوا بخوات =بینیوێتی خێزانی زینای كردوە= و ڕاستگۆیە. وە پێنجەم شاهێدی بڵێ لەعنەتی خوای لەسەرم ئەگەر درۆ ئەكەم و لە درۆزنانم. وە ئافرەتەكە سزای زینای لەسەر لائەچێ بەوەی بێت چوار جار شاهێدی بدات و سوێند بەخوا بخوات كە پیاوەكەی درۆ ئەكاو لە درۆزنانە. وە پێنجەم شاهێدی دانی بڵێ تورەیی خوا لەسەرم بێت ئەگەر پیاوەكەم ڕاستگۆ بێت و لە ڕاستگۆیان بێت).

لێرە دیارە ڕوونە ئەوەی بوختان بكات بۆ ئافرەتێك بەوەی زینای كردووە ئەوە جەلدی لێدەدرێ حەقی بوختانەكەی ئیللا ئەگەر چوار شاهێد بێنێ ئەو كارەیان بینیبێ بەتەواوی یانی بینیبێتیان عەورەتی پیاوەكە لەناو عەورەتی ئافرەتەكە بێت! وە ئەگەر پیاوێك ئەو تۆمەتە بخاتە سەر خێزانی ئەویش جەلدی لێئەدرێ یان ئەبێ سوێند بخوات پێنج جاران ئەو كات جەلدی لێنادرێ ئافرەتەكەش ئەگەر پێنج جار سوێند بخوا ئەویش حەددی لێدەرناكرێ ڕزگاری ئەبێت ئەوە حوكمی ئیسلامە هەر شتێك بە پێچەوانەی ئایەت و فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بێت ئیسلام لێی بەریە وە ئەبێ بزانین ئەگەر ئافرەت زینای كرد و ژن نەبوو كچ بوو شووی نەكردبوو كوشتنی لەسەر نیە تەنها سەد جەلدەو ساڵێك نەفی دەكرێ ئەوە ئەگەر لەسەری سابت بوو ئەی چۆن ئەگەر سابت نەبێ!

وە هاتوە لە ابْنِ عَبَّاسٍ خوا لێیان ڕازی بێت ئەفەرموێ : ( أَنَّ هِلَالَ بْنَ أُمَيَّةَ قَذَفَ امْرَأَتَهُ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاءَ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْبَيِّنَةَ أَوْ حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِذَا رَأَى أَحَدُنَا عَلَى امْرَأَتِهِ رَجُلًا يَنْطَلِقُ يَلْتَمِسُ الْبَيِّنَةَ فَجَعَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ الْبَيِّنَةَ وَإِلَّا حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ فَقَالَ هِلَالٌ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنِّي لَصَادِقٌ فَلَيُنْزِلَنَّ اللَّهُ مَا يُبَرِّئُ ظَهْرِي مِنْ الْحَدِّ فَنَزَلَ جِبْرِيلُ وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ { وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ فَقَرَأَ حَتَّى بَلَغَ إِنْ كَانَ مِنْ الصَّادِقِينَ } فَانْصَرَفَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَرْسَلَ إِلَيْهَا فَجَاءَ هِلَالٌ فَشَهِدَ وَالنَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنَّ أَحَدَكُمَا كَاذِبٌ فَهَلْ مِنْكُمَا تَائِبٌ ثُمَّ قَامَتْ فَشَهِدَتْ فَلَمَّا كَانَتْ عِنْدَ الْخَامِسَةِ وَقَّفُوهَا وَقَالُوا إِنَّهَا مُوجِبَةٌ قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ فَتَلَكَّأَتْ وَنَكَصَتْ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهَا تَرْجِعُ ثُمَّ قَالَتْ لَا أَفْضَحُ قَوْمِي سَائِرَ الْيَوْمِ فَمَضَتْ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَبْصِرُوهَا فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ الْعَيْنَيْنِ سَابِغَ الْأَلْيَتَيْنِ خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ فَهُوَ لِشَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاءَ فَجَاءَتْ بِهِ كَذَلِكَ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَوْلَا مَا مَضَى مِنْ كِتَابِ اللَّهِ لَكَانَ لِي وَلَهَا شَأْنٌ ) رواه البخاري واتە : ( هِلَالَ بْنَ أُمَيَّةَ تۆمەتی زینای خستە پاڵ خێزانی لە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەوەی لەگەڵ شَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاء زینای كردووە جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : بەڵگە ئەبێ بێنێ =یانی چوار شاهێد بێنی= یان حەد لە پشتت =ئەگەر بەڵگە نەهێنیت جەلدت لێدەدەین= جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەگەر یەكێك لە ئێمە پیاوێك لەسەر ئافرەتەكەی ببینێ بڕوات بەدوای

بەڵگە بگەڕێ جا پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەر ئەیفەرموو : بەڵگە بێنە ئەگینا حەد لە پشتت جا هلال ووتی : سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە من ڕاست ئەکەم خوای بەرز ئەوەی دائەبەزێنێ کە پشتمی پێ ڕزگار بێ لە حەد =بەوەی جەلد نەخۆم= جا جبریل دابەزی وە ئەو ئایەتانەی بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم دابەزاند { وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ فَقَرَأَ حَتَّى بَلَغَ إِنْ كَانَ مِنْ الصَّادِقِينَ }=پێشتر مانای ئەو ئایەتانەمان لێکدایەوە= جا پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم لەو شوێنەی وەحی بۆ هات چووە شوێنێکی ترو ناردی بەدوای هلال ئەوجا هلال شاهێدی دا =سوێندی خوارد= وە پێغەمبەریش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەیفەرموو : بە تەئکید خوا ئەزانێ یەکێکتان درۆ ئەکەن جا کەسێك هەیە لە ئێوە تەوبە بکات پاشان ئافرەتەکە هەڵسا شاهێدی دا =سوێندی خوارد= کە گەیشتە پێنجەم سوێند ڕایان گرت ووتیان ئەوە ئەچەسپێنێ =ئەگەر درۆ بکەی تورەیی خوات ئەکەوتە سەر= ابن عباس ئەفەرموێ : ئافرەتەکە وەستاو کشایەوە دواوە هەتا وا گومانمان برد دەگەڕێتەوە =پەشیمان ئەبێتەوە= پاشان ووتی : قەومەکەی خۆم فەزح =ئەتك= ناکەم ئەم ڕۆژگارە بەردەوام بوو لە شاهێدیەکەی جا پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی الە وسلم فەرمووی : سەیری بکەن =چاوەڕوانی بکەن= ئەگەر مناڵەکەی بوو چاوی ڕەش بوو =وەك ئەوەی کلی لەچاو دابێ= نێرکەکانی قەڵەوو پڕ بوو وە قاچەکانی قەڵەو بوو ئەوە مناڵی شریك کوڕی سحماء ە جا مناڵەکەی وابوو ئەو وەسفانەی بوو ئەوجا پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم فەرمووی : ئەگەر ئەوە نەبوا کە لە کتابی خوا بڕیار دراوە =نابێ ئەو ئافرەتە حەددی لێدرێ ئەگەر سوێندی خوارد= ئەوە من و ئەو ئافرەتە شتێکمان ئەبوو =یانی ئەمکردە عیبرەت=).

سەیری ئەم فەرموودە بکەن بە جوانی و بیری لێبکەنەوە ئەم کابرایە نەهات ژنەکەی بکوژێ یەکسەر چونکە کوشتن دەبێ بە فەرمانی ئیمام =سەرۆك یان جێگری لە قازیەکان= بێت وە پیاوەکە جەلدی ئەخوارد ئەگەر سوێندی نەخواردبا ! وە کە ئافرەتەکە سوێندی خوارد حەددی لێدەرنەکرا کە ئەو نیشانەشی لێدەرکەوت مناڵەکەی هێشتا وازیان لێهێنا !

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ قَالَ الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ ) متفق علیه واتە : ( خۆتان بپارێزن و دوور کەونەوەو پشت بکەنە ئەو حەوت تاوانەی کە خاوەنەکەی بە هیلاك ئەبات ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەمانە کام تاوانن ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە تەنها بە حەق نەبێ وە خواردنی ڕیبا وە خواردنی ماڵی یەتیم وە ڕاکردن لە ڕۆژێك کە بەرامبەری دوژمنانی ئیسلامی لە جیهاد وە بوختان کردن بۆ ئەو ئافرەتانەی داوێن پاکن و بێ ئاگان و بڕوادارن ) .

وە هاتووە لە عمری کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( إن الله بعث محمدا وأنزل عليه الكتاب فكان مما أنزل الله تعالى آية الرجم رجم رسول الله صلى الله عليه وسلم ورجمنا بعده والرجم في كتاب الله حق على من زنى إذا أحصن من الرجال والنساء إذا قامت البينة أو كان الحبل أو الاعتراف ) متفق علیه واتە : ( بە تەئکید خوا محمدی

ڕەوانە کردووە وە کتابی لەسەر دابەزاندووە وە لەوەی خوای بەرز دایبەزاند ئایەتی ڕەجم بوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم ڕەجمی کردووە وە ئێمە لەدوای ئەو ڕەجممان کردووە وە ڕەجم لە کتابی خوا حەقە =سابتە= لەسەر ئەوەی زینا بکات لە پیاوو ئافرەتان ئەگەر پێشتر ژنیان هێنابوو یان شویان کردبوو ئەکەر بە بەڵگە سەلمێندرا بەڵگە هەبوو =چوار شاهێد هەبن= یان ئافرەتەکە زگی هەبێت یان دان پێدانانی خۆیان هەبێت ).

یانی ئەم سێ شتە زینا دەسەلمێنن یان چوار شاهێد هەبن کە ئەوە زۆر زەحمەتە! یان دان پێدانانی زیناکەرەکە یان ئافرەتێك زگی هەبێت و مێردیشی نەبێت! بەو مەرجەی بەزۆر زینای لەگەڵ نەکرابێ وەك دوایی ڕوونی ئەکەمەوە ان شاء الله .

لە عبد الله ی کوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : ( جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً فِي أَقْصَى الْمَدِينَةِ وَإِنِّي أَصَبْتُ مِنْهَا مَا دُونَ أَنْ أَمَسَّهَا فَأَنَا هَذَا فَاقْضِ فِيَّ مَا شِئْتَ فَقَالَ لَهُ عُمَرُ لَقَدْ سَتَرَكَ اللَّهُ لَوْ سَتَرْتَ نَفْسَكَ قَالَ فَلَمْ يَرُدَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَيْئًا فَقَامَ الرَّجُلُ فَانْطَلَقَ فَأَتْبَعَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلًا دَعَاهُ وَتَلَا عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةَ { أَقِمْ الصَّلَاةَ طَرَفَيْ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنْ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ } فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْقَوْمِ يَا نَبِيَّ اللَّهِ هَذَا لَهُ خَاصَّةً قَالَ بَلْ لِلنَّاسِ كَافَّةً ) رواه مسلم واتە : ( پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وعلى اله وسلم ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم من لەگەڵ ئافرەتێك ڕامبواردووە لەو سەری مەدینەوە وە من لەگەڵی کردوومە بێجگە لە جیماع =تەنها جیماعم لەگەڵ نەکرد= جا ئەوە منم حوکم بکە لەسەرم بەوەی دەتەوێ جا عمر پێی فەرموو : خوا ستری کردبوی =تاوانەکەی شاردبویەوە ئەگەر خۆت نەفسی خۆتت ستر کردبا فەرمووی : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم هیچ وەڵامی نەدایەوە جا پیاوەکە هەڵسا و ڕۆیشت جا پێغەمبەر صلی الله علیه وعلى اله وسلم پیاوێکی بەدوای نارد بانگی کرد وە ئەو ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە { أَقِمْ الصَّلَاةَ طَرَفَيْ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنْ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ }=هود 114= {نوێژت بکە نوێژە فەرزەکان لە بیدایەت و کۆتایی ڕۆژ بەیانی و ئێواران وە هەندەك لە شەو =هەر پێنج نوێژەکە ئەگرێتەوە= بە تەئکید چاکەکان تاوانەکان ئەسڕنەوەو نایهێڵن ئەوە بیر هێنانەوەیە بۆ ئەوانەی بیرئەکەنەوە عیبرەت وەردەگرن } جا پیاوێك لەناو قەومەکە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم ئەمە تایبەت تەنها بۆ ئەو پیاوەیە؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم فەرمووی : بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە ).

ئەوە دەری ئەخات کە ئەگەر کەسێك ئافرەتێك ماچ بکات یان دەست بکاتە ملی یان هەر شتێك مادام عەورەتی نەچوبێتە عەورەتی حوکمی حەددی نیە لەسەر! بەڵکو ئەگەر چاکەی هەبن خوا ئەو گوناهەی بۆ دەسڕێتەوە حەد لە سەری نیە بەڵام بێگومان ئیمام ئەتوانێ عقوبەی بدا تەعزیری بکات بەڵام نەك حەد یان بکوژرێ!

( عن سهل بن سعد عن النبي صلى الله عليه وسلم أن رجلا أتاه فأقر عنده أنه زنى بامرأة سماها له فبعث رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى المرأة فسألها عن ذلك فأنكرت أن تكون زنت فجلده الحد وتركها ) رواه ابو داود وصححه الالباني واتە : ( لە سهل کوڕی سعد لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وعلى اله وسلم کە پیاوێك هاتە لای دانی نا

لەلای بەوەی زینای کردووە لەگەڵ ئافرەتێك و ناوی هێنا جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم ناردی بەدوای ئافرەتەکە وە پرسیاری لێکرد لە سەر ئەو شتە ئافرەتەکە ئینکاری کرد =ووتی وانیە= زینای نەکردووە جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم جەلدی لێدا لە پیاوەکە حەددی دەرکرد وە وازی لە ئافرەتەکە هێنا).
لەو فەرموودە ئەبینین پیاوێك ئەڵێ زینام لەگەڵ فلان کردووە بەڵام ئافرەتەکە ئەڵێ وانیە ئەوە تەنها حەد لەو کەسە دەرکرا کە دانی نا بەتاوانەکەی ئەوەی دانی نەنا حەددی لێدەرنەکرا!

**ئەوەی زۆری لێبکرێ بۆ زینا حەددی لەسەر نیەو تاوانباریش نابێ**

ئەگەر ئافرەتێك یان پیاوێك بەزۆر زینای لەگەڵ بکرێ و دەست درێژی بکرێتە سەرو ناچار بکرێ لەسەری ئەوە تاوانبار نیەو حەددی لەسەر نیە!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ :( إن الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه ) رواه ابن ماجة وصححه الالباني واتە : ( بە تەئکید خوا خۆش بووە لە ئوممەتەکەی من لە هەڵە وە ئەوەی لە بیری کەن وە ئەوەی بەزۆر پێیان کرابێ ).

لە أبي عبد الرحمن السلمي فەرمووی : ( أتى عمر بن الخطاب رضى الله عنه بامرأة جهدها العطش فمرت على راع فاستسقت فأبى أن يسقيها إلا أن تمكنه من نفسها ففعلت فشاور الناس في رجمها فقال علي رضى الله عنه : هذه مضطرة أرى أن تخلي سبيلها ففعل ) اخرجه البيهقي وصححه الالباني في الارواء 2313 واتە : ( ئافرەتێکیان هێنا بۆ لای عمر ی کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێ کە تێنوێتی زۆری بۆ هێنابوو جا بەلای شوانێك ڕەت ببوو و داوای ئاوی لێکردبوو شوانەکەش ڕازی نەبوو ئاوی بداتێ ئیللا بەوە نەبێ کە خۆی تەسلیمی بکات ئافرەتەکەش وای کرد =لەتێنوێتیان= جا عمر خوا لێی ڕازی بێ موشاوەرەی بە خەڵکەکە کرد پرسی پێکردن جا علی خوا لێی ڕازی بێ فەرمووی : ئەوە ناچار بووە وا ئەبینم بەری بدەی بڕوات جا عمر خوا لێی ڕازی بێ وای کرد ).

لە طارق بن شهاب ئەفەرموێ : ( أن امرأة زنت فقال عمر : أراها كانت تصلي من الليل فخشعت فركعت فسجدت فأتاها عاد من العواد فتجثمها فأرسل عمر إليها فقالت كما قال عمر فخلى سبيلها ) أخرجه ابن أبي شيبة في ( المصنف ) وصححه الالباني في الارواء 2312 واتە : ( ئافرەتێك زینای کرد جا عمر خوا لێی ڕازی بێ فەرمووی : وا ئەبینم ئەو ئافرەتە نوێژی ئەکر د لەشەو جا خشوع گرتبووی جا ڕکوعی بردو سەجدەی برد جا پیاوێك لە پیاوان بۆی هات و گرتیە خۆی =زینای لەگەڵ کرد بەزۆر= جا عمر خوا لێی ڕازی بێ ناردی بۆ لای ئافرەتەکە جا ئافرەتەکە ئەوەی ووت کە عمر خوا لێی ڕازی بێ ووتی جا عمر خوا لێی ڕازی بێ وازی لێهێنا ئازادی کرد).

ئەمە بۆمان ڕوون بۆوە ئەوەی زۆری لێکرابێ حەددی لەسەر نیە چونکە بیستومانە زۆر ئافرەت کوژراون حەقیقەتیش ئەو ئافرەتە تاوانی نەبووە چونکە زۆری لێکراوە ترسێندراوە بە کوشتن یان حەیا بردن و بەکوشت دان و زۆر شتی تر! ئەوە ئەگەر ئەم کارەشی بەخۆشی خۆی کردبوو هەر نابێ بکوژرێ ئەبێ بەڵگە هەبێ یان خۆی دان بنێ بەو تاوانە یان زگی هەبێت ئەوجا ئەگەر کچ بێ ناکوژرێ ئەگەر ژن بێ ئەکوژرێ بەڵام ڕەجم ئەکرێ نەك بە شێوەیەکی تر بکوژرێی مەیتەکەشی فڕێ بدرێ کە ئەمە هەر بۆ خۆی تاوانێکی قیزراوەو بێڕێزیەکی گەورەیە

بەرامبەر مرۆڤێك كە خوا ڕێزی لێناوە ! ئەوجا ئیمام قازی ئەو حوكمە ئەبێ جێبەجێ بكات نەك باوك یان مێرد لە فەرموودەكانیش ئەمەمان بۆ ڕوون بۆوە پێشتر وە كە ڕەجمیش بكرێ ئەبێ ڕێزی بگیرێ و نوێژی لەسەر بكرێ و بنێژرێ وەك لەم فەرموودەی داهاتوو دەر ئەكەوێ والله اعلم.

لە عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُرَيْدَةَ لە باوكیەوە ئەگێڕێتەوە : ( أَنَّ مَاعِزَ بْنَ مَالِكٍ الْأَسْلَمِيَّ أَتَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَزَنَيْتُ وَإِنِّي أُرِيدُ أَنْ تُطَهِّرَنِي فَرَدَّهُ فَلَمَّا كَانَ مِنْ الْغَدِ أَتَاهُ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ فَرَدَّهُ الثَّانِيَةَ فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ أَتَعْلَمُونَ بِعَقْلِهِ بَأْسًا تُنْكِرُونَ مِنْهُ شَيْئًا فَقَالُوا مَا نَعْلَمُهُ إِلَّا وَفِيَّ الْعَقْلِ مِنْ صَالِحِينَا فِيمَا نُرَى فَأَتَاهُ الثَّالِثَةَ فَأَرْسَلَ إِلَيْهِمْ أَيْضًا فَسَأَلَ عَنْهُ فَأَخْبَرُوهُ أَنَّهُ لَا بَأْسَ بِهِ وَلَا بِعَقْلِهِ فَلَمَّا كَانَ الرَّابِعَةَ حَفَرَ لَهُ حُفْرَةً ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ قَالَ فَجَاءَتْ الْغَامِدِيَّةُ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ فَطَهِّرْنِي وَإِنَّهُ رَدَّهَا فَلَمَّا كَانَ الْغَدُ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَ تَرُدُّنِي لَعَلَّكَ أَنْ تَرُدَّنِي كَمَا رَدَدْتَ مَاعِزًا فَوَاللَّهِ إِنِّي لَحُبْلَى قَالَ إِمَّا لَا فَاذْهَبِي حَتَّى تَلِدِي فَلَمَّا وَلَدَتْ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي خِرْقَةٍ قَالَتْ هَذَا قَدْ وَلَدْتُهُ قَالَ اذْهَبِي فَأَرْضِعِيهِ حَتَّى تَفْطِمِيهِ فَلَمَّا فَطَمَتْهُ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي يَدِهِ كِسْرَةُ خُبْزٍ فَقَالَتْ هَذَا يَا نَبِيَّ اللَّهِ قَدْ فَطَمْتُهُ وَقَدْ أَكَلَ الطَّعَامَ فَدَفَعَ الصَّبِيَّ إِلَى رَجُلٍ مِنْ الْمُسْلِمِينَ ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَحُفِرَ لَهَا إِلَى صَدْرِهَا وَأَمَرَ النَّاسَ فَرَجَمُوهَا فَيُقْبِلُ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ بِحَجَرٍ فَرَمَى رَأْسَهَا فَتَنَضَّحَ الدَّمُ عَلَى وَجْهِ خَالِدٍ فَسَبَّهَا فَسَمِعَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَبَّهُ إِيَّاهَا فَقَالَ مَهْلًا يَا خَالِدُ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ تَابَهَا صَاحِبُ مَكْسٍ لَغُفِرَ لَهُ ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَصَلَّى عَلَيْهَا وَدُفِنَتْ ) رواه مسلم واتە : ( وابوو ماعز كوڕی مالك ی اسلمی هاتە لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەمن ستەمم كردووە لە نەفسی خۆم وە زینام كردووە وەمن دەمەوێ پاكم كەیتەوە جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕەددی كردەوە جا كەبەیانی بوو هاتەوە لای ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم من زینام كردووە ڕەددی كردەوە دووبارە جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ناردی بۆ لای قەومەكەی پێی فەرموون : ئایا شتێ دەزانن كە ئەو كابرایە عەقڵی تەواو نەبێ شتێ لە عەقڵی هەبێ ئینكاری بكەن ووتیان نایزانین دەربارەی ئیللا ئەوە نەبێ كە خاوەنی عەقڵە لە چاكەكانمانە لەوەی ئەبینین جا سێیەم جار هاتەوە دووبارە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ناردیە لای قەومەكەی پرسیاری كردو هەواڵیان پێدا كە هیچ عەیبی نیە وە عەقڵیشی عەیبی نیە جا كە چوارەم جار هات حەفرێكی بۆ هەڵكەند پاشان فەرمانی پێدا كە ڕەجم بكرێ ڕەجم كرا فەرمووی : جا =ئافرەتێك=لە الغامدية كان هات جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم من زینام كردووەو پاكم كەرەوە وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕەددی كردەوە جا كە بەیانی بویەوە ئافرەتەكە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ ئەمگێڕیتەوە لەوانەیە تۆ بمگێڕیتەوە وەك ماعزت گەڕاندەوە سوێند بە الله من زگم هەیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بڕۆ تا منالت ئەبێت جا كە منالی بوو هاتە لای بە منالەكەیەوە لە پەڕۆیەكی وەرپێچابوو ووتی ها ئەوە منالەكەشم بوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بڕۆ شیری بدەرێ هەتا لەشیری دەكەیتەوە =خواردن ئەتوانێ بخوات= جا كە منالەكەی لە شیر كردەوە هاتەوە منالەكەی

لەگەڵ خۆی بۆ هێنا کە کەرتە نانی لەدەست بوو =یانی توانای خواردنی بوو= ووتی : ئـەوە ئـەی پێغەمبـەری خـوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم لە شیرم کردەوە وە خواردنیش ئەخوات جا پێغەمبەری خوا صلی اللە علیـە وعلـی الـە وسلم منداڵەکەی دا پیاوێك لە موسڵمانان پاشان فەرمانی کرد بە حەفر کردن بۆی تاسینگی وە فەرمانی بەخەڵك کرد و ڕەجمیان کرد خالد کوڕی ولید ڕووی تێکردو بەردێکی و گرتە سەری جـا خـوێن بـەربوو =فلیـچقەیکرد= بـە ڕووی خالد جا جنێوی پێدا پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم ئەمەی بیست کە جنێـوی دا جـا فـەرمووی : لـە سەرخۆ ئەی خالد سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە ئەو ئافرەتە تەوبەیەکی کـرد تەوبەیـەکی وا ئەگـەر خـاوەنی گومرگ بیکردبا خوا لێی خۆش ئەبوو پاشان فەرمانی کرد بەوەی ڕەجم بکرێ وە نوێژی لەسەر کرد وە دفن کرا ).

**ئەو فەرموودە زۆر سوودی تێدا لەوانە**

1– ئەبێت ئەو کەسەی تاوانی زینا دەکات تەوبە بکات باشترە نەك بچێت دان بەتاوانەکەی بـنێ حـەددی لێدەرکرێ بینیمان چۆن پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم ئەم پیاوەو ئافرەتەی ئەگەڕاندەوە تا تەوبە بکەن!

2– وە ئەو ئافرەتەی زینای کرد یان ئەو پیاوەی زینای کرد دانی نا بەتاوانەکەی ئـەوە حـەددی لەسـەر دەرئـەکرێ بەڵام بێڕێزی بەرامبەری ناکرێ ئەشبێ نوێژی لەسەر بکرێ و دفنیش بکرێ .

3– وە منداڵی زینا ئەگەر سابت بوو منداڵی زینایە ئەوە هیچ تاوانی نیە ئەبێ دایکی ڕەجم نەکرێ یەکەم تا منداڵەکەی لە دایك دەبێ دووەم تا شیری ئەداتێ سێهەم منداڵەکە بدرێتە کەسێك بەخێوی بکات هاتووە لە روایەتـەکی تـر فَـأَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ قَدْ وَضَعَتْ الْغَامِدِيَّةُ فَقَالَ إِذًا لَا نَرْجُمُهَا وَنَدَعُ وَلَدَهَا صَغِيرًا لَيْسَ لَـهُ مَـنْ يُرْضِـعُهُ فَقَـامَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ فَقَالَ إِلَيَّ رَضَاعُهُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ قَالَ فَرَجَمَهَا مسلم واتە : ( هاتە لای پێغەمبـەر صلی اللە علیە وعلی الـە وسلم فەرمووی منداڵەکەی بووە پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم کە وابێ ڕەجمی ناکەین منداڵەکەی بـە بچووکی واز لێبێنین کەس نەبێ بە خێوی بکات پیاوێك لە ئەنساریەکان هەڵسایەوە ووتی : بەخێو کردنی بۆ من ئەی پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم فەرمووی : ڕەجمی کرد).

4– ئەبێ ئیمام قازی تەئکید بکات لە دان پێدانانەکە بزانێ ئەو کەسە لەسەر خۆیەتی !

5– خاوەنی گومرگ ئەوەی گومرگ ئەسەنێ لەخەڵك تاوانەکەی زۆر گەورەترە لە زینا چونکە مـاف خـەڵکێکی زۆری ئەچێتە سەر واللە اعلم .

سوودی تریش هەن لە فەرموودەکە وەك ئەوەی کە تەوبەی ڕاست تاوانی زیناو هەر تاوانێکی گەورە ڕەش ئەکاتەوە وە ئیمام قازی ئەبێ فەرمانی حەدد دەربکات کەسیش نابێ لەخۆیەوە ئیهانەی ئەو کەسە بکات کە حەددی لەسەرە زۆر سوودی تریش.

وە هاتووە لە علي خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ ئافرەتێك زینای کردووە لە نیفاسا بووە ترساوە لەوەی بمرێ جەلدی لێنەداوە پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وعلی الە وسلم پێی فەرموو چاکت کرد : (اتْرُكْهَـا حَتَّـى تَمَاثَـلَ ) رواه مـسلم واتە : ( وازی لێبێنە تا چاك ئەبێتەوە ).

وه پیاوێکی تر نەخۆش و لاوازو بێ توانا بوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسـلم فـەرمووی : ( اجلـدوه ضرب مائة سوط ، قالوا : یا نبي الله ! هو أضعف من ذلك ، لو ضربناه مائة سوط مات ؟ قال : فخذوا له عثكالا فيه مائة شمراخ فاضربوه ضربة واحدة) سلسلة الاحاديث الصحيحة 2986 واته : ( سەد قامچی لێبدەن ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەو لەوە بێ توانا ترە خۆی لەبەر سەد قامچی ڕاگرێ ئەگەر سەد قامچی لێبدەین ئەمرێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : دە بڕۆن لقە دار خورمایەکی ببەن سەد چیلکەی هەبێت و یەك جاری بەوە لێیبدەن ).

**هەڵوێستی ئیسلام لەسەر ژن کوژی!**

پاش ئەو ڕوون کردنەوانەو هێنانەوەی بەڵگەکان بۆمان دەرکەوت ئەوەی خەڵکی بێ بڕواو دوژمن بە دینی ئیسلام ئەیکاتە تۆمەت بۆ ئیسلام کە گوایە هانی ژن کوشتنی داوە! ئەوە تۆمەتێکی بەتاڵەو هیچ پەیوەندی نیە بە ئیسلامەوە ئەگەر موسڵمانێکیش لەخوا نەترسا ئەم کارەی بە ناحەق کرد ئەوە ئەبێ حکومەت تۆڵەی لێسەنێتەوەو بیکاتە عیبرەت و ڕێی لەو کارە بگرێ وە بۆمان دەرکەوت تاوانی زینا بۆ ئافرەت و پیاو وەك یەك وایە هیچ جیاوازی نیە ! ئەو باسە من بەپەلە نوسیومە بێگومان هەر گومانێکی تر هەبێت ان شاء الله لە داهاتوو پوچی ئەکەینەوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و داوا لەخوای بەرزیش ئەکەم هیدایەتی هەموو لایەکمان بدات بۆ جێبەجێکردنی شەرعەکەی.

**( جودی نیوز ) : 8- تۆ لە بابەتێکی تایبەتی خۆتدا کە بۆ جودی نیوزت ناردبوو بە قورئان و سونەت نمونەی ئەوەت هێنایەوە کە سێکس کردن لە دواوە دروست نییە؟ئەکرێت پێمان بڵێیت وەك ئەوەی کە سێکس کردن لە ڕێگەی کۆمەوە دروست نییە ئایا لێخشاندن لە کاتی عادەبوونی ژندا بۆ خاڵی بوونەوەی بۆشایی سێکسی لە جستەی پیاودا دروستە؟**

وەڵام : بەڵێ دروستەو هیچ شتێکی لە سەر نیە تەنها لە شوێنی خوێنەکە خۆی بپارێزێ بەوەی شتێك بخاتە سەری یان ئافرەتەکە شتێکی لەبەر بێت بەڵگەشمان پێشتر ڕوون کردەوە .

**( جودی نیوز ) : 9- لەو کاتەدا کە ژن توشی نەخۆشی سوڕی مانگانە دەبێت دروستە بۆ نەهێشتنی ووروژاندنی سێکسی پیاوەکەی بە دەست خاڵی بکاتەوە؟**

وەڵام : بەڵێ ئەمە نەفسی وەڵامی پرسیاری 8 ی پێشووی هەیە ئافرەتەکە ئەتوانێ ئەم کارە بۆ پیاوەکەی بکات پێشتر ڕوونمان کردەوە هەموو شتێ دروستە لە کاتی سوڕی مانگانەی ئافرەت تەنها نابێت لە دواوەی شوێنی پیسایی یان لە شوێنی خوێن بچێتە لای ژنەکەی .

**( جودی نیوز ) : 10- ئەوانەی هەر جۆرە زینایەکیان کردبێت لە ڕووانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە چی بکەن و چۆن دڵنیایان دەکەیتەوە کە خودا لێیان دەبورێت یان لێ بوردنیان بۆ هەیە؟**

وەڵام : بەوە دڵنیایان ئەکەمەوە کە خوای بەرز ( الرحمن ) ( الرحیم ) (التواب) (الغفور) ە وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ

الرَّحِيمُ﴾ الزمر 53 واته : ( ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بڵێ خوای بەرز فەرمویەتی ئەی بەندەکانم کە ڕۆچوون لە تاوان و گوناهتان زۆر کردووە بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمی خوا بە تەئکید ئەگەر تەوبە بکەن ئەوە خوا لە هەموو تاوانەکان خۆش ئەبێ بەڕاستی و دڵنیایی خوا =غفور= ە لە تاوان خۆش ئەبێو دایئەپۆشێ =رحیم= ە ڕەحم ئەکات بە بەندەکانی و خاوەنی ڕەحمێکی زۆرە ) .

وە ئەفەرموێ : ﴿وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ الشوری 25 واته : ( وە خوای بەرز ئەوە کە تەوبە وەرئەگرێ لە بەندەکانی وە لە کردەوە خراپەکان و تاوانەکان ئەبورێ وە زانایە بەو کردەوانەی ئەیکەن ) .

وە پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لو اخطاتم حتی تبلغ خطایاکم السماء ، ثم تبتم لتاب علیکم ) سلسلة الاحادیث الصحیحة 903 واته : ( ئەگەر تاوان بکەن تا تاوانەکانتان ئەگات بە ئاسمان ـــئەوەنە زۆر بێـــ پاشان تەوبە بکەن خوا تەوبەتان لێ وەر ئەگرێ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( التائب من الذنب کمن لا ذنب له ) صحیح الجامع 3008 واته : ( ئەوەی تەوبەی لە تاوان بکات وەك کەسێکە کە تاوانی نەبێت =نەیکردبێ ).

لەوەش زیاتر خوای بەرز بە فەزڵی خۆی هەر کەسێك بە ڕاستی تەوبە بکات و پەشیمان بێتەوە نەك هەر لە تاوانەکانی خۆش ئەبێ بەڵکو ئەگەر ڕاستگۆ بێ لە تەوبەکەی تاوانەکانیشی بۆ ئەکا بە چاکە ! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً . يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً . إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً ﴾ الفرقان 68-70 واته : ( وە ئەوانەی لەگەڵ خوا داوا لە کەسێکی تر ناکەن ـــکەسێك ناکەنە شەریکی خواـــ وە نەفسێك ناکوژن کە خوا حەرامی کردووە ئیللا بە حەق نەبێ وە زینا ناکەن هەر کەسێك ئەمانە بکا توشی سزا ئەبێت . سزای بۆ زیاد ئەبێ لە ڕۆژی قیامەت وە لە سزا ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە بە ڕیسوایی و سوکی . ئیللا ئەوەی تەوبە بکا وە بڕوا بێنێ وە کردەوەی چاك بکا ئەوانە خوا تاوانەکانیان بۆ ئەگۆڕێ بە چاکە وە خواش =غفور= ە لە تاوان خۆش ئەبێو دایئەپۆشێ =رحیم= ە ڕەحم ئەکات بە بەندەکانی و خاوەنی ڕەحمێکی زۆرە) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : إن عبدا قتل تسعة و تسعين نفسا ، ثم عرضت له التوبة ، فسأل عن أعلم أهل الأرض ، فدل على رجل ( و في رواية راهب ) ، فأتاه ، فقال : إني قتلت تسعة و تسعين نفسا ، فهل لي من توبة ؟؟ قال : بعد قتل تسعة و تسعين نفسا ؟! قال : فانتضى سيفه فقتله به ، فأكمل به مائة ، ثم عرضت له التوبة ، فسأل عن أعلم أهل الأرض ؟ فدل على رجل [ عالم ] ، فأتاه فقال : إني قتلت مائة نفس فهل لي من توبة ؟ فقال : و من يحول بينك و بين التوبة ؟! اخرج من القرية الخبيثة التي أنت فيها إلى القرية الصالحة قرية كذا و كذا ، [ فإن بها أناسا يعبدون الله ] ، فاعبد ربك [ معهم ] فيها ، [ و لا ترجع إلى أرضك فإنها أرض سوء ] ، قال : فخرج إلى القرية الصالحة ، فعرض له أجله في [ بعض ] الطريق ، [ فناء بصدره نحوها ] ، قال : فاختصمت فيه

ملائكة الرحمة و ملائكة العذاب ، قال : فقال إبليس : أنا أولى به ، إنه لم يعصني ساعة قط ! قال : فقالت ملائكة الرحمة : إنه خرج تائبا [ مقبلا بقلبه إلى الله ، و قالت ملائكة العذاب : إنه لم يعمل خيرا قط ] – فبعث الله عز وجل ملكا [ في صورة آدمي ] فاختصموا إليه – قال : فقال : انظروا أي القريتين كان أقرب إليه فألحقوه بأهلها ، [ فأوحى الله إلى هذه أن تقربي ، و أوحى إلى هذه أن تباعدي ] ، [ فقاسوه ، فوجدوه أدنى إلى الأرض التي أراد [ بشبر ] ، فقبضته ملائكة الرحمة ] [ فغفر له ] . قال الحسن : لما عرف الموت احتفز بنفسه ( و في رواية : ناء بصدره ) فقرب الله عز وجل منه القرية الصالحة ، و باعد منه القرية الخبيثة ، فألحقوه بأهل القرية الصالحة " . سلسلة الاحاديث الصحيحة 2640

واته : (عەبدێك =بەندەیەك= نەوەتو نۆ نەفسی كوشتبوو ، پاشان بۆی دەركەوت كە تەوبە بكات =ویستی تەوبە بكات= ، پرسیاری كرد لە زانا ترینی خەڵكی سەر زەوی ، پیاوێكیان نیشان دا =لە ڕیوایەتێك راهیبێكیان نیشان دا= ، جا هاتە لای ، ئینجا پێی ووت : من نەوەتو نۆ نەفسم كوشتیە ، ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ ووتی : لە پاش كوشتنی نەوەتو نۆ نەفس؟! فەرموی : شمشێرەكەی دەرهێنا ئەویشی پێ كوشت ، سەد نەفسی پێ تەواو كرد ، پاشان بۆی دەركەوت تەوبە بكات =ویستی تەوبە بكات= ، جا پرسیاری كرد لە زاناترینی خەڵكی سەر زەوی؟ پیاوێكیان نیشاندا زانا بوو ، جا هاتە لای ئینجا پێی ووت : من سەد نەفسم كوشتووە ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ =زاناكە= ووتی : كێ هەیە بەینی تۆو تەوبە بگرێ؟! دەرچۆ لەو لادێیە پیسە كە تۆی تیای بۆ ئەو لادێیە چاكە لادێیەكی ئاواو ئاوایە ، لەوێ تەئكید خەڵكێكی تێدایە خوا ئەپەرستن ، جا پەروەردگارت بپەرستە لە گەڵیان لەناو ئەو لادێیە ، وە مەگەڕێوە بۆ زەویەكەی =لادێكەی= خۆت بەتەئكید ئەوێ زەویەكی خراپە =لادێیەكی خراپە خەڵكەكەی خەڵكی خراپن= فەرموی : جا دەرچوو بۆ ئەو لادێیە چاكە ، ئینجا ئەجەلەكەی پێی گەیشت لە هەندێكی =شوێنێكی= ڕێگاكە ، جا بە سینگی خۆی بۆ لای لادێیە چاكەكە خشاند ، فەرموی : جا لە سەری كەوتنە كێشەو خیلاف فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا : فەرموی : جا ابلیس ووتی : من ئەولا ترێكم بەو=بۆ من نزیكترە= ، ئەو سەرپێچی فەرمانی منی نەكرد ساتێك قەت! فەرموی : جا فریشتەی ڕەحمەت ووتی : ئەو دەرچوو تەوبەی كردبوو ڕووی دڵی كردبووە لای خوا ، وە فریشتەی سزا ووتی : ئەو هیچ خێرێكی نەكردبوو قەت جا خوای عز وجل فریشتەیەكی نارد لە سورەتی ئادەمیزاد =مرۆڤ= كێشەیەكەیان بردەوە لای ئەو =تا حوكم بكا لە نێوانیان= فەرموی : جا =ئەو فریشتە= ووتی : سەیر كەن كام لادێیە لێی نزیكترە ئەوە لە سەر ئەهلی ئەوێ حیسابی بكەن وبە خەڵكی ئەوێی بگەیەنن ، جا خوا وەحی نارد بۆ لادێیە باشەكە كە نزیك بەرەوە وە وەحی نارد بۆ لادێیە خراپەكە دوور كەورەوە ، جا پێوایان ، ئەوەیان بینیەوەو بۆیان دەر كەوت كە نزیك ترە لەو زەویەی ئەیویست بۆی بڕوا بە بستێك ، جا فریشتەی ڕەحمەت ڕۆحیان كێشاو =بردیان= ئینجا خوا لە تاوانەكانی خۆش بوو . حسن =كە راوی فەرموودەكەیە= ئەفەرموێ : كە مردنی ناسی =زانی مردن هاتۆتە سەری= خۆی هەڵكشاند =بەرەو لادێیە چاكەكە= وە لە ڕیوایەتێك : بە سینگی خۆی خۆی خشاندو تەكانی بەخۆیدا جا خوای عز وجل لادێیە چاكەكەی لێ نزیك

کردەوە ، وە لادێیە خراپەکەی لێ دوور کردەوە ، ئەوجا حیسابیان کرد لە گەڵ خەڵکی لادێیە چاکەکە بەوانیان گەیاند ) .

جا کوشتنی ناحەق زۆر لە زینا گەورە ترە ئەمە سەد کەسی کوشتوو تەوبەی کرد خوای بەرز لێی خۆش بوو ئەی چۆن کەسێك زینا بکات بەڕاستی تەوبە بکات لێی خۆش نابێت ! ؟

جا تازووە تەوبە بکە پێش ئەوەی مردن بێت و مەجالی پەشیمانیت نەمێنێ ! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ وَلَا الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ النساء 18 واتە : ( وە تەوبە بۆ ئەو کەسانە نیە کە کردەوەی خراپ =تاوان= ئەکەن هەتا یەکێك لەوانە مردن ئەیگاتێ =ڕۆحی ئەچێتە گەرووی= ئینجا ئەڵێ من ئێستا تۆبە ئەکەم وە تەوبە بۆ ئەو کەسانەش نیە کە ئەمرن وە ئەوان کافرن ئەوانە بۆمان ئامادە کردوون سزایەکی بە ئێش ) .

وە ئەفەرموێ :﴿حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ . لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ المؤمنون 99–100 واتە : ( هەتا کە یەکێکیان مردن ئەیگاتێ ئەڵێ ئەی پەروەردگارم بمگەڕێنەوە بەڵکو کردەوەی چاك بکەم لەوەی کە لە دەستم چوو نەخێر ئەوە قسەیەکە بۆ خۆی ئەیکا =بۆی نیە بگەڕێتەوە دونیا دووبارە= لە دوای مردنیان پەردەیەك =بەرزەخ= هەیە تا ڕۆژی کە زیندوو ئەکرێنەوە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ :( إن الله تعالى يقبل توبة العبد ما لم يغرغر) صحيح الجامع 1903 واتە : ( بە تەئکید خوای بەرز تەوبە وەر ئەگرێ لە بەندە تا ڕۆحی نەچۆبێتە گەرووی =غەر غەرەی نەکا= ) .

**( جودی نیوز ) :11– ئەگەر پیاوێك زیاتر لە یەك ژنی هەبوو دروستە ژنەکانی لە یەك شوێندا کۆبکاتەوە بۆ جیماع کردن؟**

وەڵام : نا دروست نیە کەس عەورەتی کەس ببینێ تەنها پیاو لە گەڵ ژنی خۆی نەبێ ئەمما ژنەکان نابێ عەورەتی یەکتر ببینن لە بهز کوڕی حکیم لە باوکیەوە لە باپیرەیەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی فەرموو : ( احفظ عورتك إلا من زوجتك أو ما ملكت يمينك فقلت : يا رسول الله أفرأيت إن كان الرجل خاليا ؟ قال : فالله أحق أن يستحيى منه ) رواه الترمذي وأبو داود وابن ماجه حسنه الالباني في اداب الزفاف و مشكاة المصابيح 3117 واتە : ( عەورەتی خۆت بپارێزە تەنها لە خێزانت نەبێت یان لەوەی مولکی خۆت بێ =جاریەت بێ= جا ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەی بینیوتە ئەگەر پیاو تەنیا بێت؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : خوا شایان ترە شەرمی لێبکرێ ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ :( لَا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إِلَى عَوْرَةِ الرَّجُلِ وَلَا الْمَرْأَةُ إِلَى عَوْرَةِ الْمَرْأَةِ وَلَا يُفْضِي الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ وَلَا تُفْضِي الْمَرْأَةُ إِلَى الْمَرْأَةِ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ ) رواه مسلم واتە : ( نابێ پیاوێك سەیری عەورەتی پیاوێك بکات وە نابێ ئافرەتێك سەیری عەورەتی ئافرەتێك بکات وە نابێ پیاوێك

بچێتە لای پیاوێك =لاشەی بەر لاشەی کەویٚ= لە یەك جل بیٚ لەگەڵی وە نابیٚ ئافرەتێك بچێتە لای ئافرەتێك =لاشەی بەر لاشەی کەویٚ= لەیەك جل بێت لەگەڵی ).

**( جودی نیوز ) : 12– ژن هێنان و سێکس کردن بە شێوەیەکی شەرعی پاداشتی و خێری لە قورئان و سوونەتدا چۆن باس لێوە کراوە؟**

وەڵام : چۆن بە شێوەی ناشەرعی تاوانە بە شێوەی شەرعیش خێرو چاکەیە لە ابو ذر خوا لێی ڕازی بیٚ هاتووە ئەفەرمویٚ : ( أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالُوا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ قَالَ أَوَ لَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيَأتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ قَالَ أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرًا ) رواه مسلم واتە : ( خەڵکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ووتیانە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوانەی خاوەنی ماڵی زۆرن بۆ خۆیان پاداشتێکی زۆریان بردووە نوێژی ئەکەن وەك ئێمە کە نوێژ ئەکەین وە بەڕۆژوو دەبن وەك ئێمە کە بەڕۆژوو دەبین وە سەدەقەی =خێرات= ئەکەن بە ماڵی زیادیان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەی ئەوە نیە خوا بۆ ئێوەشی داناوە ئەوەی کە سەدەقەی پیٚ بکەن بە تەئکید بە هەر تەسبیحەیەك =ووتنی سبحان الله= سەدەقەیەکتان بۆ هەیە وە بە هەموو تەکبیرەیەك =ووتنی الله اكبر= سەدەقەیەکتان بۆ هەیە وە بە هەموو تەحمیدەیەك =ووتنی الحمد لله= سەدەقەیەکتان بۆ هەیە وە بە هەموو تەهلیلەیەك =ووتنی لا اله الا الله= سەدەقەیەکتان بۆ هەیە وە فەرمان کردن بە چاکە سەدەقەیە وە نەهی کردن لە مونکەر =تاوان= سەدەقەیە وە لە جیماع کردنی یەکێکتان سەدەقە هەیە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئایا یەکێك لە ئێمە دەچێتە لای ئارەزوی خۆی =شەهوەتی بەتاڵ ئەکا لەگەڵ خێزانی= وە بەوە پاداشتی بۆ هەیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : نەتانبینیوە ئەگەر بچیٚ ئەو ئارەزوەی =شەهوەتەی= لە حەرام بەکار بێنیٚ و دابنیٚ ئەوە ئایا تاوانی لەسەرە =یانی ئەوە تاوانی لەسەرە بە تەئکید بۆیەشە= ئاوهایە ئەگەر کەسێك ئارەزوەکەی =شەهوەتەکەی= لە حەڵاڵ دابنیٚ و بەکار بێنیٚ ئەبەوە پاداشتی بۆ هەیە ).

دیارە لە فەرموودەکانی پێشوش لە پرسیارەکانی تر دەرکەوت کە ئەوە مافێکە لە بەینی ژن و پیاو خوای بەرز دایناوە لە سەریان و فەرمانی پێکراوە وە ئەوە لە سوننەتی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم کە ئەوەی نەیەویٚ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لێی بەریە! کەوابوو ئەوەی فەرمانی خوا جێبەجیٚ بکات پاداشت وەرئەگریٚ تەنانەت لە فەرموودەکان بۆمان دەرکەوت کە نابیٚ لە بەر خاتری شەو نوێژی سوننەت ئەو مافە بگرینەوە لە خێزانمان! بە هەرحاڵ ئەوەش فەزڵی خوای بەرزە بەسەرمانەوە کە ڕێگای خێرو چاکەی بۆ ئاسان کردوین ژیانمان هەمووی خێرو چاکەیە ئەگەر پابەند بین بە ئیسلام و نیەتمان پاك بیٚ بۆ خوا!.

**( جودی نیوز ) : 13- ئەو باوکانەی بە میزاجی خۆیان کچەکانیان نادەن بە شوو دواتر دەبن بە قەیرەو دەمێننەوەو لە خۆشی جیماع مەحروم دەبن ئایا باوك گوناهبار دەبێت؟**

وەڵام : ئەگەر کەسێکی بە ڕەوشت و خاوەن دین بێتە داوای کچەکە باوك ڕێگر بێت بەڵێ تاوانبار ئەبێت چونکە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەکات کە ئەفەرموێ : ( إذا أتاكم من ترضون خلقه و دينه فزوجوه ، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض و فساد عريض ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1022 واتە : (ئەگەر کەسێك هاتە داوای کچتان لەوانەی لەدین و ڕەوشتی ڕازین ئەوە کچتانی بدەنێ ، ئەگەر وانەکەن دەبێتە فیتنەو =ئاشوب= لە سەر زەوی وە فەسادێکی بەرفراوان).

وە بەڕاستی ئەوە هۆی دارمانی کۆمەڵگەو بڵاو بوونەوەی فەسادە تیایدا ئەم واقیعەش بە چاوی خۆمان ئەبینین لەناو میللەتانی خۆمان بەداخەوە کەسانێکی زۆر لە ژن و پیاوان تیا چوون بە کوشتن و سووتان و دەربەدەر بوون و زۆر شێوەی تری لە ناوچوون ئەوە باسی پەلەمێز تەقینەوە هەر مەکە ! ! ! کە هۆی زۆری بۆ ئەوەیە باوك یان کەسێکی کچەکە ڕێگر ئەبێ لە شوو کردنی بە کەسێك کە هەردووکیان دڵیان یەك ئەگرێ و بۆ یەکیش ئەگونجێن ! جا کۆمەڵێك عادەتی جاهیلی هەیە لەناومان بەداخەوە کە هۆی ئەو کارە نابەجێیەن ! وەك ئەوەی هەیە ئەڵێ کچی بە خزم نەبێ نادا بەکەس ! یان دەوڵەمەند نەبێ نایدا بە فەقیر ! یان ئەبێ ژن بەژنەی پێ بکەین بەلاشی نادەین ! یان ئەبێ خانووی سەربەخۆ و سەیارەو ئەوەندە زێڕەو شتی تری قوڕس پێشکەشی کچەکەی بکرێ یان هەشە بۆ ئەوەی کە کچەکەی معاش خۆرە دەیەوێ معاشەکەی بخوات ! ! ! زۆر شتی تر کە هەموومان ئەیبینین هیچ نەبێ ئەیبیستین ! وە بە تەئکید ئەو جۆرە ڕەفتارە جاهیلیانە بووەتە هۆی زەحمەت بوونی ژن هێنان و شوو کردن و سەرهەڵگرتنی زۆری گەنجەکان بۆ وڵاتان و بێبەش بوونی کوڕو کچەکانمان لە خۆشی ژیان و مافی خۆیان کە خوای بەرز پێی بەخشیون بەڵام ئەبێ ئەو جۆرە کەس و ئەو جۆرە باوکانە باش بزانن بەشدارن لە هەر تاوانێك کە ئەوان ئەبنە هۆی دروست بوونی وە دەشبێ بزانن تاوان بار ئەبن ستەم ئەکەن لە مناڵەکانیان چ کوڕ چ کچ بەڕاستی ئەو باسە گرنگە زۆر بەڵام بەداخەوە من کاتم زۆر نیە بەس ئەوەندەش هەر دەبێ ڕوون بکەمەوە بەڵکو ئەو جۆرە کەسانە بە پشتیوانی خوای بەرز بە خۆ دابچنەوەو واز لەو ڕەفتارە ناشیرنە بێنن کە لە دوژمنانی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وعلی اله وسلم ماوەتەوە لە سەردەمی جاهیلی موشریکەکان لە سەری بوون و ئیسلام دژایەتی ئەکات ! بۆ ئەوەش دەچینە خزمەتی چەند ئایەت و فەرموودەیەك تا ئەوەندەی زەرورە لەو باسە بەڵگەکانی ببینین وە ئومێد ئەکەم کەسانی تر هەبن یان من لە مەجالی تر ئەو باسانە زیاتر ڕوون بکەینەوەو خەڵکی لە ڕەفتاری جاهیلی ئاگادار بکەینەوە خوای بەرزیش خۆی بەتوانایەو خاوەنی دڵی هەموانە دڵی هەموومان بخاتە سەر تاعەتی خۆی بێینە سەر ئایەت و فەرموودەکان خوای بەرز ئەفەرموێ :

﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (2)﴾ المائدة واتە : ( وە یارمەتی و هاریکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکەو تەقوا =خۆپاراستن لەسزای خوا= وە یارمەتی و هاریکاری یەك

مەدەن لەسەر تاوان و دژایەتی وە خۆتان بپارێزن لە سزای خوا =تەقوای خوا بکەن= بەتەئکید خوا تۆڵەو سزای توندی هەیە).

ئێ خۆ مەنع کردنی کچ لە شوو کردن یارمەتیە لەسەر تاوان و دژایەتی بینیویشمانە چەندە کەس بوونە قوربانی و لەناوچوون ئێستا لە گۆڕستانن وە چەندەش لە سجنەکانن! وەچەندە ئافرەتیش بە پەلەمێز سووتان وسەقەت بوون یان مردن! ئەی لەوە زیاتر دژایەتی و تاوان! ؟

وە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی سەبەبی خێر بی خێری بۆ ئەنوسرێ ئەوەی سەبەبی شەڕ بی تاوانی بۆ ئەنوسرێ وەك هاتووە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من دل علی خیر فله مثل أجر فاعله ) رواه مسلم واتە : ( ئەوەی ڕێگای خێر نیشان بدات ئەوە پاداشتی بۆ هەیە وەك ئەوەی ئەیکات). مەفهومی پێچەوانەی فەرموودەکە وایە ئەوەی نیشانی شەڕبدات هۆی شەڕ بێ تاوانی بۆ ئەنوسرێ وەك ئەوەی شەڕەکە و تاوانەکە ئەکات .

## چەند مافێکی ئافرەتی پێشێل کراو لای زۆر کەس لەگەڵ باسی ژن بەژنە

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا (19)﴾ النساء واتە : ( ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بۆتان دروست =حەڵاڵ= نیە کە ئافرەتان بە میرات بگرن وەزۆر لە خێزان و ئافرەتەکان مەکەن بەوەی مەنعیان بکەن شوو بکەن بۆ ئەوەی مارەییەکەی داوتانەتێ لێیان بخۆن ئیللا ئەگەر فاحیشەیەکی ئاشکرایان کرد =لە زینا یان خراپ بوون= وە بەجوانی لە گەڵیان بژین قسەتان خۆش بێ و کردەوەتان نەرم بێ لەگەڵیان و تەحەممولیان بکەن ئەگەریش شتێکتان بینی لێیان ڕقتان لێیان بوو ئەوە لەوانەیە ئێوە ڕقتان لە شتێك بێ بەڵام خوا خێرێکی زۆری تیا بکات بۆتان).

### لەو ئایەتە ئەم شتانەمان بۆ دەر ئەکەوێ

1– دروست نیە بە زۆر ئافرەت بکرێتە میراتی کەس بەوەی ئەگەر مێردی مرد برای مێردەکەی بەزۆر بۆخۆیانی مارە بکەن یان پارەی لێوەگرن ئەوجا بهێڵن شوو بکاتەوە وەك لەسەردەمی جاهیلی وابوو .

2– ئەگەر یەکێك ژنی هەبێ ئەبێ بە جوانی لەگەڵی بژێ نابێ حەپسی بکات نە ماف بدات نە تەڵاقی بدات تا ئافرەتەکە ناچار بکات خۆی ڕزگار بکات بەوەی مارەیی بۆ بگێڕێتەوە یان پارەی بداتێ وە لە ئایەتی تریش خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (229)﴾ البقرة واتە : ( تەڵاق دوو جارە لەدوای ئەوە یان بە جوانی و چاکە خێزانی خۆتان ڕاگرن و بیهێڵنەوە یان بە چاکی و جوانی لێی جودا بنەوەو تەڵاقی بدەن وە بۆتان دروست نیە کە ئەو مارەییەی داوتانەتێ بیبەنەوەو لێی سەننەوە هیچی ئیللا ئەگەر ئافرەتەکان ترسان لەوەی خۆیان نەتوانن سنوورەکانی خوا بۆی داناون جێبەجێ بکەن وە ئەگەر ترسان لەوەی سنوورەکانی خوا جێبەجێ نەکەن ئەوە

تاوانیـان لەسـەر نیـە کـە ئافرەتـەکان بەڕەزامەنـدی خۆیـان فدیـە بـدەن=بـەوەی مارەییەکـە بگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی مێردەکانیـان تـەڵاقیان بـدەن= ئـەوە سـنووری خوایـە بـۆی دانـاون جـا ئـەو سـنوورە مەبـەزێنن کـە خـوا داینـاوە هەرکەسانێك سنووری خوا ببەزێنن ئەوانە لە ستەم کارانن ).

3- کەس بۆی نیە خوشکی یان کچی مەنع بکات لە مێردی خۆی ئەگەر یەك تەڵاقی دابـوو یـان دووان دوای بێتـەوە بیانەوێ دووبارە ژیانی هاوسەری پێك بێننەوە بەڕەزامەندی هەردووکیان لە ئایـەتێکی تـر خـوای بـەرز ئەفـەرموێ : ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنْكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (232)﴾ البقرة واتە : ( ئەگـەر ئافرەتانتان تەڵاق دا وە گەیشتنە ئەوەی عیددەکەی تەواو بێت ئەوە ڕێیان لێمەگرن لـەوەی کـە شـوو بکەنـەوە بـە مێردەکانی خۆیان ئەگەر لە بەینی خۆیان ڕازی بوون بە چاکی ئەوە خوای بەرز ئامۆژگاری ئـەو کەسـانە ئـەکات لـە ئێوە کە بڕوایان هەیە بەخوا وە بەڕۆژی دوایی ئەوە بۆتان چاکترەو دوورە لە تاوان و پاکترە وە خوا ئـەزانێ =چـی باشەو خێرە بۆ ئێوە= ئێوە نازانن ). هاتووە لە سـەحیحی بوخـاری لـە معقـل کـوڕی یـسار ئەفـەرموێ ئـەو ئایەتـە لەسەر ئەو دابەزیوە کاتێ خوشکەکەی تەڵاق درا و عیددەکەی تەواو بـوو مێردەکـەی هاتـەوە خواسـتیەوە دووبـارە ئەفەرموێ : منیش ووتم ڕێزم گرتی و ژنم دایێ تۆ دوایی تەڵاقت دا پاشان هاتی داوای دەکەیـەوە نـا والله قـەت بـۆت ناگەڕێنمەوە دەفەرموێ ئەو ئایەتە دابەزی ئەوجا ووتم : ئێستا ئەیگەڕێنمەوە ڕازی بووم ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم .

بەهەرحاڵ مەنع کردنی ئافەرت لە شوو کردن لەبەر تەماعی پارە یان بۆ ئەوەی بۆ خزمی خـۆت بێـت یـان بـۆ بـرای مێردی بێت یان ژن بەژنەی پێبکەی ئەوە لە عادەتی کافرەکان بوو ئیسلام نەهی لێکردووە بـۆ زیـاتر شـارەزا بـوون تکایە بڕۆنەوە سەر تەفسیری ئایەتەکانی باسم کرد لە(تەفسیری طبري وە ابن کثیر).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا أراد الرجل أن یزوج ابنته فلیستأذنها ) السلـسلة الصحیحة 1206 واتە : ( ئەگەر پیاوێك ویستی کچەکەی بە شوو بدا با پرسی پێ بکات و داوای ئیزنی لێ بکات ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ إِذْنُهَا قَالَ أَنْ تَسْكُتَ ) رواه البخاري واتە : ( ئافرەتی بێوەژن مارە ناکرێ تا داوای فـەرمان لە خۆی ئەکرێ بەوەی بڵێ مارەم بکەن ڕازیم وە ئافرەتی کچ ئیزنی وەرئەگیرێ ووتیان ئەی پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیه وعلی اله وسلم ئیزنی چۆنە فەرمووی : ئەوەیە بێدەنگ بێت ) .

وە هاتووە لە خَنْسَاءَ بِنْتِ خِذَامٍ الْأَنْصَارِيَّةِ دەفەرموێت : ( أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهْيَ ثَيِّبٌ فَكَرِهَتْ ذَلِكَ فَأَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَدَّ نِكَاحَهُ ) رواه البخاري واتە : ( کە باوکی بە مێردی داو بێوەژن بـوو وە ئـەوەی پێنـاخۆش بوو ڕازی نەبوو جا هاتە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلـی الـه وسلم مارە بڕینەکەی ڕەد کردەوە ).

وە هاتووە لە ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێ دەفەرموێ : ( أن جارية بكرا أتت النبي صلى الله عليه وسلم فذكرت أن أباها زوجها وهي كارهة فخيرها النبي صلى الله عليه وسلم ) رواه ابو داود وابن ماجة وصححه الالباني واتە : ( کچێك هاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوەی باس کرد کە باوکی بە شووی داوەو ئەو ڕازی نیەو پێی ناخۆشە جا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم سەرپشکی کرد =بەوەی شوو ئەکات یان بەوەی نەیکات=).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا شغار في الاسلام) رواه مسلم واتە : ( ژن بە ژنە نیە لە ئیسلام ) .

وەهەروەها عبدالله ی کوڕی عمر ڕەزای خوایان لە سەربێ ئەفەرموێ : ( ان رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم نهى عن الشغار ) رواه مسلم واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەهی کرد لە ژن بەژنە ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

1- ئەوە هەڵوێستی ئیسلامە بۆمان دەر ئەکەوێ لەفەرموودەکان کە ئەوانەی بەزۆر وە بێ ئەوەی پرس بە کچەکانیان بکەن بە شویان ئەدەن ئەوە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى الە وسلم ئەکەن و کارەکەیان تاوانەو ناشیرینە ، نەوەك خەڵکانێکی نەفام ئەمە لەسەر ئیسلام حیساب بکەن و تانە بەن لە ئیسلام ، ئیسلام لە پێغەمبەرەوە وەر ئەگیرێ صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەویش زانیمان نەهی کردووە لەم کارە ئیتر سوپاس بۆ خوا کە ئیسلام دینێکی پاکەو کەس ناتوانێ بە بەڵگەی ڕاست تانە بدا لە ئیسلام .

2- ئەگەر ئافرەتێك چ کچ بێ چ بێوەژن بەزۆر بدرێ بە شوو قازی مارە بڕینەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو مارەیی بەزۆر نابێت .

3- بۆمان دەرکەوت کە نەهی کراوە لە ئیسلام لە ژن بەژنە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم ئەفەرموێ ژن بە ژنە نیە لە ئیسلام ، ئیتر هەر کەسێکتان بینی ئەم کارە ئەکاو ناوی ئیسلامی لێ ئەنێ ئەوە بزانن درۆ ئەکاو بوختان بۆ ئیسلام ئەکا با هەر پلەو پایەکیشی هەبێ ئیسلام لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم وەر ئەگیرێ .

پێشەوا نەوەوی ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ بۆ ئەم فەرموودانە لە شەرحی صەحیحی مسلم باسێکی نوسیوە ( باب تحريم نكاح الشغار وبطلانه ) واتە : ( باسی حەرامی ژن بە ژنەو بەتاڵیەکەی ) ئینجا لە شەرحی ئەو فەرموودە ئەفەرموێ : (ژن بە ژنە لە نیکاحی جاهیلیەت بوو =واتە لە پێش ئیسلام= . وە زاناکان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ژن بە ژنە نەهی لێ کراوە ، بەڵام خیلاف کەوتۆتە بەینیان لە سەر ئەوەی ئایا ئەو نەهیە نیکاحەکە =مارەکردنەکە= باتڵ ئەکات یان نا ؟ لای شافعی ئەم نەهیە بەتاڵی ئەکات ، وە خەطابی ئەمە لە احمد و اسحاق و ابی عبید ئەگێڕێتەوە =کە نەهیەکە بەتاڵی ئەکات= ...) ئەوەی ئەیەوێ با بچێتە سەر شەرحی صحیح موسلیم بە تەواوی شەرحەکەی ئیمام نەوەوی بخوێنێتەوە ڕەحمەتی خوا لەو زانا بەڕێزانە بێ .

ئیتر بۆ مان دەرکەوت کە بە هیچ شێوەیەك ژن بە ژنە لە ئیسلام نیە بەڵکو هی سەردەمی جاهیلی بوو لە دینی ابو جهل و ابو لهب بوو ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێکرد و ئیسلام بەتاڵی کردەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەو جەهالەتە لە ناو زۆر لە موسڵمانان هەیەو بە ئیسلامیشی ئەزانن داخی لەوەش گەورە تر کە کۆمەڵێك بەناو زانای ئاینی ئەم کارە بۆ خەڵك ئاسان ئەکەن و بە ناهەق فەتوایان بۆ ئەدەن بە تایبەتی لەو شوێنانەی خەڵکی خوێندەوار کەمەو شارەزاییان لە ئیسلام نیە ، تا وای لێهاتووە گەورە بە بچوك و جاری واش هەیە کچ لە بێشکە =لانك= بەشوو ئەدرێ پەنا بە خوا با ئەم جۆرە بەناو زانایانە بزانن ئەوەی ئەوان ئەیکەن لە پێغەمبەریان صلی الله علیه وعلی اله وسلم وەرنەگرتووە بەڵکو ئەوە لە دینی دوژمنەکانی پێغەمبەری خوا بوو صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئیتر ئەگەر ئەیانەوێ ببن بە دوژمنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەوا با بزانن خوا ڕیسوایان ئەکات لە دونیاو قیامەت ئەگەریش ئەیانەوێ با تەوبە بکەن و پەشیمان ببنەوە ئەوە خوا تەوبە وەر ئەگرێ لە هەموو کەس .

وە زانیشمان کە ژن بە ژنە لای ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ حەرامەو باتڵە واتە نیکاحەکە دانامەزرێ وەك زینا وایە ئەوەش درۆی ئەو بە ناو زانایانەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە ئەڵێن ئێمە لە سەر مەزهەبی شافیعین ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ کەچی ژن بەژنە بە دروست ئەزانن و بۆ خەڵکی مارەبڕی ئەکەن !!!.

تێبینی : مەبەست لە ژن بەژنە ئەوەیە کە بەمەرج بگیرێ ئەو کچەم بدەیتێ ئەوجا ئەو کچەت ئەدەمێ یان ئەو خوشکە یان ئەو پوورە هەرکەسێك بێ بەڵام ئەگەر کەسێك ئافرەتێ بێنێ دوایی خزمی ئەو ئافرەتە لەو داوای ئافرەتێکی تر بکەن بێ ئەوەی مەرجی پێشتریان هەبێ کە لەبری ئەو ژنە بێ ئەوە بە مارەیی خۆی بێت دروستە بەو مەرجەی بەهیچ شێوەیەك مەرجی ژن لە جیاتی ژن بەمەرج نەگیرابێ والله اعلم.

**( جودی نیوز ) : 14- مەبەست لە وصل یان خۆشۆردن لە دوایی جیماع کردن لە ئیسلامدا چییە؟**

وەڵام : مەبەست گەیاندنی عیبدادەتێکە بۆ خوای بەرز دیارە سوودەکانی خۆ شۆردن زۆرن بەڵام ناکرێ ئێمە مەبەستەکە تەنها لەم سوودانە کورت کەینەوە چونکە مەرج نیە ئێمە مەبەستی هەموو عیبادەتێك بزانین گرنگ ئەوەیە ئەمە جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای بەرزەو لە سەری پاداشت وەردەگرین وە بەمەرج گیراوە بۆ نوێژ و تەواف کردن بە دەوری کەعبە پاك بین لە پێشتر ڕوون بۆوە کە ئیسلام زۆر گرنگی بە پاکی داوە وە پاکی نیوەی ئیمانە .

**( جودی نیوز ) : 15- ئایا ئەو بوك و زاوایانەی کە سەرەتا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و حەز بە منداڵ بوون ناکەن،بۆ ئەوەش مەنعی سورشتی دەکەن واتا تۆوی پیاو ناچێتە ناو ڕحمی ئافرەتەوە لەو کاتەدا بە پێی شەرع تاوانبار دەبن؟**

وەڵام : پێشتر ئەمەم وەڵام دایەوە کە تاوان نیە بەڵام باشتر وایە ئەمە نەکەن مەگەر حەڵەتی تایبەت هەبێ وەك نەخۆشی ئافرەتەکەو توانا نەبوونی بۆ سك پڕ بوون ئەو کاتە ئەگەر دکتۆری تایبەتی ئاگاداری بکاتەوە ئەوە باشتر

وایە ڕێ بگرێ لە منالّ بوون ئەگەر دەبووە هۆی مەزەندەی لە ناوچونی خۆی بە هەر حالّ ئەگەریش مەترسی نەبوو هەر دروستە بەلاّم باشترە نەیکات لە بەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسم کرد.

**( جودی نیوز ) : 16– پێخەمبەر چەند ژنی هێناوە و حیکەمەت لە زۆری ژنهێنانی ئەو چییە؟**

وەلاّم من ئەمەویّ بابەتێکی تایبەت ئامادە بکەم لەسەر ئەو باسەو گومانەکان کە هەیە لەسەری ڕەد بدەمەوە بۆیە لێرە بەکورتی وەلاّم ئەدەمەوە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم سیانزە ژنی هێناوە دوانیان نەچوەتە لایان و جودا بونەتەوە دوانی تر لە ژیانی خۆی مردوون وە نۆیان لەدوای خۆی مردوون خوا لە هەمویان ڕازی بێت وە تەنها عائیشەی بە کچێنی هێناوە خێزانەکانی تری بێوەژن بوونە بۆ زیاتر سەیری کتابی سیرە بکەن بۆ نمونە (الرحيق المختوم هی صفي الرحمن المباركفوري رحمە الله) وە حیکمەت لەزۆری ژن هێنان زۆرن لەوانە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەك پێغەمبەرانی پێشوو عليهم الصلاة والسلام مرۆڤ بووە چۆن ئەوان ژنیان هێناوە ئەویش هێناویێتی وەك هەموو مرۆڤێکی تر غەرەیزەی مرۆڤی هەبووە خوای بەرزیش بۆی حەلاّلّ کردووە ئەمە بەکورتی ئەمما لە داهاتوو ان شاء الله بابەتێکی تایبەت لەسەر ئەو باسە ئەنوسم و بۆتانی ئەنێرم .

**( جودی نیوز ) : 17– پیاوی مسولّمان دەبێت چەند ژن بهێنێت؟ ئایا وەك پێخەمبەری ئیسلام ئەو مافەی هەیە بە هێندەی ئەو ژن بخوازێت؟بە ئەریّ و نەریّ بۆچی؟**

وەلاّم : پیاوی موسلّمان دەتوانێ تا چوار ژن بێنێ ئەگەر توانای عەدالەتی هەبوو لە بەینیان وە زیاتر لە چوار ژن تایبەت بووە بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم خوای بەرز ئەفەرمویّ : ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا (3)﴾ النساء واتە : ( ئەگەر ترسان لەوەی عەدل نەبن لە گەلّ یەتیمەکان ئەوە مارە بکەن ئەوەی نەفستان پێی خۆشە لە ئافرەتان دوان یان سیان یان چوار جا ئەگەر ترسان لەوەی عەدل پەیڕەو نەکەن لەبەینیان ئەوە یەك بەسە یان ئەوەی مولکی خۆتانە لە جاریەتان ئەوە نزیك ترە بۆتان لەوەی ستەم نەکەن ) . ئەمە حوکمی خوایەو ئەبێ ملکەچی بین وە هیچ کەسێك یان پەرلەمانێك بۆی نیە دژایەتی و پێچەوانەی حوکمی خوا بەسەر موسلّمانان فەرزبکات! پێشتریش هەندێ ئایەت و فەرموودەمان باس کرد لە سەر تاوانی ئەوانەی لائەدەن لە حوکمی خواو جێبەجێی ناکەن.

ئەو باسە وەك ووتم لە بابەتێکی تایبەت کتێبێك لە سەری ئەنووسم لە مەجالی تر ان شاء الله بۆتانی ڕەوانە ئەکەم .

**( جودی نیوز ) : 18– ئەو ئافرەتانەی بێوەژن دەبن ماوەیە دیاری کراویان بۆ شووکردنەوەیان بە کەسیکی تر هەیە ؟**

وەلاّم : بەلّێ ئافرەت بێوەژن بێت ماوەی بۆ دیاری کراوە لە پاش ئەو ماوەیە ئەتوانێ شوو بکات بەلاّم ماوەکە پەیوەستە بە هۆی بێوەژن بوونی ئەگەر تەلاّق درابێ ماوەکی بۆ دیاری کراوە ئەگەر مێردی بمرێ ماوەکی بۆ دیاری

کراوە ئەگەر خولع بکات خۆی لە مێردەکەی جیا بکاتەوە لای قازی ئەوە ماوەیەکی تری بۆ دیاری کراوە بەو شێوە :

1- ئافرەتێك تەڵاق بدرێ وە ئەو ئافرەتە لەوانە بێ کە توشی حەیز دەبێ ئەوە دەبێ سێ حەیز بووەستێ .

2- ئافرەتێك کە لە تەمەنە توشی حەیز نابێ یان ئەگەر هێشتا کاتی حەیزی نەبێ بچووك بێت سێ مانگ ئەوەستێ.

3- ئافرەتێك مێردی مردبێ چوار مانگ و دە ڕۆژ ئەوەستێ .

4- ئافرەتێك سگی هەبوو دەوەستێ تا زگەکەی دا ئەنێ جا ئەگەر دوو ڕۆژ بێ یان هەشت مانگ بێ فەرق ناکا زگی دانا ئەتوانێ شوو بکاتەوە.

وە ئەگەر ئافرەتێك تەڵاق بدرێ کە هێشتا پیاوەکەی نەچۆتە لای ئەوە پێویست ناکا هیچ بوەستێ وە ئافرەتێك تەڵاقی کۆتایی بدرێ سێهەم تەڵاق بێ ئەوە یەك حەیز ئەوەستێ وە ئافرەتێك خولعی کردبێ بە ڕێگای قازی خۆی جیا کردبێتەوە لە مێردەکەی نەك مێردەکەی تەڵاقی دابێ ئەوە یەك حەیز دەوەستێ.

ئەوە بەکورتی بوو لە بەر نەبوونی مەجال و وەعدەکەمان بەوەی ئەبێ بابەتەکەت بۆ ڕەوانە بکەم ناتوانم زیاتر ڕوون بکەمەوە بەڵام لە داهاتوو ان شاء الله زیاتری لەسەر ئەنوسم و بەڵگەکانی شی ئەکەمەوە.

**( جودی نیوز ) : 19- ئەگەر پیاو ژنی بمرێت ماوەی ژن هێنانی بۆ دیاری کراوە ؟**

وەڵام : نەخێر ماوە دیاری کردن نیە بۆ پیاو .

**( جودی نیوز ) : 20- لەو کاتەدا کە گەنجێکی مسوڵمان غەریزەیەکی سێکسی زۆری هەیەو ئافرەتێکیش داوایی مومارەسەی سێکسی لێ دەکات؟ئایا دروستە بە دەست خۆی خاڵی بکاتەوە؟**

وەڵام : دروست نیە بەڵام ئەگەر حاڵەکەی وابێ بێگومان تاوانی کەمتر هەڵبژێرێ باشترە ئەگەر ناچار بووبێ خۆی بۆ نەگیرابێ و زەرور بوبێ ئەوە تاوان بار نابێ ئەو حاڵەش هەر خۆی وە خوای بەرز ئەیزانێ کە زەرور بووە یان نا !

**( جودی نیوز ) : 21- لە کاتێکدا دەرکەوت کە هەر ئافرەتێك بە شێوەیەکی ناشەرعی مناڵی ببێت لە ئاینی ئیسلامدا چارەنوسی ئەو ئافرەت و مناڵە چییە ؟**

وەڵام : ئەگەر ئیسپات بوو ئافرەتەکە زینای کردووە ئەوە حەددی لەسەر دەرئەکرێ ئەگەر مێردی کردبێ پێشتر ڕەجم ئەکرێ لە لایەن حکومەت ئەگەر مێردی نەکردبوو تەنها سەد جەلدی لێدەدرێ لەگەڵ ساڵێك نەفی مناڵەکە هیچ تاوانی نیە ئەگەر دایکی ڕەجم کرا ئەبێ ڕەجمەکە بوەستێندرێ تا شیری دەداتێ و گەورەی ئەکا ئەو کات ئەبێت مناڵەکەی بەخێو بکرێت ئەگەریش ڕەجم نەکرا هەر مناڵەکەی بۆ خۆیتی و بەخێوی ئەکات لە باسی حوکمی زینا کردن ئەمەم ڕوون کردەوە پێشتر.

**( جودی نیوز ) : 22- ئەوانەی سەیری فلمی سێکسی دەکەن تاوان و سزایی قیامەتیان چییە؟**

وەڵام : تاوان بارن بەوەی چاویان نەپاراستووە بەڵام سزای قیامەتیان چیە خوا ئەزانێ خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (30) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ الاية النور واتە : ( بە بڕوا دارانی پیاو بڵێ با چاویان بپارێزن لە حەرام وە

داوێنیان بپارێزن له حه‌رام ئه‌وه بۆیان چاكتره‌و به ته‌ئكید خوا زانایه =به نهێنی و ئاشكرای= ئه‌وان ده‌یكه‌ن. وه به ئافره‌تانی بڕوادار بڵێ با چاویان بپارێزن له حه‌رام وه داوێنیان بپارێزن له حه‌رام ) تا كۆتایی ئایه‌ته‌كه.

وه پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ :( إن الله كتب على ابن آدم حظه من الزنا أدرك ذلك لا محالة فزنا العين النظر وزنا اللسان المنطق والنفس تمنى وتشتهي والفرج يصدق ذلك كله ويكذبه ) متفق عليه واته : ( خوا له‌سه‌ر نه‌وه‌ی ئاده‌می نوسیه به‌شی خۆیان له زینا به‌وه ده‌گات چاری نیه جا زینای چاو سه‌یر كردنه وه زینای زمان قسه كردنه وه نه‌فس ته‌مه‌ننا ئه‌كاو ئاره‌زوو ئه‌كات وه داوێن ئه‌مه هه‌موو ڕاست ئه‌كاته‌وه یان به درۆی ئه‌خاته‌وه).

**( جودی نیوز ) : 23– ئایا وێنه‌ی ڕووت و فلمی سێكسی له مۆبایلدا ده‌بێته هۆی به تاڵ بوونه‌وه‌و بێ نوێژی ئه‌و كه‌سه‌ی به‌و شێوه‌یه ئه‌ركی ئاینی به جێبهێنێت؟**

وه‌لام : ئه‌مه حه‌رامه به‌لام نابێته هۆی به‌تاڵ بوونه‌وه‌ی ده‌ست نوێژ و بێ نوێژی ته‌نها كارێكی حه‌رامی ئه‌نجام داوه هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی دروست و ڕاست نیه بۆ ئه‌وه‌ی ببێته هۆی به‌تاڵ بوونی ده‌ست نوێژو عیباده‌تی . به‌لام بزانین وێنه حه‌رامه چ وێنه‌ی ڕووت چ داپۆشراو!

## تاوانی ڕه‌سم گرتن

پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ : ( كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفسا فيعذبه في جهنم ) رواه البخاري ومسلم واته : ( هه‌موو ڕه‌سم كه‌رێك =گرێك= له ئاگره له بری هه‌ر ڕه‌سمێكی كردویه‌تی =گرتویه‌تی و دروستی كردووه= نه‌فسێكی بۆ ئه‌هێنن جا سزای ئه‌دا له جه‌هه‌ننه‌م ).

قال ابن عباس فإن كنت لا بد فاعلا فاصنع الشجر وما لا نفس له واته : ( ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێ فه‌رمووی : جا ئه‌گه‌ر هه‌ر ڕه‌سمت دروست كرد ئه‌وه ڕه‌سمی دارو شتی وا بكه كه نه‌فسی نه‌بێ =روح له به‌ر نه‌بێ= ) .

وه پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ : ( أشد الناس عذابا يوم القيامة رجل قتل نبيا أو قتله نبي أو رجل يضل الناس بغير علم أو مصور يصور التماثيل ) صحيح الجامع 1000 واته : ( توند ترین سزا له ڕۆژی قیامه‌ت بۆ پیاوێكه پێغه‌مبه‌رێكی كوشتبێ یان پێغه‌مبه‌رێك ئه‌وی كوشتبێ یان پیاوێك خه‌ڵكی گومڕاو لاڕێ بكا به بێ زانست یان ڕه‌سم كه‌رێك كه ڕه‌سمی بته‌كان ئه‌كا ) .

وه پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ : ( إن أشد الناس عذابا يوم القيامة المصورون ) رواه البخاري ومسلم واته : (توند ترین سزا له ڕۆژی قیامه‌ت بۆ كه‌سانی ڕه‌سم كه‌رن ) .

وه پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ : ( لا تدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولا صورة ) رواه البخاري ومسلم واته : ( فریشته‌كان =مه‌لائیكه‌ت= ناچنه ماڵێكه‌وه كه سه‌گ و ڕه‌سمی تێدا بێت ) .

وه هاتووه له علي خوا لێی ڕازی بێ ئه‌فه‌رموێ : ( صنعت طعاما فدعوت رسول الله صلى الله عليه وسلم فجاء فرأى في البيت تصاوير فرجع ﴿ قال : فقلت : يا رسول الله ما أرجعك بأبي أنت وأمي ؟ قال : إن في البيت سترا فيه تصاوير وإن الملائكة لا تدخل بيتا فيه تصاوير ﴾ ) رواه ابن ماجه وأبو يعلى في " مسنده " والزيادة له بسند صحيح (اداب

الزفاف للالباني) واته : ( خواردنێكم دروست كرد جا پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وعلى اله وسلم بانگ كرد ئینجا هات و ڕەسمی بینی لـە ماڵەكـە جـا گەڕایـەوە =نەهاتـە ژوور= علـی خـوا لێـی ڕازی بـێ ئەفـەرموێ : جـا ووتم ئـەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم چی تۆی گەڕاندەوە دایك و باوكم بەقوربانت بن ؟ =پێغەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم= فەرمووی : لە ناو ماڵەكە پەردەیەك هەیـە ڕەسمـی تێدایـە وەبـە تەئكیـد فریشتەش ناچێتە ماڵێكەوە كە ڕەسمی تێدا بێت ) .

( وعن حيان بن حصين قال قال لي علي رضي الله عنه ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صـلى الله عليـه وسـلم ألا تدع صورة إلا طمستها ولا قبرا مـشرفا إلا سـويته ) رواه مـسلم وأبـو داود والترمـذي واتـە : ( لـە حيـان ی كـوڕی حصين ووتی علی خوا لێی ڕازی بێ پێی ووتم : ئایا نەت نێرم بەوەی كە پێغەمبەری خـوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسلم منی بۆ ڕەوانە كرد =ڕایسپاردم= بەوەی كە هیچ ڕەسمێك نەهێڵیەوە ئیللا ڕەشی بكەیـەوە وە هـیچ قـەبرێكی بەرز نەهێڵیەوە ئیللا ڕاستی بكەیتەوە =نەوی بكەیتەوە=) .

**لە سوودەكانی ئەم فەرموودانە**

1– بۆمان دەركەوت كە هەڕەشەی زۆر گەورە هەن لە سەر كەسێ ڕەسم بكات و بیگرێ بەوەی ئەچێتە ئاگر و سزا دەدرێ وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕایگەیاندووە كە ئەوەی ڕەسم بكات و بیگرێ توشی توند ترین سزا ئەبێ لە ڕۆژی قیامەت ! بێگومان ئەوە بەڵگەیـە كـە ئەمـە تـاوێنێكی گەورەیـە نـابێ بـە شـتێكی بـچوك و ئاسانی بزانین ! .

2– بۆمان دەركەوت كە فریشتە =مەلائیكەت= ناچنە ماڵێك كە ڕەسم یان سەگی تێدا بێت .

3– لە قسەی ابن عباس بۆمان دەر ئەكەوێ كە ئەو هەڕەشەیە بۆ ئەو كەسـانەیە كـە ڕەسمـی مـرۆڤ و گیـان لەبـەر ئەكێشن و ئەیكەن نەك هی دارو مەنزەری تر .

4– زانیمان كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەچۆتە ماڵێكەوە كە ڕەسمی تێدا بێ ئەگـەر بـانگیش كرابێ بۆ نان خواردن كـە واجبـە وەڵام دانـەوەی بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ڕەسـم لـەو ماڵـە بـووە نەچـووەتە ژوورەوەو گەڕاوەتەوە.

5– پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێ كردوین بە ڕەش كردنـەوەی ڕەسـم بەتایبـەتی ئـەو كەسانەی دەسەڵات دارن لە سەریانە بەم كارە هەڵبستن .

وە چەندین سوودی تر هەیە لە فەرموودەكان بۆ كەسێك بیری لێ بكاتەوە والله اعلم .

**( جودی نیوز ) : 24– ئەو كوڕوكچانەی بە هۆی گەمارۆیی ئابوری یان سەختی ژیان كە حەز بە سێكس دەكەن و ناتوانن ژیانی هاوسەری پێكبهێنن چی بكەن بۆ ئەوەی لە تاوانی زینا بە دوور بن؟**

وەڵام : بەڕۆژوو بن وە كاتی خۆیان تەنزیم بكەن تا فەراغیان نەبێت خۆیان بەفێربوونی زانست و قورئان خوێنـدن و سەردانی كەس و كارو ڕەفیقی باش و وەرزشی بەسوود خەریك بكەن یان بە یارمەتی دانی دایك و باوك هەر كارێكی خێر تا بیریان لای شەهوەت نەبێت وە بزانن ئەو خوشك و برایانەی كەم دەرامەتن ژن هێنان و شوو كـردن بـۆ پـارە

کۆکردنەوەو بوونە خاوەنی کۆمپانیاو دەوڵەمەند بوون نیە با بەقەد توانای خۆیان چەندیان هەیە ئەوەندەی سەرف بکەن و سەیری خەڵکی لە خۆیان هەبوون تر نەکەن بزانن ئێستا نیتە مەرج نیە تا هەتایە وا بمێنیت نیەتت بۆ خوا بێت و خوا یارمەتیت ئەدات ئەمە بە تایبەتی خوشکە بەڕێزەکان زۆر جاران حەز ئەکەن شوو بکەن بە کوڕێك و دڵیان ئەیگرێ بەڵام بە هۆی نەبوونی ئەو کوڕە یان دانانی مەرجی زەحمەت لەسەر کوڕەکە ناتوانن ژیانی هاوسەری پێك بێنن من ئەزانم زۆر کچمان هەیە داخوازی بووەو شووی نەکردووە لەبەر هۆی بێ سەرو بەر دوایش زۆر پەشیمان بووەتەوەو ناچار بووە شووی کردووە بە پیاوی ژندار یان پیرەمێرد لەبەر ئەوەی چووەتە تەمەنەوە ! لە بەر ئەوە با عیبرەت وەربگیرین چاترە ژیان زەحمەت نەکەین وە زۆر جاران کچ و کوڕێك یەکیان بەدڵە کەچی لەولا جیرانێ لەولا پورێ لەولا فیتنە چیەك و حەسودێك کارەکەیان لێ ئاڵۆز ئەکەن بەداخەوە کێشەی وامان گەلێك زۆرە لەگەڵ ئەوەی ئەو خەڵکە زۆر خۆشیان بە تێگەیشتوو ئەزانن بەڵام نەفام ترین کاریان لێ دەبینین! پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی بە و گەنجانە کرد کە ناتوانن ژن بێنن بە ڕۆژوو بن وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ النور 33 واتە : ( ئەوانەی توانای ژن هێنانیان نیە با خۆیان پاك ڕاگرن لە تاوان تا خوا دەوڵەمەندیان ئەکات لە فەزڵی خۆی =پێیان ئەبەخشێ=).

**( جودی نیوز ) : 25– ئایا لە ئیسلامدا تەمەن دیاری کراوە بۆ ژیانی هاوسەریەتی؟**

وەڵام : تەمەن ئەوها دیاری کراوە گەیشتبێتە ئەوەی توانای جنسیان هەبێ و عاقڵ بن و تەمیزیان هەبێ ئەمما بڵێین چەند ساڵ نەخێر چونکە لە کەسێك بۆ کەسێك یان لە شوێنێك بۆ شوێنێك تەمەنی باڵغ بوون و توانای جنسی ئەگۆڕدرێ والله اعلم.

**( جودی نیوز ) : 26– ئایا لە ڕێگەی تۆوی تاقیگەو دەرزی لێدانەوە بۆ مناڵ بوونی ژنان لە ئیسلامدا کارێکی دروست و ڕێگە پێدراوە؟**

وەڵام : ئەو پرسیارە وەڵامەکەی نازانم الله اعلم .

ئەوە وەڵامی پرسیارەکان تەواو بوو داوای لێبوردن ئەکەم کە تاخیر بوو وە لە داهاتوو ان شاء الله زیاتر لە سەر ئەو باسانە ڕوون کردنەوە ئەنوسین من کاتم بە دەستەوە نەبوو لەو کاتە زۆر شتی تر هەن ئەبێ ڕوون بکرێتەوەو بە خەڵکی بناسێندرێ خوا ئاسانی بکات لە داهاتوو سەرکەوتوو بن لە دونیاو قیامەت.

**براتان : باوکی حارث**

baukehars@hotmail.com